ژمارە (492) دووشەممە 2018/2/5 – 16ی ڕێبەندان 2717 (750) دینار

# 18 پەرلەمانتار داوای فلتەرکردنی ماڵپەڕە سێکسییەکان دەکەن

**ڕووداو – هەولێر**

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان پڕۆژە بڕیارێک بۆ فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکانی سەر ئینتەرنێت ئامادە دەکات. پڕۆژە بڕیارەکە بەناوی (فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا) ڕۆژی 2018/1/28 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە. پڕۆژە بڕیارەکە لە هەشت ماددە پێکهاتووە و 18 پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و پارتی و گۆڕان واژۆیان لەسەر کردووە و زۆربەیان پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامین. مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بە پڕۆژە بڕیارەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زۆریی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوژینەکان، هۆکار بووە بۆ ئەوەی بیر لەو پڕۆژە بڕیارە بکەنەوە. گەلاڵی گەشبینە بەوەی پڕۆژە بڕیارەکەیان لە پەرلەمان پەسەند بکرێ، "پشتیوان بەخوا دەکەینە بڕیار و پێگە سێکسییەکان فلتەر دەکەین". ئەیوب عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی واژۆی لەسەر پڕۆژە بڕیارەکە کردووە. بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو بەدواداچوون و پرسیارانەی لە دادگا و بنکەکانی پۆلیس کردوومە، پێگە سێکسییەکان گرفتی زۆر گەورەیان دروستکردووە، بۆیە بۆ کۆمەڵگایەکی وەک ئێمە، بەڵێ من لەگەڵ فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکانم".

«2

سەرۆکی جەهەپە:
## ئەگەر پرسی کورد چارەسەر نەکەم، وازدەهێنم
6

## حەشدی شەعبی لە کەرکووک زەوی دابەش دەکات
7

## عەبادی دەبێتەوە بە سەرۆکوەزیران؟
4

سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بۆ عەبادی:

# دەبێ 10 تریلیۆن دینار بدەنە هەرێمی کوردستان

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی عێراق:

**عەبادی لە قامووسی ئێمەدا نەماوە**

3



ئابووری 8

## نرخی سەگی پشدەر دەگاتە 50 هەزار دۆلار



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

## (ڕووداو) پرۆژەیەک بۆ چارەسەری شێرپەنجە ڕادەگەیەنێت

ژنان 12

## ژنێک منداڵە کەمئەندامەکەی بەجێدەهێڵێت



کۆمەڵایەتی 13

## 5147 کەس بەهۆی مۆبایل و فەیسبووکەوە سزا دراون





## بەغدا پەیوەندی 200 هەزار هاوبەشی تەلەفۆن لە کوردستان دەبڕێ

**ڕووداو - هەولێر**

بڕیارە نوێیەکەی بەغدا بە پچڕاندنی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان کۆمپانیاکانی کۆڕەک و ئاسیا و زێن لەگەڵ کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم و کوردتێل کە تایبەتن بە هێڵە نۆرماڵەکانی کوردستان کاریگەری کردووەتەسەر کاری دەزگا ئەمنییەکان و وای لێکردوون کە هەوڵی زیادکردنی هێز و دابینکردنی ژمارەی نوێ بدەن. بڕیارەکەی بەغدا پەیوەندییەکانی نزیکەی 200 هەزار هاوبەشی ئەو دوو کۆمپانیاییەی لەگەڵ هێڵەکانی مۆبایل لەناو هەرێمی کوردستان و عێراق ڕاگرتووە. ڕۆژانە زیاتر لە 5 هەزار کەس لەرێگەی 7 هێڵەوە بەهۆی ڕووداوی جۆراوجۆر پەیوەندیان بە فەرمانگەکانی حکومەتەوە دەکرد، بەڵام بڕیارە نوێیەکەی بەغدا وایکردووە بەدەگمەن لە دامو دەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان زەنگی تەلەفۆنەکان بێت.

## داوای فلتەرکردنی ماڵپەرە سێکسییەکان دەکەن

# پرۆژە بڕیارێک پارتی و گۆڕان کۆدەکاتەوە



Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler
No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
بەروار: 2018/01/28

بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بابەت/پڕۆژە بڕیار

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیاری پڕۆژە بڕیاری( فلتەرکردنی پێگە سێکسیەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاری گونجاوی بۆ بدرێ.

لەگەڵ ڕێزدا.

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| 1 | شکریە اسماعیل مصطفی | |
| 2 | نجیبة لطیف احمد | |
| 3 | حسین اسماعیل حسین (م.وان گەڵاڵی) | |
| 4 | [illegible] | |
| 5 | [illegible] | |
| 6 | ابوبکر عمر عبدالله | |
| 7 | انس محمد شریف | |
| 8 | [illegible] | |
| 9 | ایوب عبدالله رسول احمد | |
| 10 | [illegible] | |
| 11 | [illegible] | |
| 12 | [illegible] | |
| 13 | [illegible] | |

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو - هەولێر**

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان پرۆژە بڕیارێک بۆ فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکانی سەر ئینتەرنێت ئامادە دەکات و سەرۆکی فراکسیۆنەکەش دەڵێت پەرلەمانتاری زۆربەی فراکسیۆنەکان واژیان لەسەر کردووە "پشتیوان بەخوا دەیکەینە بڕیار و پێگە سێکسییەکان فلتەر دەکەین". بەڵام پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە ئەگەر بڕیارەکەش دەربچێت، جێبەجێکردنی لە کوردستان ئاسان نییە "چونکە چەندین ڕێگە هەیە بۆ کردنەوەی ئەو پێگانە".

پرۆژە بڕیارەکە بەناوی (فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا) ڕۆژی 2018/1/28 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە. پرۆژەکە لە هەشت مادده پێکهاتووە و 18 پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و پارتی و گۆڕان واژۆیان لەسەر کردووە و زۆربەیان پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامین.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بە پرۆژە بڕیارەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زۆریی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوژینەکان، هۆکار بووە

> **بە قەناعەتەوە واژۆم لەسەر پرۆژەبڕیارەکە کردووە**
> پەرلەمانتارێکی پارتی

بۆ ئەوەی بیر لەو پرۆژە بڕیارە بکەنەوە. گەڵاڵی گوتی "بەشێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی گەنج لە پێکهێنانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەو پێگە سێکسیانەیە کە بەبێ فلتەر دەچنە هەموو ماڵێک".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی گەشبینە بەوەی پرۆژە بڕیارەکەیان لە پەرلەمان پەسەند بکرێ، چونکە وەک ئاماژەی بۆ دەکات، لە عێراق و وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانیش پێگە سێکسییەکان فلتەر کراون و گوتی "پشتیوان بەخوا لە هەرێمی کوردستانیش ئەو پرۆژە بڕیارە دەکەینە بڕیار و پێگە سێکسییەکان فلتەر دەکەین".

گەڵاڵی بەدووری زانی کەس دژایەتی ئەو پرۆژە بڕیارە بکات "چونکە پرۆژەکە دژی هیچ کەس و لایەنێکی دیاریکراو نییە، هیوادارم هەمووان بە وردی بیر لەو گرفتانە بکەنەوە کە پێگە سێکسیەکان دروستیان کردووە ئینجا بڕیار بدەن".

ناردنی ئەو پرۆژە بڕیارە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێ، تەنانەت خودی پەرلەمانیش کێشەی هەیە، بۆ نموونە زیاتر لە مانگێک بەسەر دەستکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەماندا تێپەڕیوە و تا ئێستا قبوڵ نەکراوە، چونکە هیچ لایەنێک ئامادە نییە ئەو پۆستە وەربگرێ. بە قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی سەرۆکی پەرلەمانیش، بۆشایی یاسایی دروست دەبێ.

ئەیوب عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی واژۆی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە کردووە، پێیوایە پێگە سێکسیەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروستبوونی چەندین گرفتی کەسی و خێزانی. ئەیوب عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو بەدواداچوون و پرسیارانەی لە دادگا و بنکەکانی پۆلیس کردوومە، پێگە سێکسییەکان گرفتی زۆر گەورەیان دروستکردووە، بۆیە بۆ کۆمەڵگایەکی وەک ئێمە، بەڵێ من لەگەڵ فلتەرکردنی پێگە سێکسییەکانم".

بەڵام پەرلەمانتارێکی دیکەی هەمان فراکسیۆن بۆچوونێکی دیکەی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە هەیە. پەروا عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر ئەو بڕیارە دەریشبچێ، جێبەجێکردنی لە کوردستاندا زۆر زەحمەتە، چونکە فلتەرکردنی ئەو جۆرە پێگانە، ئاسان نییە، ئەگەر کەسێک لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت شارەزا بێت، چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ کردنەوەیان، بۆیە دەکرێت لە جیاتی ئەوە گرنگی بە بواری پەروەردە بدرێ".

بەشێک لە پەرلەمانتارانی پارتیش واژیان لەسەر پرۆژە بڕیارەکە کردووە، حەیات مەجید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت کە بە قەناعەتی تەواوەوە واژۆی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە کردووە و دەڵێت: "بۆ پاراستنی نەوەکانمان لە کێشەی کۆمەڵایەتی و هەندێ نەخۆشی، پێویستە ئەو پێگانە فلتەر بکرێن، ئێمە باس لە قەدەغەکردنی تەواوەتی ناکەین، بەڵکو دەڵێین پێویستە ئەو پێگانە بە یاسایەک ڕێکبخرێن، بۆ هەندێ توێژی کۆمەڵگا ئەو پێگانە فلتەر بکرێن زۆر باشە".



## 20 ملیۆن دۆلار دەخرێتە خزمەتی پرۆژەکە

# (ڕووداو) پرۆژەی "هێڤی" بۆ چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە ڕادەگەیەنێت

**ڕۆژین مەهدی**
**ڕووداو - هەولێر**

لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا، دیسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداو بە هاوکاریی سندوقی کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە پرۆژەیەک بە ناوی "پرۆژەی هێڤی" بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە ڕادەگەیەنێت و (ڕووداو) دەبێتە سپۆنسەری میدیایی پرۆژەکە.

بەپێی پرۆژەکە، سندوقی کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە بڕی 20 ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە تەرخان دەکات و تۆڕی میدیایی ڕووداویش سپۆنسەری میدیایی پرۆژەکە دەبێت.

د. دارا ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە دەڵێت ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە قورسایی دارایی چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەکەوێتە ئەستۆی کەسوکاری تووشبووانی شێرپەنجە، بەڵکو سندوقی کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە لە ئەستۆی دەگرێت. د. دارا دەڵێت، لەگەڵ (ڕووداو) پلانێکی ستراتیژیی درێژخایەنیان دارشتووە، ساڵی یەکەم 20 ملیۆن دۆلار بۆ سەرخستنی پرۆژەکە تەرخان کراوە.

د. هونەر ڕێبوار پرۆدیوسەر لە دیسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەڵێت پرۆژەی هێڤی چوار قۆناغ لەخۆدەگرێت و یەک ساڵ دەخایەنێت. لە قۆناغی یەکەمدا چارەسەری تووشبووان دەکرێتە پێشینە.

تووشبووانی شێرپەنجە لە ڕێگەی کەسوکاریانەوە ناوی خۆیان لە بانەرێکی تایبەت بە پرۆژەکە لە پۆرتاڵی ڕووداو تۆمار دەکەن و دۆکیومێنتەکانیان هاوپێچ دەکەن، پاشان لە ڕێگەی سندوقی شێرپەنجەوە پەیوەندییان پێوەدەکرێت و کات و شوێنی بینینی نەخۆشیان پێدەگوترێت. د.هونەر دەڵێت چارەسەرەکان لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەخرێنە ئەستۆی پرۆژەکە.

د. دارا ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە دەڵێت ئەوانەی کە ناتوانن ئۆنلاین دۆکیومێنتەکانیان بنێرن، لە ئۆفیسی سندوقی شێرپەنجە لیژنەیەک پێشوازییان لێدەکات، یان دەتوانن سەردانی نەخۆشخانەکانی نانەکەلی لە هەولێر، هیوا لە سلێمانی و ئازادی لە دهۆک بکەن.

قۆناغی دووەمی پرۆژەی هێڤی بە گوتەی د. هونەر پلانێکی گشتگیرە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی. سندوقی شێرپەنجە لە ماوەی ساڵێکدا، لەژێر سەرپەرشتیی دیسکی تەندروستی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) پلانێکی هۆشیاریی تەندروستی پەیڕەو دەکات، (ڕووداو) بەگشتی هاوکار دەبێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی لە بارەی شێرپەنجە و جێبەجێکردنی پلانی درێژخایەنی هۆشیاریی تەندروستی کە سندوقی کۆمەکی تووشیووانی شێرپەنجە پەیڕەوی دەکات.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان دێسکی تەندروستی تۆڕی میدیایی ڕووداو و ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە، هێڤی پشتگیری لە توێژینەوە لە شێرپەنجەش دەکات لەکاتێکدا توێژینەوە بەگشتی و توێژینەوە لە شێرپەنجە بەتایبەتی، لە باشووری کوردستان لاوازن.

لەکاتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکەدا ئیمەیڵێکی تایبەت دانراوە بۆ وەرگرتنی ئەو توێژینەوانەی لەسەر شێرپەنجە کراون، یان ئەو پرۆپۆزەڵانەی کە دەیانەوێت توێژینەوە لەبارەی شێرپەنجەوە بکەن، بۆردێکی ئەکادیمی و زانستی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، سەرپەرشتی توێژینەوەکان دەکەن.

لە قۆناغی چوارەمدا "پێشگیریکردن لە شێرپەنجە" بەپێی ڕێکارە جیهانییە پەیڕەوکراوەکان دەبێتە سەرمۆری پرۆژەکە. د.دارا ڕەشید دەڵێت هەر چوار قۆناغەکە بە هاوتەریبی بەڕێوەدەچن، (ڕووداو) و ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە دەیانەوێت لە ماوەی ساڵێکدا بگەنە زۆرترین هاووڵاتی بۆ پاراستنیان لە هەڕەشەکانی شێرپەنجە.

# بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە خۆکوشتنی ئەفسەرەکەی دەکۆڵێتەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - هەولێر**

ئەو ئەفسەرەی پۆلیس کە شەوی سێی ئەم مانگە خۆی کوشت، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنرابوو بۆئەوەی دادگایی بکرێ، بەڵام وەزیری ناوخۆ ئەو داواکارییەی ڕەتکردبووەوە.

شەوی 2018/2/3 تەرمی مولازمی یەکەم ڕاستی ئەحمەد، تەمەن 31 ساڵ، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە. ئەگەرچی هێشتا لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەبارەی ڕووداوەکە لە قۆناغی سەرەتاییدان، بەڵام دەگوترێ ڕاستی خۆی کوشتووە.

ڕووداوەکە هەر زوو بەسترایەوە بە "کێشەیەکی شەخسی"، لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی، بەڵام بەڕێوەبەرەکە ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە. ڕاستی قوتابی ماستەر بوو لە بەشی کارگێڕی لە قوبرس، بەنیاز بوو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بچێتەوە قوبرس بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا.

هاوڕێیەکی ڕاستی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستی ئەو ماوەیە بەهۆی دەمەقاڵەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی، زۆر بێ تاقەت بوو. دواتر دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە داوای پەیوەندی لە بەڕێوەبەرەکەی کردووە. ئەمەش ڕاستیی ڕووخاند، چونکە ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نەبوو، ئەو قسەڵۆکانە زۆر دووربوون لە کەسایەتیی ئەو".

سەبارەت بەهۆکاری خۆکوشتنی ڕاستی، هاوڕێکەی دەڵێت: "ئەو ڕووداوە زیاتر لە مانگێکە

> **لە گوڵ کاڵترم بە ملازم ڕاستی نەگوتووە**
> عەقید لەمیعە

> **بوختانیان بۆ کرد، بۆیە خۆی کوشت**
> هاوڕێیەکی ڕاستی

ڕوویداوە، من ناتوانم سەد لە سەد بڵێم هۆکاری خۆکوشتنی ڕاستی بەهۆی ئەو قسانەوە بووە، ناشتوانم بڵێم ئەوە هۆکار نەبووە، چونکە هەموو مرۆڤێک هەندێک شت لەدڵیدایە بە هاوڕێ نزیکەکانیشی ناڵێت".

هاوڕێیەکی دیکەی ڕاستی کە خزمیشیەتی، لەبارەی ڕووداوەکەوە دەڵێت: "ڕاستی کەسێکی بوێر و زیرەکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بوو، بۆیە دژایەتییەکی زۆر دەکرا، تا کار گەیشتە ئەوەی بوختانی بۆ بکەن. بوو بە قسە و قسەڵۆک گوایە ڕەفزی وەرگرتووە، لە کاتێکدا بەڕێوەبەرەکەی لە تەمەنی ئەودا نییە و زۆر لە خۆی گەورەترە. ئەم بوختانە بە تاکە هۆکاری خۆکوشتنی ڕاستی دەزانم".

بە گوتەی ئەو هاوڕێیەی، ڕاستی بەر لەوەی خۆی بکوژێ، تەلەفۆنی بۆ دایکی کردووە، پاشان هەر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی لە گوندی ژاڵەناو گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە.

ئەحمەد حەمەئەمین، باوکی ڕاستی کە کەسایەتییەکی دیاری دەربەندیخانە، بە ( ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەم نازانین، چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسین، تا ئەوکات نامانەوێت هیچ بڵێین و جارێ سکاڵاش لەسەر کەس تۆمار ناکەین". عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە خۆکوشتنی ئەو ئەفسەرە بەوەوە دەبەستنەوە. عەقید لەمیعە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوەی لەبارەی پەیوەندی من و ملازم ڕاستییەوە دەگوترێ، هەموو قسە و قسەڵۆکە. ئەو پێش مانگێک هاتە ژوورەکەی من و هەڵەی بەرامبەر من کرد، زیاتر هەڵچوونێک بوو، بەڵام ئێمە بەهیچ شێوەیەک لیژنەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر پێکنەهێنا، لە گوڵ کاڵتریشمان پێنەگوت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کردبوو ڕاستی ببرێتە بەردەم دادگا، بەڵام وەزیری ناوخۆ ئەو داواکارییەکەی ڕەتکردبووەوە.

## سکاڵایان تۆمار کردووە

# لە ئامێدی مامۆستایان دەڵێن پارەیان خوراوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - هەولێر**

لە قوتابخانەیەکی سەر بە پەروەردەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، چەند مامۆستایەکی وانەبێژ دەڵێن پارەیان لێ خوراوە، یەکێک لەو مامۆستایانە لە دادگا سکاڵای لەسەر بەڕێوەبەرەکەی تۆمار کردووە. بەڕێوەبەری پەروەردەی ئامێدیش ئاشکرای دەکات کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە.

هەفتەی ڕابردوو مووچەی مانگی 10ی مامۆستایانی وانەبێژ دابەشکرا، بەڵام بەشێک لەو مامۆستایانە لە پەروەردەی ئامێدی دەڵێن مووچەکەیان بە تەواوی نەدراوەتێ و بەشێکی لێ خوراوە. پێشوار شەوکەت، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە ناحیەی شیلادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "هەفتەی ڕابردوو پێیانگوتین مووچەی مانگی 10 هاتووە، ئێمە 11 مامۆستای وانەبێژین لە قوتابخانەکە، هەر یەکەمان 120 هەزار دینارمان وەرگرت، بەڵام لە وانەبێژەکانی دیکەمان پرسی لە قوتابخانەکانی دیکە، ئەوان گوتیان هەر یەکەیان 300 — 450 هەزار دیناری وەرگرتووە".

پێشوار یەکسەر تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرەکەی دەکات، ئەویش پێیدەڵێت هەر ئەوەندەتان بۆ هاتووە. پێشوار دەڵێت "دوای تەلەفۆنەکەی من، بەڕێوەبەرەکەمان چووبووە ماڵی هەندێک لەو 11 مامۆستایە، 200 هەزار دیناری دیکەی دابوونێ و پێیگوتبوون هەڵەیەک ڕوویداوە. دواتر کە بەدواداچوونمان کرد، بۆ هەریەکەمان 450 هەزار دینار هاتبوو، کەچی بەڕێوەبەرەکەمان نەیدابوو".

> **مووچەی 20 ڕۆژیان لێ خواردووم**
> مامۆستایەکی وانەبێژ

> **پارەکە دەگەڕێنینەوە**
> بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک

بەڵام مامۆستا (د.ئە) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە، ڕەتیکردەوە پارەی وانەبێژەکانی خواردبێ و بە (ڕووداو)ی گوت "لە 2017/10/2 دەوامی پەروەردە دەستیپێکرد، بەڵام لە قوتابخانەی ئێمە لە 17 و 18ی مانگی 10 مامۆستایان وانەیان گوتەوە، ئێمەش تەنیا مووچەی ئەو ڕۆژانەمان پێدان کە وانەیان گوتووەتەوە، پارەی زیاد هاتووە، بەڵام دەیگەڕێنینەوە بۆ حکومەت".

بەپێی نووسراوێک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، دوای ناڕەزایی مامۆستایان و بۆ ئەوەی ئەوکەیسە ئاشکرا نەبێ، لە چەند قوتابخانەیەکەوە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئامێدی کراوە کە پارەی زیادیان ناردووە و دەیگەڕێننەوە، بەڵام بەرپرسانی پەروەردەی ئامێدی دەڵێن هیچ پارەیەکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە.

عەلی حاجی محەممەد، سەرپەرشتیار لە پەروەردەی ئامێدی بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە کێشەیەکی دارایی لە چەند قوتابخانەیەک دروستبووە، تا ئێستا نووسراوی چوار قوتابخانەمان پێگەیشتووە کە مووچەی مامۆستایانی وانەبێژ بە دروستی دابەش نەکراوە، بەڵام بەشێک لەو هەڵەیە بۆ سەرپەرشتیاران دەگەڕێتەوە کە ئەوان سەردانی قوتابخانەکانیان نەکردووە بۆ ئەوەی بزانن کەی دەوام دەستی پێکردووە".

گوتیشی ئەوان ئاگاداری سکاڵای ئەو مامۆستایانەن و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دروستکردووە و "هەر کەسێک کەمتەرخەم بێ، سزا دەدرێ".

هەر لەوبارەوە ناسر محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای ئامێدی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەکو پەروەردە دەستیان بە بەدواداچوون کردووە، دەبێ پارە زیادەکە بگەڕێندرێتەوە خەزێنەی حکومەت.

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە ( 492 ) – دووشەممە 2018/2/5



## نووسینگەی مالیکی: دانوستاندنمان لەگەڵ پارتی نییە

**رووداو– هەولێر**

هیشام ڕەکابی، بەڕێوەبەری نووسینگەی نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانێتیی دەوڵەتی یاسا، لە راگەیێندراوێکدا ڕەتیدەکاتەوە هاوپەیمانێتییەکەیان هیچ جۆرە لێکتێگەیشتن یان دانوستاندنێکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبێت، لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی پێش یان پاش هەڵبژاردنەکان. ڕەکابی دەڵێت هاوشـێوەی پارتە کوردییەکانی دیکە پەیوەندییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردسـتان باشە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی. لەبارەی خواستی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران، ڕەکابی دەڵێت: "قسەکردن لەبارەی ناوی کەسایەتییەکان و کاندیدی کوتلەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران هێشتا زووە".

### سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بۆ عەبادی:

# دەبێ 10 تریلیۆن دینار بدەنە هەرێمی کوردستان

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

سـندوقی نێودەوڵـەتیـی دراو، داوای لـە حەیـدەر عەبـادی، سـەرۆکوەزیرانی عێـراق کـردووە لـە بودجـەی 2018 بـڕی "10 تریلیـۆن دینار بدرێتە هەرێمی کوردسـتان". پەرلەمانتارێکـی کوردیش لـە لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "ئەگەر حکومەتـی بەغدا بـەو داواکارییە قایل نەبێ، سومعەی عێراق لە ڕووی داراییەوە لای بانکی نێودەوڵەتی دەشکێ".

### بەغـدا چـۆن 10 تریلیـۆن دینـار دەداتە هەرێمی کوردستان؟

ڕۆژی شـەممەی ڕابـردوو 2018/2/3 پەرلەمانتـاران و سـەرۆکی فراکسـیۆنە کوردستانییەکان لە دوو کۆبوونەوەی جیاوازدا بـۆ ماوەی سـێ کاژێر و نیـو لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سـەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە. وەک سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکگرتوو دەڵێ "بە 10 شـێواز داوای ناردنـی مووچەمان لە عەبـادی کرد، عەبادی دەیگـوت تا وردبینی نەکرێ ناتوانم".

عەرەفـات کەرەم، سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتـی لـە پەرلەمانی عێراق بـە (رووداو)ی گوت: "داوای سـەقفی زەمەنیمان لە عەبادی کـرد بـۆ پێدانـی مووچـە بـە فەرمانبەرانی هەرێمـی کوردسـتان و کردنـەوەی هـەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی، بەڵام عەبادی گوتی ناتوانم بەڵێن بدەم!".

سـەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێـراق ئەوەشـی گـوت کـە "سـندوقی نێودەوڵـەتیـی دراو داوای لە عەبادی کردووە لە بودجەی ئەمسـاڵ دەبێ 10 تریلیۆن دینار وەکـو پشـکی هەرێمـی کوردسـتان بدەن". گوتیشـی "کاتێک لە عەبادیم پرسـی، چۆن مامەڵە لەگەڵ داواکەی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو دەکەن، وەڵامێکی ئەوتۆی پێ نەبوو". نەناردنی ئەو بڕە پارەیە لە لایەن عێراقەوە کە سـندوقی نێودەوڵـەتیـی دراو بۆ هەرێمی کوردسـتانی دیـاری کـردووە، ڕەنگە قورس لەسەر عێراق بکەوێ. وەک مەسعود حەیدەر، ئەندامی فراکسـیۆنی گۆڕان لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر بەغـدا پابەنـد نەبێ بـە داواکەی سـندوقی نێودەوڵـەتیـی دراو، ئـەوان بودجـەی عێراق پەسـەند ناکەن و سـومعەی عێراق لە ڕووی داراییەوە تێکدەشـکێ، بەشێوەیەک کۆمپانیا گـەورەکان و بانکەکان ناتوانن مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن".

مەسـعود حەیـدەر دەشـڵێت: "عێراق بۆ 2018 داوای 7 ملیـار دۆلاری وەک قـەرز لـە سـندوقی نێودەوڵـەتیـی دراو کـردووە و سـاڵانە حکومەتی عێراق قەرزی نێودەوڵەتی وەردەگـرێ، ئەگەر عێـراق پابەندی داواکانی بانکی نێودەوڵـەتی نەبێ، ڕەنگە باجەکەی بۆ عێراق قورس بێ".

بودجـەی عێراق بۆ سـاڵی 2018 کە 88 ملیـار دۆلارە، بەهـۆی ناکۆکیی سیاسـی و ڕازینەبوونـی کورد بە بەشـە بودجەکەی کە بەغدا 12.67%ی داناوە، نەک 17%. هێشـتا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند نەکراوە، بـەڵام پەرلەمانـی عێراق گوێی لـە داواکاری پەرلەمانتارانی کورد نەگرت و تاوەکو ئێسـتا دووەم خوێندنەوەی بۆ پرۆژە یاسـای بودجە کردووە.

ئەندامانـی کـورد لـە پەرلەمانـی عێـراق لەبـارەی پرسـی مووچـە و بەشـە بودجەی هەرێمی کوردسـتان لەگەڵ عەبادی یەکدەنگ بوون. موسـەنا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە (رووداو)ی گوت: "بە 10 شێواز بـە عەبادیمـان گـوت مووچەی کوردسـتان بنێـرە، هـەر دەیگـوت تاوەکـو ڕاپۆرتـی لیژنـەی وردبینی لە مووچـەی فەرمانبەرانی کوردسـتانم بـۆ نەیەت ناتوانـم. هەر کاتێک قسـە لەسـەر ناردنی مووچە دەکرا، عەبادی یەکسەر حاسـیبەکەی دەردەهێنا و دەیگوت ئەستەمە".

حەیدەر عەبادی، لەو کۆبوونەوەیەدا زیاتر لە جارێک باسـی ئەوەی کردووە کە تۆماری فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پاک نییە و بندیواری زۆری تێدایە و تاوەکو ئەو تۆمارانە وردبینـی تێـدا نەکـرێ و پـاک نەکرێتەوە، مووچە خەرج ناکرێ.

لـە کۆبوونـەوەی سـەرۆکی فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکاندا لـە ماڵـی عەبـادی بـە فراوانـی ئـەم مەلەفـە قسـەی لەسـەر کرا. موسـەننا ئەمیـن دەڵێـت: "بـە عەبادیمـان گوت: ئایا لیسـتی حەشدی شـەعبی پاکە؟ ئایـا لیسـتی وەزارەتەکانـی عێـراق پاکن؟ گوتـم بەڕێز عەبـادی، دوای ئەوەی بووی بە سـەرۆکوەزیرانی عێراق، یەکەمجار کە هاتیتە پەرلەمـان گوتت تەنیا لـە وەزارەتی بەرگری 50 هـەزار بندیـوار هەن. بۆیـە داوام لێکرد وەک سـولفەیەک مووچەی کوردستان بنێرێ و دواتر حیسابی لەسەر بکات".

### مالیکی دەبێتە بەدیل؟

بەپێـی ڕاپۆرتـی ڕێکخراوی شـەفافیەتی نێودەوڵـەتـی، عێـراق یەکێکـە لـە دەوڵەتە هـەرە لەپێشـەکان لـە ڕووی گەندەڵـی و ناشـەفافییەت. بـەڵام دوای کۆبوونـەوەی لەگـەڵ لایەنـە کوردسـتانییەکان، عەبـادی لـە ئەکاونتی خۆی ڕایگەیانـدووە کە "داوای کـردووە پەلە بکرێ لە وردبینیکردنی تۆماری مووچـەی فەرمانبەرانی کوردسـتان، تاوەکو مووچەیان خەرج بکرێ، بەڵام دەبێ گەرەنتی ئەوە بدرێ کە لە دابەشـکردندا شـەفافییەت هەبێ و شەڕی گەندەڵی بکرێ".

سـەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕەخنە لە قسـەکانی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق دەگـرێ و دەڵێت: "عەبـادی هەندێ قسـەی هەیە وەکو سیدی هەر کەسێ بڕواتە لای دووبارەی دەکاتەوە".

وەک عەرەفـات کـەرەم باسـی دەکات، پێدەچێ حیزبەکەی و لایەنە کوردستانییەکان کـە زیاتر لە دوو مانگە لە چەندین ئاسـتەوە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی پرسـی مووچەخۆرانی هەرێمـی کوردسـتان و کردنـەوەی فڕۆکەخانەکان چارەسـەر بکرێن، لە عەبادی بێ ئومێد بووبن، بۆیە دەڵێت "ئەوەی ڕاستی بێت، عەبادی لە قامووسی ئێمەدا نەماوە، لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عەبادی خوێنی کورد ڕژا، لانیکـەم لەسـەردەمی مالیکـی خوێنی کورد نەڕژا!".



دواوین کۆبوونەوەی عەبادی لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان

### سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی عێراق

**عەبادی لە قامووسی ئێمەدا نەماوە**

### پەرلەمانتارێک

**کاتێ باسی مووچەمان لەگەڵ عەبادی دەکرد حاسیبەکەی دەردەهێنا و دەیگوت ناکرێ**

### تەنیا 16 یاسا و 35 بڕیاری دەرکردووە

# ئەم خولەی پەرلەمان کەمترین یاسا و بڕیاری پەسەند کردووە

**هاوکار یاسین**
**رووداو – سلێمانی**

تەمەنـی خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان بەو دوو خولی دانیشتنەی بۆیشی درێژکرایـەوە بـەرەو کۆتایـی دەڕواتـ بـەڵام کەمترین یاسـای تێدا پەسەند کرا، بە بەراورد بە سێ خولی ڕابردووی پێش خۆی. لەو خولەدا تەنیا 16 یاسا و 35 بڕیار پەسەندکراون.

پەرلەمانتارێکـی پارتـی لەپـاڵ چەنـد هۆکارێکـی دیکە، دوو سـاڵ پەککەوتنی ئەم خولەی پەرلەمان بە هۆکاری سەرەکیی کەمی دەرچوونی یاسا و بڕیارەکان دەزانێت.

فرسـەت سـۆفی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لـە پەرلەمانی کوردسـتان پێیوایە دوو سـاڵ کارنەکردنی پەرلەمان و دروستبوونی کەشێکی ناجێگیـری سیاسـی پڕ لە ململانـێ هۆکاری سـەرەکین بۆ ئەوەی ئەم خولەی پەرلەمان لە ئاست چاوەڕوانی خەڵک و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستاندا نەبێت.

فرسـەت سـۆفی بـە (رووداو)ی گـوت "قووڵبوونـەوەی ململانـێ سیاسـییەکان تـا ئاستی موزایەدەی سیاسی، تەرکیزی تەشریعی پەرلەمانی لاواز کرد، بە شـتێکەوە سـەرقاڵی کردن کە ئەرکی ئەوان نەبوو".

فرسـەت سـۆفی پێیوایە سیسـتمی نیمچە کـراوە کە لـەو خولەی پەرلەمـان پەیڕەو کرا پێیوایـە هۆکارێک بوو بـۆ دابەزینی کواڵێتی پەرلەمـتن و وایکـرد ئەوانـەی بەهـۆی ئـەو سیسـتمەوە گەیشـتنە پەرلەمان لە ئاسـتی پێویسـتدا نەبـن. سـۆفی دەڵێـت "شـەڕی ڕاگەیاندن زاڵ بوو، لەبری خۆ تەرخانکردن بۆ کاری سەرەکیی پەرلەمانی و یاسادانان"

بـەڵام ئەندامێکـی فراکسـیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانـی کوردسـتان پێیوایە ژمـارەی ئەو یاسـا و بڕیارانەی پەرلەمان دەریکردوون کەم نین. خەڵـەف ئەحمەد ئەندامی فراکسـیۆنی یەکێتـی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان دەڵێت "ئەگەر بەراوردی مـاوەی کارکردنی پەرلەمان بکەین لەگەڵ خولەکانی دیکە ژمارەی ئەو یاسا و بڕیارانەی دەرمانکردووە کەم نین و یاسـای گرنگیش پەسەندکراو.

ئەو گرفتەکـە بەجۆرێکی دیکە دەبینێت و دەڵێت "ئێمە لە هەرێمی کوردسـتان کێشەی کەمـی یاسـامان نییـە، هێنـدەی کێشـەی جێبەجێکردنـی یاسـاکانمان هەیـە، بۆیـە پەرلەمـان بۆ لەمـەودوا لەبری ئـەوەی خۆی تەرخانبـکات بـۆ دەرکردنـی یاسـای نـوێ، باشـترە خۆی بۆ چاودێریکرنی ئەو یاسـایانە تەرخانبکات کە دەریکردوون، چونکە هیچیان وەک پێویست جێبەجێ ناکرێن".

خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان گەنجترین خولی ئـەو پەرلەمانە بوو لەوەتەی دامـەزراوە، بـەڵام هەر ئەمە خۆشـی بووەوە جێـگای ڕەخنـەی بەشـێک لـە خەڵـک کە ئەندامەکانـی بەهـۆی بێدەسـەڵاتیان لـە حیزبەکانیـان، هەروەهـا کـەم ئەزموونیان لە کاری پەرلەمانتاریدا، ناتوانن وەک پێویست لە پەرلەماندا بڕیار بدەن.

بەڵام ئەمە بـۆ پەرلەمانتارەکـەی یەکێتی پێچەوانەیە، چونکە دەڵێت خاڵی بەهێزی ئەم خولە زۆری ئەندامـە گەنجەکانی بوو، چونکە گەنجـەکان توانییان سەرکێشـی زۆر بکەن و هەندێک هەنگاو بنێن کە پێشتر لە پەرلەمانی کوردستاندا نەنرابوو.

خەڵـەف ئەحمـەد ڕەخنەی لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی خولی چوارەمی پەرلەمان هەیە و پێیوایە یەکێک بوون لە هۆکارەکانی سستی کارەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان. خەلـەف گوتـی "لە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونی ئەم خولـەی پەرلەماندا قسـە و گلەیمان لە ئەدای دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەبـوو، چەندینجار ئـەم گلەییانەمـان بەشـێوەی فەرمـی و نافەرمی گەیاندووەتە دەسـتەی سەرۆکایەتی و پێشـنیازمان خسـتووەتە بەردەسـتیان بـۆ باشـترکردنی کارەکان، بـەڵام بەداخەوە کـە جێبەجـێ نەکرا و گوێمـان لێڕانەگیرا کە هەر ئـەوەش بووە خاڵێکی لاوازی دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەڵام ئەم دەسـتەیەی ئێسـتا باشـترن و فۆرمێکی دیکەیـان هەیە، پێموایە دەتوانن باشتر کارەکان بکەن"

"جەعفەر ئیبراهیـم وەک لق مامەڵە لەگەڵ پەرلەمان دەکات"

بەڵام لای فراکسـیۆنی گۆڕان ئەم بۆچوونە پێچەوانەیـە چونکـە ئـەو کاتـەی پەرلەمان بـە سـەردەمی زێڕیـن دەبینـن کـە خۆیـان سەرۆکایەتیان دەکرد و ڕەخنەی توندیشیان لە دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا هەیە.

بێسـتون فایەق ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردسـتان بە (رووداو)ی گوت "سەرۆکایەتیی ئێستای پەرلەمان دەستەیەکی تەواو حیزبییە و کاک جەعفەر وەک لقی پارتی مامەڵە لەگەڵ پەرلەمان دەکات، خۆشی وەک بەرپرسی لقێک سەیری پەرلەمان دەکات، بۆیە ناتوانێت هەرگیز سەرکەوتوو بێت"

کەمـی دەرکردنی یاسـاکانیش بـۆ دۆخی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان دەگێڕێتـەوە، نەک ئەدای دەسـتەی سـەرۆکایەتی یان کەم ئەزموونی پەرلەمانتاران. بێستوون فایەق گوتی "پەرلەمان لە سەرەتاوە تاوەکو ڕێککەوتنەکان کرا و توانی کۆببێتەوە، شەش مانگی پێچوو. دواتریش 23 مانگ دەرگاکەی داخرا کە کاراش کرایەوە بەخراپی دەستی کردەوە بە کارکردن، بۆیە دەتوانین بڵێین لە چوار بەش سێ بەشی تەمەنـی بە ئیفلیجی بەڕێکرد و نەیتوانی وەک پێویسـت یاسـا و بڕیارەکان دەربـکات. ئەو ماوەیـەی کاری کـردووە هەر فریـای ئەوەندە دەکەوت".

ئـەم خولـەی پەرلەمانـی کوردسـتان کە خەریکـە تـەواو دەبـێ تەنیـا 16 یاسـای دەرکردووە، بەڵام لە خولی ڕابردوودا پەرلەمان 68 یاسـای دەرکردبوو، واتە سـاڵانە بە تێکڕا 17 یاسای دەرکردبوو.

**سیستمی نیمچە کراوە کواڵێتی پەرلەمانی دابەزاند**
فرسەت سۆفی

**جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەکو بەرپرسی لق مامەڵە دەکات**
بێستوون فایەق



پەرلەمان لە خولی ڕابردوودا 68 یاسای دەرکرد (فۆتۆ: رووداو)

ڕووداو
ژمارە ( 492 ) - دووشەممە 2018/2/5



## عێراق پلانی کەمکردنەوەی هەژاری ڕاگەیاند

**ڕووداو- بەغدا**

بەچاودێری سەرۆکوەزیرانی عێراق، لیژنەی باڵای ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕاگەیێندرا و شاندێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشداری ڕاگەیاندنی لیژنە باڵاکە بوون.لیژنەکە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاستەوخۆ سەرۆکایەتیی دەکات، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان دەست بەکارەکانیان دەکەن. مەهدی عەلاق، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی ئەم ستراتیژییە جیایدەکاتەوە ئەوەیە کە سندووقی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت و بودجەیەکی شیاوی بۆ تەرخاندەکرێت، ئەمەش بۆ بێکارەکان و هەژارەکانە و دەبێتە هۆی باشترکردنی ژیانیان".

## ناوی 60 داواکراوی تێدایە کە بەعسی و تیرۆریستن

# بەکر بەغدادی لە لیستەکەی بەغدادا نییە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 2018/2/4 هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناوی 60 کەسیان بڵاوکردەوە کە ئەندامی داعش، قاعیدە و حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی عێراقن. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێشی لیستەکە ئەوەیە ناوی سەرکردەی گەورەترین ڕێکخراوی توندڕەوی جیهانیی تێدا نییە کە گومان دەکرێت لە بیابانەکانی عێراق یان نزیک ڕووباری فورات لە سووریا خۆی شاردبێتەوە.

لیستەکە 28 داواکراوی داعش، 12 داواکراوی قاعیدە و 20 ئەندامی باڵای پێشووی حیزبی بەعسی عێراقی تێدایە. لەناو ئەندامانی پێشووی حیزبی بەعسدا ناوی ڕەغدی کچی سەدام حوسێن بەرچاو دەکەوێت کە ئێستا لە ئوردن نیشتەجێیە. جگە لە مەعن بەشوور، گومانلێکراوی لوبنانی، هەموو داواکراوەکانی دیکە خەڵکی عێراقن.

بەشوور لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی (فرانس پرێس) لەبارەی لیستەکەوە گوتی "ئەمە حیکایەتێکی کۆنە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەگەڕێتەوە، واتە ئەو کاتەی ئێمە بەشێک لە هێزی بەرگریی عێراق بووین. بەڵێ ئەوە ڕاستە کە ئێمە چالاکیمان لەدژی داگیرکاریی ئەمریکا ئەنجام دەدا".

حکومەتی عێراق چەند جارێک داوای ڕادەستکردنەوەی ڕەغد سەدام حوسێنی لە ئوردن کردووە، بەڵام حکومەتی عەممان ڕایگەیاندووە کە کچەکەی سەدام حوسێن لەژێر داڵدەی خێزانی شاهانەدایە. لە ئابی 2007 ئاژانسی ئینتەرپۆڵ (پۆلیسی نێودەوڵەتی) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ کچەکەی سەدام دەرکرد. ئینتەرپۆل ڕەغدی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە یارمەتی دارایی پێشکەش بە گرووپە عەرەبە سوننەکانی دژی حکومەتی عێراقی کردووە. لە سێ ساڵی ڕابردووشدا ڕەغد بە "داپیرەی تیرۆر" ناوی دەرکردووە و گومانی ئەوەی لەسەرە چەندین ملیۆن دۆلار سامانی خۆی بۆ یارمەتیدانی داعش بەکارهێنابێ.

ئەوەی لە لیستەکەدا جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە ناوی ئەبووبەکر بەغدادی، سەرکردەی ڕێکخراوی داعشی تێدا نییە. حاڵی حازر بەغدادی بە داواکراوترین پیاوی جیهان لەقەڵەم دەدرێت و دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کامیان دواجار بە زیندوویی یان بە مردوویی بەغدادی دەستبکەوێت.

(فرانس پرێس) سەبارەت بە هۆکاری نەبوونی ناوی بەغدادی پرسیاری لە بەرپرسێکی باڵای ئەمنی عێراقی کردووە، بەڵام بەرپرسەکە ئامادە نەبووە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات، تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە "ئەمانە ئەو تیرۆریستانەن لەلایەن دەزگای دادوەری و هێزە ئەمنییەکانەوە داواکراون. ئەوە یەکەمجارە ناوەکان بڵاودەکرێنەوە و تاوەکو ئێستا ناوەکانیان بە نهێنی ڕاگیرابوون".

ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم ئەلبەدری ئەلسامەڕایی، ناسراو بە ئەبووبەکر بەغدادی، لە ساڵی 2010ەوە سەرکردەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق (داع)ە کە لقی ئەلقاعیدە بوو لە عێراق. لە دوای فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی ڕێکخراوەکە بۆ سووریا، ناوی ڕێکخراوەکە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) گۆڕا. ڕێکخراوەکەی بەغدادی بەرپرسیارە لە کوشتن، ڕفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر دەیان هەزار هاووڵاتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی عێراق و کوردستان سێ جار توانیویانە شوێنی بەغدادی دەستنیشان بکەن. یەکێک لەو جارانە لە ڕۆژی سێی تشرینی دووەمی 2016 بووە، واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەی ئەو تۆمارە دەنگییەی کە تێیدا داوای لە چەکدارانی داعش و خەڵکی مووسڵ دەکرد، بەرگری لە شاری مووسڵ بکەن. ئەو کات ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری مووسڵ 18 ڕۆژ بوو دەستیپێکردبوو.

بەرپرسێکی باڵای دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان لەبارەی ڕووداوەکەوە بە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی گوتووە "بەغدادی بۆ ماوەی 45 چرکە لەسەر بێسیمێک قسەی کرد و دواتر پاسەوانەکانی بێسیمەکەیان لەدەست ڕفاند".

بە گوتەی بەرپرسە کوردەکە، پێدەچێت داعشەکان "زانیبێتیان چ هەڵەیەکیان کردووە". ئەوکات بەغدادی لە گوندێکی نێوان ڕۆژئاوای مووسڵ و تەلەعفەر بووە، زانیاریدەرە ئەمنییەکانی کوردستان تووشی شۆک ببوون کاتێک دەنگی بەغدادییان بە سافی لەسەر بێسیمەکە بیستبوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی گاردیەن، لەدوای ئەو ڕۆژەوە بۆ ماوەیەک زانیاریدەرەکانی هەواڵگریی عێراق و کوردستان توانیبوویان شوێنەکانی هاتوچۆی بەغدادی بزانن، بەڵام پاسەوانەکانی بەغدادی زانیبوویان شوێنی سەرکردەکەیان ئاشکرا بووە، بۆیە بەپەلە دووریانخستەوە.

بەشی زۆری گومانلێکراوەکانی داعش ئەوانەن کە تۆمەتبارن بەوەی لە شەڕی مووسڵ و پارێزگای نەینەوا، کەرکووک، دیالە و ئەنبار شەڕی هێزە عێراقییەکانیان کردووە.

لوتکەی دەسەڵاتی داعش لە نێوەڕاست تاوەکو کۆتایی 2014 بوو، کاتێک ڕێکخراوەکە دەستی بەسەر یەک لەسەر سێی خاکی عێراقدا گرت. بەشی زۆری ئەوانەی ناویان لە لیستەکەدا هاتووە تۆمەتبارن بەوەی دەستیان لە کوشتنی خەڵک، دانانەوەی بۆمبی چێنراو و هێرش بۆ سەر هێزە ئەمنییەکاندا هەبووە، یان لەڕووی داراییەوە یارمەتیی داعشیان داوە.

لە لیستەکەدا ناوی فەواز محەممەد، یەکێک لە بەرپرسانی هێزە فیدائییەکانی سەدام حوسێن بەرچاو دەکەوێت. فەواز محەممەد یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازیی داعش بووە.



لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی عێراق و کوردستان سێ جار توانیویانە شوێنی بەغدادی دەستنیشان بکەن

# عەبادی دەبێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق؟

**ئاسۆ فیشەکی و مستەفا گۆران**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ زیاتر نزیکبوونەوەی وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە 12ی ئایاری داهاتوو بەڕێوەبچێت، نەخشەی هاوپەیمانێتییەکان و گۆڕەپانی سیاسیی عێراق زیاتر دەشڵەژێت. ئێستا بە فەرمی 27 هاوپەیمانی لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمارکراون، بەڵام ڕۆژانە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئەو هاوپەیمانێتیانەدا ڕوودەدات، زۆرترین سەرنجیش لەسەر "هاوپەیمانیی نەسر"ە بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی کە هەر زوو دوو بەهێزترین هاوپەیمانەکانی (هاوپەیمانی فەتحولموبینی حەشدی شەعبی و هاوپەیمانیی ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەممار حەکیم) لێی کشانەوە، بە ڕادەیەک ئێستا عەبادی لاواز دیارە.

دیارترین ئەو کیان و لایەنانەی لە نێو هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی ماونەتەوە بریتین لە حیزبی فەزیلە، ڕەوتی ئیسڵاح بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری، موستەقیلوون، بەدر ئەلفەحل لە پارێزگای سەڵاحەدین، خالید عوبەیدی لە نەینەوا.

جاسم محەممەد بەیاتی، سەرۆکی یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراق کە حیزبەکەی بەشێکە لە هاوپەیمانیی نەسری عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕاستە لایەنە گەورەکانی وەک فەتح و حیکمە کشانەوە، بەڵام ئێمە گەشبینین بە دەنگەکانی سەرۆکوەزیران. ئەو لایەنانەی کە کشانەوە لە پشکی سەرۆکوەزیرانیان دەبرد و هیچیان پێنەدەدا، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەو زیادەی کە بۆ فەتح یان حیکمە دەچوو، ئێستا دابەش دەبنە سەر کاندیدانی حیزبی دەعوە کە لە لیستی هاوپەیمانێتی نەسر خۆیان کاندید دەکەن، ئێمە لە بەغدا پێشبینیمان دەکرد کاندیدانی دەعوە سێ کورسی ببەنەوە، بەڵام ئێستا پێشبینی 6 یان 7 کورسی دەکەین". گوتیشی: "ژمارەی کورسییەکانی نەسر هێندەی ژمارەی ئەو کورسییانە نابێت کە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ فەتح و حکیمە بەدەستی دەهێنان، بەڵام ئێستا ژمارەی کاندیدە نزیکەکان لە سەرۆکوەزیران زیاتر دەبن".

بەڵام جاسم بەیاتی نایشارێتەوە کشانەوەی هاوپەیمانێتییەکان بێ کاریگەری نابێ و دەڵێت: "بەداخەوە دەرگامان واڵا کرد بەبێ ئەوەی هاوسەنگی هەبێت. کشانەوەی ئەو لایەنانە هاوپەیمانێتی نەسری تووشی شێوەیەک لە سەرلێشێوان کرد".

سەبارەت بە ژمارەی دەنگەکانی هاوپەیمانێتی نەسر، بەیاتی دەڵێت: "هاوپەیمانیی نەسر ناتوانێ هێندەی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا لە هەڵبژاردنی 2014 کورسی بێنێت کە 104 کورسی بوو، بەڵام زۆرینە دێنێ، چونکە زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان دابەش بوون بەسەر چەند ئاراستەیەک، شیعە دابەش بوون بەسەر فەتح و حیکمە و ئیستیقامە و موستەقیلوون، سوننەش بەهەمانشێوە دابەشبوون، تەنانەت برایانی کوردیش دابەش بوونەتە سەر زیاتر لە ئاراستەیەک".

هەرچەندە بەیاتی پێشبینی دەکات هاوپەیمانێتییەکەیان زۆرینە بهێنێ، بەڵام زۆرینەیەک نا بتوانێ حکومەت پێکبێنێ کە پێویستی بە نزیکەی 165 کورسی هەیە. بەیاتی دەڵێت: "کەس ئەو ژمارەیە بەدەستناهێنێ، بۆیە پێویستە دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانی ببەسترێت بۆ گەیشتن بەو ژمارە کورسییە، ئەمەش ئاسان نییە، ڕاستە نەسر لەوانی دیکە زیاتر دێنێ، بەڵام زۆرینەیەک دەبێت بە جیاوازییەکی کەم، دەتوانم بڵێم 55 یان 56 کورسی و ئەوانی دیکە 45 یان 48 کورسی، بۆیە هەر دەبێ هاوپەیمانێتییەک هەبێت زیاتر لە ئاراستەیەک کۆبکاتەوە، شیعەش ناتوانن بە تەنیا ئەو هاوپەیمانێتییە پێکبهێنن، بۆیە دەبێ پێکهاتەکانی دیکەی تێدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێ 170 کورسی کۆبکاتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت".

جاسم محەممەد بەیاتی کە بە نزیک لە حەیدەر عەبادی ناودەبرێت، پێیوایە "یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لە دەسەڵاتی حیزبی دەعوە دەبێت و گۆڕینی کاندیدیش هەر لای خۆی دەبێ".

ئەو لایەنانەی لە هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی کشاونەتەوە، هۆکارەکەی بۆ بێبەڵێنیی عەبادی دەگەڕێننەوە. فالح خەزعەلی، سەرکردەی دیاری حەشد و پەرلەمانتاری ڕەوتی حیکمە بە (ڕووداو)ی گوت: "هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەکە پابەندنەبوونی عەبادیە بە بەڵێنەکانی". هەروەها دەڵێت: "ئێمە دەمانەوێ لەم هەڵبژاردنە حەجمی خۆمان بزانین، نەوەک دواتر بڵێن بەهۆی عەبادییەوە دەنگیان هێناوە".

بەپێچەوانەی ڕەوتی حیکمە، پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتی حەشد و ڕەوتی حیکمە لە قازانجی عەبادی دەبینن و دەڵێن چانسی دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی زیاتر دەبێت.

جاسم محەممەد جەعفەر، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حەیدەر عەبادی ئەو کەسەیە کە زۆرترین چانسی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران بەمەرجێک هەر لەگەڵ دەوڵەتی یاسا بمێنێتەوە".

شرۆڤەکارێکی سیاسی پێیوایە ئەو هاوپەیمانێتیانەی دروستکراون لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و دیدی سیاسی یەکگرتوو نین، بەڵکو هاوپەیمانێتی دواساتن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ دروستکراون.

یەحیا کوبەیسی، شرۆڤەکاری سیاسی عێراقی، ئەیاد عەلاوی و عەبادی بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "چەند لایەنێک بوونە هاوپەیمانی ئەیاد عەللاوی، وا دیارە پێیانوایە عەلاوی لانیکەم دەتوانێ لە بەغدا دەنگێکی زۆر بهێنێت و بەڕێگەی ئەو دەنگانە دەتوانن بچنە پەرلەمان، چەند لایەنێکی دیکە چوون بۆ لای بەڕێز عەبادی بە هەمان هۆکار، بۆیە هۆکاری دروستبوونی ئەو هاوپەیمانێتیانە هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگە". بەبڕوای کوبەیسی هۆکارێکی دیکەی هاوپەیمانێتییەکان لایەنی داراییە "چونکە بەردەوام ئەوانەی داراییان بەهێزە دەبنە جێی سەرنجی حیزبەکانی دیکە".

لە 2005 بەدواوە کە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەچوو، پۆستی سەرۆکوەزیران کە باڵاترین پۆستی عێراقە لە دەستی حیزبی دەعوە دەرنەچووە، یەکەم سەرۆکوەزیران ئیبراهیم جەعفەری بوو، پاشان مالیکی هات کە دوو خول سەرۆکوەزیران بوو، ئێستاش حەیدەر عەبادی کە چاوی لەوەیە جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران.

یەحیا کوبەیسی پێیوایە سیستمی سیاسیی عێراق پۆستی سەرۆکوەزیرانی بۆ شیعە یەکلایی کردووەتەوە، ئەگەریش هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بۆ شیعە بێت و هیچ کەسێکی دیکە نەتوانێ گرەو لەسەر بەدەستهێنانی ئەو پۆستە بکات، بۆیە هەر لە نێو هاوپەیمانێتییەکانی شیعە دەمێنێتەوە.

ئەو شرۆڤەکارەی عێراق دەڵێت: "لە نێو شیعە یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران بەند نییە بە ژمارەی دەنگەکانەوە، بەڵکو بەندە بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان. شێوازی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لە ساڵانی 2010 و 2014 باشترین نموونەن، بەڵام ڕۆڵی ئێران کاریگەرترینە و بیرمانە لە ساڵی 2014 کە نووری مالیکی قایل نەبوو حەیدەر عەبادی ببێتە سەرۆکوەزیران، ئێران گوشاری خستە سەری و ناچاری کرد دەستبەرداری ئەو پۆستە ببێ".

کوبەیسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران یەکلایی دەکاتەوە ئێرانە و دەڵێت: "لەم هەڵبژاردنەدا لیستێک هەیە بە ئاشکرا ئێرانییە، ئەویش هاوپەیمانێتی فەتحولموبینی حەشدی شەعبییە کە خاوەن بڕیاری خۆی نییە، بەڵکو نوێنەری ویستی ئێرانە و پاڵپشتی کەسێک دەکات کە ئێران بیەوێ، تەنانەت کە بووە هاوپەیمانی عەبادی، بەڵگەی ئەوەیە ئێران دەیەوێ حەیدەر عەبادی ببێتەوە سەرۆکوەزیران، سەبارەت بە مالیکیش ئاشکرایە کە ڤیتۆی سیستانی لەسەرە و ناتوانێ ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران".

سەبارەت بە کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق یەحیا کوبەیسی دەڵێ: "مەحاڵە کورد هاوشێوەی هەڵبژاردنی ساڵی 2014 کورسی بهێننەوە، پێشبینی دەکرێت چەند کورسییەک لەدەست بدەن، بەتایبەتی لە کەرکوک کە قەبارەی ڕاستەقینەی کورد 6 کورسییە نەک 8 کورسی، لە هەڵبژاردنی 2014 کورد لە نەینەوا 8 کورسی بەدەستهێنا، بەڵام زۆر بەگومانم ئەمجارەیان بتوانن هەمان ژمارە کورسی ببەن، بۆیە پێشبینی دەکەم کورد لەم هەڵبژاردنە 6 تاوەکو 8 کورسی لەدەستبدەن".

سوننەکان کە پێشتر هەموو هەوڵێکیان دواخستنی هەڵبژاردن بوو، دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن، خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئامادە دەکەن، چونکە لەوە گەیشتوون کە ناتوانن ململانێی شیعەکان بکەن.

ئەیاد جبووری پەرلەمانتاری دیاری هاوپەیمانی عێراقییە بە (ڕووداو)ی گوت "عەبادی بەڵێنی داوە پێش هەڵبژاردن زۆرترین ئاوارە بگەڕێنێتەوە و ناوچەکانیان ئاوەدان بکاتەوە. هیواداریین سەرۆکوەزیران بەڵێنەکانی بباتە سەر ئەگەرنا هیچ متمانەیەکمان بەو نامێنێ، بەڵام ئامادەشین بۆ هەڵبژاردن.

یەحیا کوبەیسی

> مالیکی ڤیتۆی سیستانی لەسەرە و ناتوانێ ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران

> "ڕەنگە کورد لەم هەڵبژاردنە 6 تاوەکو 8 کورسی لەدەستبدەن"



### لە دوو هەفتەی داهاتوودا

# بەشێکی دیکەی شەقامی 120 مەتری دەکرێتەوە

**رووداو – هەولێر**

بە ستاف و کەرەستەی سەد لەسەت خۆماڵی، شەو و رۆژیان خستووەتە سەر یەک، بۆ ئەوەی گەورەترین پرۆژەی رێگەوبان لە کوردستان تەواو بکەن، ئەویش شەقامی بازنەیی خێرایە بە چواردەوری هەولێردا کە بە شەقامی 120ی ناسراوە. سەرپەرشتیاری پرۆژەکە رایگەیاند کە لە دوو هەفتەی داهاتوودا بەشێکی تازەی شەقامەکە دەکرێتەوە و بەشێکی سێیەمیشی کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێ.

شەقامی بازنەیی 120 مەتری، درێژییەکەی 38 کیلۆمەترە، بڕیارە بە سێ قۆناغ تەواو بکرێ، لەلایەن کۆمپانیایەکی خۆماڵی کە هێمن گرووپە و لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی بەناوی ئیکینجیلەر دروست دەکرا، بەڵام کۆمپانیا تورکییەکە کە بەشێکی کەمی پرۆژەکەی لە ئەستۆ بوو، ماوەی سێ ساڵە پرۆژەکەی بە تەواونەکراوی جێهێشتووە.

درێژیی شەقامەکە لە رێگەی شەقڵاوە تاوەکو رێگەی کەرکووک، 11 کیلۆمەترە، ئێستا بەشێکی تەواو بووە، ئەمیر عەبدولخالق سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە (رووداو)ی گوت "بەشی دووەمی پرۆژەکە کە لە رێگای شەقڵاوە بۆ رێگای کۆیەیە، تەواو بووە و بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا بکرێتەوە".

بەگوتەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، تێچووی ئەو بەشەی ئێستا کاری تێدا دەکرێ 147 ملیۆن دۆلارە و ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە 1250 رۆژە، بەڵام بە کەمتر لەو ماوەیە تەواو دەکرێ. ئەمیر عەبدولخالق گوتی: "ئەو بەشەی پرۆژەکەمان کرد بە دوو بەش، بۆ ئەوەی شوفێران زووتر سوودی لێوەربگرن، بەشی یەکەم لە رێگای شەقڵاوە بۆ کۆیە کە تەواو بووە، بەشی دووەمیش کە لە رێگەی کۆیە بۆ رێگەی کەرکووکە، تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێ، چونکە قورسترین بەشی پرۆژەکە کە کاری خۆڵکارییە 80%ی تەواو بووە".

بەشێکی دیکەی پرۆژەکە (لە رێگای مووسڵ بۆ رێی شەقڵاوە) کە درێژییەکەی 16 کیلۆمەتر بوو، لەگەڵ چوار کیلۆمەتر لە رێگەی هەولێر-زاخۆ بە گوژمەی 165 ملیۆن دۆلار بە هەمانشێوە لەلایەن کۆمپانیای هێمن گرووپ جێبەجێ کراوە و لە رۆژی 2017/2/5 کرایەوە، بەڵام ئەو بەشەی کە لە رێگەی کەرکووک بۆ مووسڵە و لەلایەن کۆمپانیای ئیکینجیلەری تورکی لە ساڵی 2009وە کاری تێدا دەکرا، 75%ی تەواو بووە و ماوەی سێ ساڵە کارکردن تێیدا وەستاوە. تێچووی ئەو بەشە 140 ملیۆن دۆلارە و کۆمپانیاکە بەشێکی زۆری پارەکەی وەرگرتووە.

سەبارەت بە تەواوکردنی کارەکانی کۆمپانیا تورکییەکە، ئەمیر عەبدولخالق گوتی :"پرۆژەکە کە لەلایەن شارەوانییەوە دراوەتە کۆمپانیا تورکییەکە، هێشتا لێی وەرنەگیراوەتەوە، دەبێ گرێبەستەکەی هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەگەر داوایان لێکردین، دەتوانین تەواوی بکەین".

بە گوتەی بەڕێوەبەری پرۆژەی شەقامی 120 مەتری لە کۆمپانیای هێمن گرووپ، بە تەواوبوونی پرۆژەکە، شوفێر دەتوانێ بە ماوەی 22 خولەک بە دەوری هەولێردا بسووڕێتەوە.

تێچووی بەشی یەکەمی پرۆژەی شەقامی 120 مەتری 165 ملیۆن دۆلار بووە، بەشی دووەمیشی 147 ملیۆن دۆلارە. ئەمیر عەبدولخالق دەڵێت: "لەو 312 ملیۆن دۆلارە، تاوەکو ئێستا هیچمان وەرنەگرتووە". بەڵام دەڵێت دەتوانن پرۆژەکە تەواو بکەن، خاوەنی کۆمپانیاکەش ناچار بووە بەشێک لە موڵک و پرۆژەکانی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە بفرۆشێ. تایبەتمەندییەکانی شەقامەکە ئەوەیە ترافیک لایت، پێچکردنەوە، لادانی نییە و هەموو ئەوانە بە بەرزەپرد و پردی لادانەوە چارەسەر کراون. 15 ئۆڤەر پاس و 11 ئەندەر پاسی هەیە. پانیی هەر سایدێکی 15 مەترە و سێ رێڕەوی رۆیشتنی ئۆتۆمبێلی هەیە. دوو باریکە شەقامی خزمەتگوزاریشی هەیە. پرۆژەکە بە جۆرێک دروستکراوە بەرگەی هاتوچۆی زۆر و قورس بگرێ.

ئەمیر عەبدولخالق دەڵێت: "دیزاینی پرۆژەکە بۆ 25 ساڵ دروستکراوە و رۆژانە 6000 – 7000 ئۆتۆمبێل بەسەریدا هاتوچۆ دەکەن، شەقامەکە بەرگەی 40 تۆن بار لەسەر هەر ئەکسڵێکی بارهەڵگر دەگرێ".

پرۆژەکە هەلی کاری بۆ 580 – 630 کەس رەخساندووە، بە گوتەی بەڕێوەبەری پرۆژەکە 100%ی کارمەندان و ئەندازیار و کرێکارانی پرۆژەکە خۆماڵین.


بە تەواوبوونی شەقامەکە دەتوانی بە 22 خولەک بە چواردەوری هەولێردا بسووڕێیتەوە

**لە جەزائیر و ئۆزبەکستان داوای هێمن گرووپ دەکەن**

کارەکانی هێمن گرووپ بوونەتە جێی سەرنج. بە گوتەی ئەمیر عەبدولخالق سەرپەرشتیاری پرۆژەی شەقامی 120 مەتری، لە پارێزگای سلێمانیش داوایان لێکردوون کار بکەن، بەڵام ئێستا لەبەر شەقامی 120 مەتری ناتوانن لەو کاتەدا هیچ پرۆژەیەکی دیکەی رێگەوبان وەربگرن. ئەو دەڵێت کە لە جەزائیر و ئۆزبەکستانیشەوە ئۆفەریان بۆ هاتووە، بەڵام دەڵێت "ئامانجی ئێمە ئەوەیە لێرە خزمەت بکەین، نەک لە وڵاتان بەدوای قازانجدا بگەڕێین".

### بەنیازە هەموو تەکسییەکانی هەولێر بهێنێتە ژێر چەتری خۆی

# کۆمپانیایەک خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی تەکسی دەهێنێتە کوردستان

**ئەڵیشا رۆبنسن**
**رووداو – هەولێر**

هەولێر تەکسی کە بە "کورد تەکسی"یش ناسراوە، بۆ یەکەمجار خزمەتگوزاریی ئەپلیکەیشنی تەکسی دەهێنێتە هەولێر و رەنگە لە داهاتوودا لە هەموو کوردستان لق بکاتەوە، ئەمەش دەکرێت وەرچەرخانێک بێ لە کەرتی گواستنەوەدا لە هەرێمی کوردستان.

ئەو ئەپلیکەیشنەی بۆ داواکردنی تەکسی دانراوە، هێشتا لە قۆناغی تاقیکردنەوەدایە. رەنج عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای فەیر ترەید بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێویستە پەرە بە کەرتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان بدەین". بە گوتەی رەنج، ئەپلیکەیشنەکە لە ماوەی یەک مانگی داهاتوودا تەواو دەبێ، تاوەکو ئەوکاتیش خەڵک دەتوانن لە رێگەی کۆمەڵێک ژمارە تەلەفۆنەوە داوای تەکسییەکانی "هەولێر تەکسی" بکەن. خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکەش 24 کاژێر کارایە.

کۆمپانیای فەیر ترەید چەندین جۆر خزمەتگوزاریی گواستنەوە لە هەولێر پێشکەش دەکات، لەوانەش تەکسیی فڕۆکەخانە، تەکسیی شار، پاس و مینی پاس بۆ کرێ و ئۆتۆمبێلی (VIP) بۆ ئەو میوانە تایبەتانەی سەردانی کوردستان دەکەن.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە دەڵێت ئێستا هەموو خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر لەلایەن کۆمپانیاکەی ئەوانەوە لەئەستۆ گیراوە، بەڵام بۆ تەکسیی شار پشتیان بە ژمارەیەک لەو شوفێرە تەکسییانە بەستووە کە لەگەڵ هەندێک لە پێوەرەکانی ئەواندا دێنەوە.

ئەو شوفێری تاکسیانەی لەو کۆمپانیایە کاردەکەن، لانیکەم کۆرسێکی سێ مانگی وەردەگرن لەوانەش رەوشت، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ موشتەری و راهێنانی شوفێری. هەموو شوفێرەکانی کۆمپانیاکە دەبێت یونفۆرمی تایبەت لەبەر بکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە، جیا لەمەش هەر شوفێرێک ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێت کە لەناو تەکسییەکەدا دەبینرێت و هەمووشیان دەبێت بە نووسراوی ئاسایش و پۆلیس پێشینەی پاکی خۆیان بسەلمێنن.

ناسر دەبس، بەڕێوەبەر لە کۆمپانیاکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەوڵ دەدەین باشترین جۆری خزمەتگوزاری پێشکەش بە موشتەرییەکانمان بکەین، بۆیە هەمووشوفێرەکان راهێنانیان پێدەکرێت و لێپرسینەوەش لە هەموویان دەکرێت".

ئەو دەڵێت هەر کاتێک ئەپلیکەیشنەکە تەواو ئامادەی کارپێکردن بوو، بژارەی (SOS)ی تێدا دادەنرێت کە بۆ راگەیاندنی حاڵەتی نەخوازراوە. بژارەی (SOS) بۆ ئەوەیە کۆمپانیاکە لە رووداو یان حاڵەتی نەخوازراو ئاگادار بکرێتەوە. ئەگەر سەرنشینەکە دەست بەو بژارەیەدا بنێت کۆمپانیاکە یەکسەر ئاگادار دەبێتەوە و پەیوەندیی پێوە دەکاتەوە، ئەگەر ئەو وەڵامی نەبێت پەیوەندی بە شوفێرەکەوە دەکرێت و ئەگەر شوفێرەکەش وەڵامی نەبێ، پۆلیس رەوانەی شوێنەکە دەکرێت. ژمارەکانی بەشی خزمەتگوزارییەکان هەم لە تەکسییەکە دراون و هەمیش لەسەر ئەپڵیکەیشنەکە هەن. بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتیی فەیر ترەید، ئێستا 60 تەکسی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بەردەستن و رۆژانە 150 بۆ 160 گواستنەوەیان هەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەستپێکی کارەکانی ئەو کۆمپانیایە لە فڕۆکەخانەی هەولێر رۆژێک دوای گەمارۆ ئاسمانییەکەی سەر هەرێمی کوردستان بوو.

کۆمپانیاکە 200 تەکسیشی لەناو شاردا هەیە و لە ماوەی دواییدا لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابخانە و دوو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون کار دەکات، پلانی ئەوەشیان هەیە تەکسی بۆ شوێنی زیاتر دابین بکەن. وەکوو رەنج عەلی دەڵێت: "پلانی ئێمە ئەوەیە هەموو شوفێر تەکسییەکانی هەولێر، کە 40 هەزار تەکسییە، بخەینە ژێر چەتری خۆمان. ئێمە دەمانەوێت خزمەتگوزاریی گواستنەوە لە هەولێر باشتر بکەین".

لە تەکسییەکانی "هەولێر تەکسی"دا سیستەمی پێوانی رێگا و GPS و WIFI ی خۆڕایی هەیە. ئێستا موشتەرییەکان دەتوانن بە پارە هەقدەستی گواستنەوەکە بدەن، بەڵام کۆمپانیاکە بە نیازە لەداهاتوودا شێوازی پارەدانەکە بۆ ئەلیکترۆنی بگۆڕێت. جیا لەمە بژارەی پارەدانی مانگانەش دەخرێتە بەردەستی موشتەرییەکان.

ئێستا کورد تەکسی تەنیا لقی "هەولێر تەکسی" هەیە، رەنج عەلی هیواخوازە لەگەڵ تەواوبوونی کارەکانی ئەپڵیکەیشنەکە، لقی "دهۆک تەکسی" و "سلێمانی تەکسی"ش بکەنەوە.

چیا یەکێک لە شوفێرەکانی کۆمپانیایەکە کە لە هێڵی فڕۆکەخانە کاردەکات، بە (رووداو)ی گوت کە کۆمپانیاکەی فۆکەسی لەسەر سەلامەتیی موشتەریەکانیەتی و بە تەواوەتی رەچاوی رێساکانی هاتوچۆ دەکات "ئەگەر دوایین ئاستی خێرایی لە شەقامێک 60 کیلۆمەتر بێت، ئێمە ناتوانین لە 61 بڕۆین".

چیا باس لەوەش دەکات کە لە کۆرسەکان شتی زۆر فێر بووە، لەوانەش "چۆنێتی رێزگرتن لە موشتەری و یارمەتیدانیان لە هەڵگرتنی جانتا و ئەو شتومەکانەی پێیانە".



لە تەکسییەکانی "هەولێر تەکسی"دا سیستەمی پێوانی رێگا و GPS و WIFI ی خۆڕایی هەیە

### تێچووی پرۆژەکە نیو ملیار دۆلارە

# وەبەرهێنەرێکی کورد سێ کارگە بۆ ئاسنی چیاکانی سنە و سەقز دادەمەزرێنێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

سەرمایەدارێکی باشووری کوردستان پرۆژەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن دەباتە رۆژهەڵاتی کوردستان و دەڵێ "لە کوردستان ناتوانین لەوە زیاتر بە دیار سکرابی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دانیشین، دەبێ خۆمان کەرەستە سەرەتاییەکانی ئاسن بدۆزینەوە و بەرهەمی بهێنین".

کۆمپانیای (ماس) کە یەکێکە لە کۆمپانیا بەنێوبانگەکانی باشووری کوردستان و ئێستا خاوەنی کارگەی چیمەنتۆ و ئاسنە، سێ کارگە بۆ دەرهێنانی ئاسن لە چیاکانی سنە و سەقز دادەمەزرێنێ. ئاراس عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئیدارەی کۆمپانیای ماس دەڵێ ئەوان لە بازیان کارگەیەکی ئاسنیان هەیە جگە لە 7 بۆ 8 کارگەی ئاسنی دیکە کە هی کۆمپانیاکانی دیکەن "ئەو کارگانە رۆژانە پێویستیان بە کەرەستەی سەرەتایی ئاسنە و هەمووشمان پشتمان بە ئاسنی سکرابی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەستووە".

ئێستا کۆمپانیای ماس و کۆمپانیاکانی دیکەی ئاسن لە باشووری کوردستان ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە سکرابی ئاسن بەرەو کەمبوونەوە بڕوات. بۆیە ناچارن بیر لە دانانی کارگە بکەنەوە بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەرەتایی ئاسن. ئاراس عەبدوڵڵا دەڵێت: " لە ئێران کەرەستەی سەرەتایی ئاسن زۆرە، ئێمەش بیرمان لەوە کردەوە لە شوێنێک بێ، ئاسنەکەی لێ نزیک بێ و هەم لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیش نزیک بێ".

هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی ئاسن دەناسرێ، بەڵام هیچ سەرمایەدارێک وەبەرهێنانی لە ئاسنی پێنجوێندا نەکردووە. ئێستا وەبەرهێنێکی کورد بەسەر پێنجوێندا پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سنە و سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاراس عەبدوڵڵا لەبارەی ئاسنی پێنجوین دەڵێت: "بەپێی توێژینەوەکان، دەرکەوتووە پێنجوین بەو رێژەیە ماددەی سەرەتایی ئاسنی تێدا نییە کارگەی گەورەی بۆ دابنرێ".

بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، بەشێک لەو وەبەرهێنە کوردانەی سەرمایەکانیان ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، روویان لە دەرەوەی باشووری کوردستان کرد، بۆ ئەوەی لە کار و سەرمایەگوزاری دانەبڕێن.

یاسین مەحموود رەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان نیگەرانە لەوەی وەبەرهێنەرانی کورد لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەدوای کارەوەن "ئێستا وەبەرهێنمان هەیە لە هەولێرەوە چووەتە جۆرجیا و لەوێ پرۆژەی گەورەی هەیە، چەند وەبەرهێنێکی دیکە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان داوای پرۆژەیان کردووە".

سەعدوڵڵا مەسعودیان، سەرکونسوڵی ئێران لە سلێمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هەواڵی دەستبەکاربوونی سەرمایەدارێکی باشووری کوردستانی لە پارێزگای کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن، وەک هەواڵێکی مژدەبەخش دایە وەبەرهێنەرانی باشووری کوردستان و گوتی "کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەو کارگەیە دەبێتە هۆی دەستبەرکردنی چەند هەزار هەلی کار لەناوخۆی ئێران".

ئاراس عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئیدارەی کۆمپانیای ماس، سوپاسی هاوکارییەکانی سەرکونسوڵی ئێران لە سلێمانی و پارێزگاری سنە و کۆماری ئیسلامی دەکات لەبەرامبەر ئەو کارئاسانیەی پێشکەشیان کردوون لە سەرگرتنی پرۆژەکە و وەرگرتنی مۆڵەت و دابینکردنی نزیکەی 400 دۆنم زەوی "لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی بەردی ئاسن بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ، دەبێ سێ کارگە دروستبکەین و هەر سێ کارگەکە نزیکەی نیو ملیار دۆلاریان تێدەچێ".

کارگەکان لە نزیک شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن. ئاراس دەڵێت "لەو ناوچەیە ئاسن زۆرە و لە سنووری هەرێمی کوردستانیش نزیکە. سەبارەت بە کاتی دەستبەکاربوونیان گوتی "ئێستا قۆناغی تەندەرین لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی ئێرانی کۆتایی هاتووە و ماوەتەوە سەر ئەوەی دەستبەکار ببین". ئەو ئاسنەی بەرهەمی دەهێنن تەنیا تایبەت نابێ بە کارگەکەی خۆیان لە بازیان. ئاراس عەبدوڵڵا دەڵێت "ئێمە خۆمان ساڵانە یەک ملیۆن و 250 هەزار تۆن ئاسن بەرهەم دەهێنین لە کارگەکەمان، دەتوانین کەرەستەی سەرەتایی ئاسن بۆ کارگەکانی دیکەی کوردستانیش دابین بکەین".

ئێستا 90%ی کەرەستەی سەرەتایی کارگەکانی کوردستان سکرابی ناوەڕاست و باشووری عێراقە. ئاراس عەبدوڵڵا دەڵێت: "ئێستا بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە سکرابی ئاسن زۆرە، بەڵام رۆژێک دێ ئەو سیکرابە تەواو دەبێ، بەم پرۆژەیە ئێمە هەمووکات دەتوانین ئاسن بەرهەم بهێنین".

## حدکا: لە گرژییەکەی بازگەی دێگەڵەدا تەقەمان نەکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

سکرتارییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە راگەیێندراوێکدا رەتیدەکاتەوە پێشمەرگەکانی ئەوان لە گرژییەکەی رۆژی هەینیی بازگەی دێگەڵە دەستوەردانیان کردبێت و دەڵێ "هەندێک کەس و راگەیاندن هەوڵدەدەن بە مەبەستی سیاسی دیاریکراو، حیزبی دیموکرات تێوەبگلێنن". ئێوارەی رۆژی 2018/2/2 لە بازگەی دێگەڵە، گرژیی لەنێوان ژمارەیەک هاووڵاتی و هێزە ئەمنییەکانی بازگەکە دروستبوو. گەنجەکان وەک دەربڕینی پشتیوانییەک بۆ شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان لە سلێمانییەوە بەڕێکەوتبوون و بەگوتەی خۆیان دەیانویست بەرەو عەفرین بچن. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکاندا، چەند کەس حدکا بە تەقەکردن لەو هاووڵاتیانە تۆمەتبارکردووە کە بارەگایەکی لە نزیک بازگەی دێگەڵەیە. بەڵام حدکا ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە.



# ژمارەی قوربانیانی مەدەنی لە عەفرین بەرز دەبێتەوە



ئاماری جیاواز لەبارەی قوربانییانی مەدەنی لە عەفرین بڵاودەکرێتەوە (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو - هەولێر**

17 رۆژ بەسەر دەستپێکی پەلامارەکەی تورکیا بۆ سەر ناوچەی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان تێدەپەڕێت. بەهۆی ئەو هێرشانەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیی مەدەنی بوونەتە قوربانی، برینداربوون یان ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ بوون. نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی ئاوارەکانی ئەم شەڕە بە 16 هەزار کەس مەزندە دەکات. هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش هۆشداری دەدات کە تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی، چەکی قەدەغەکراویان بەکارهێناوە.

### چەکی کیمیایی

ڕێکخراوی مانگی سووری کورد (هەیڤا سۆرا کوردی) لە راپۆرتێکدا کە رۆژی دووی شوبات بڵاوی کردەوە، نیگەرانییەکانی هەسەدە سەبارەت بە چەکە قەدەغەکراوەکان پشتڕاست دەکاتەوە و لە راپۆرتێکی خۆیاندا ئاماژە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای تورکیا دەکەن.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژی هەینی رابردووی هەیڤا سۆر، پێنج کادیری ئاسایشی عەفرین هێنراونەتە بنکەی هێورکردنەوەی دڵەڕاوکێی ڕێکخراوەکە و حاڵەتی دڵتێکەڵهاتن، رشانەوە، قورسیی هەناسە و نیمچە بێهۆشییان هەبووە. لە راپۆرتەکەدا تەنیا ناوی چوار کەسیان هاتووە کە بریتین لە عەبدوللەتیف ئیبراهیم (تەمەن 32 ساڵ)، ئەحمەد حوسنی عەبدۆ (تەمەن 37 ساڵ)، مەلاز ئالافۆ ( 22 ساڵ) مامۆ جەمۆ ( 30 ساڵ).

راپۆرتەکەی هەیڤا سۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تیمەکەیان راهێنانی چەکە کیمیاییەکانی پێکراوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرچەند تاوەکو ئێستا رەوشی پێنج کادیرەکە بە وردی شی نەکراوەتەوە، بەڵام بەو پێیەی تورکیا هێزە کوردییەکانی سووریا بە باڵی پەکەکە دەزانێت و پێشتریش چەکی کیمیایی لەدژی پەکەکە بەکارهێناوە، بۆیە حاڵەتی پێنج کادیرەکە گومانی ئەوەی دروستکردووە کە هێزەکانی لایەنگری تورکیا چەکی قەدەغەکراویان بەکارهێنابێت. پێنج ئاسایشەکە لە ئەشکەوتێکدا خۆیان حەشار دابوو کاتێک هاوەنێک بەر دەریچەی ئەشکەوتەکە کەوتبوو.

### هەڕەشە لەسەر ئاوارەکان

عەفرین لە باکووری رۆژئاوای سووریا هەڵکەوتووە، بەو پێیەش هەموو کات لە ناوچەی شەڕ و پێکدادانەکانی باکووری سووریا نزیک بووە. بەڵام هەر ئەم نزیکییەی لە ناوچەکانی شەڕ و ئارامیی رێژەیی عەفرین وای کردبوو کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی شەڕی باکووری سووریا روو لە عەفرین بکەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی هەیڤا سۆر، 284 هەزار و 727 ئاوارە لە عەفرین ناویان تۆمار کردووە. لەو ژمارەیە زیاتر لە نیوەیان لە سەنتەری عەفرین جێگیرن و ئەوەی دیکەیان بەسەر ناوچەکانی دیکەی عەفریندا بڵاوبوونەتەوە.

### قوربانیانی هێرشەکە

هێرشەکانی سەر عەفرین، کە لە تورکیا بە "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" ناوی دەرکردووە، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندارى لێکەوتووەتەوە. بەهۆی سنووردارکردنی رووماڵە میدیاییە سەربەخۆکان ئامارێکی وردی کوژراو و بریندارى هەردوو لایەنی شەڕەکە لەبەردەست نییە.

تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 932 "تیرۆریست"یان لە هێرشەکەی عەفریندا "سڕ کردووە". تاکە کێشەی ئەم ژمارەیە ئەوە نییە کە لەلایەن هیچ دەزگایەکی میدیایی سەربەخۆوە پشتڕاست نەکراوەتەوە، بەڵکو کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە بەرپرسانی ئەنقەرە دەڵێن "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" دوو گروپ دەکاتە ئامانج، یەکێکیان گرووپە جیهادییەکانی وەکوو داعشە و ئەوەی دیکەیان هێزەکانی یەپەگەیە.

بۆیە ئەگەر ژمارەکە راستیش بێت، دیار نییە چەند لەو ژمارەیە سەر بە گرووپە جیهادییەکانن و چەندیان لە هێزە کوردییەکانن، جیا لەمەش چ بەڵگەیەک نییە کە ئەو ژمارە کوژراوە سەر بە یەکێک لەو دوو گرووپەن و مەدەنی نین. ئەوە جگە لەوەی کە عەفرین ناوچەی نفووزی رەهای پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)یە و باڵە سەربازییەکەی ئەو حیزبەش (یەپەگە) رۆڵێکی سەرەکی بینی لە لەناوبردنی خەلافەتەکەی داعش پاش وەدەرنانی لە رەققە.

بەرپرسانی تورک ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە 14 سەربازیان لە شەڕەکەدا کوژراوە، لەو ژمارەیەش هەشت سەربازیان لە رۆژی شەممەی رابردوودا کوژراون کە بە خوێناویترین رۆژ بۆ سەربازانی سوپای تورکیا لە 17 رۆژی رابردوودا لەقەڵەم دەدرێت. لەو ژمارەیە پێنج کەسیان لە ئاکامی هێرش بۆ سەر تانکێکی سوپای تورکیا لە باکووری رۆژهەڵاتی عەفرین کوژران و سێ کەسەکەی دیکەش لە هێرشێکی دیکەدا کوژراون.

> **فەرمانگەی تەندروستیی عەفرین**
>
> **لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیاوە 129 کەسی سڤیل بوونەتە قوربانی**

روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ لە دوایین راپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کردووە کە تاوەکو رۆژی یەکشەممە 19 سەربازی تورک و 134 چەکداری سووریی لایەنگری تورکیا کوژراون. بە گوێرەی راپۆرتەکە لە 16 رۆژی شەڕ و پێکدادانەکاندا 106 شەڕڤانی یەپەگەش گیانیان لە دەستداوە.

بەپێی راپۆرتەکەی روانگەی سووری، لە زیاتر لە دوو هەفتەی یەکەمی شەڕەکەدا 68 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون، لەو ژمارەیە 21 کەسیان منداڵ و 12 کەسیان ئافرەت و 35 کەسیان پیاو بوون. لەکاتێکدا بەگوێرەی ئاماری فەرمانگەی تەندروستیی عەفرین لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەوە تا ئێستا 129 کەسی سڤیل بوونەتە قوربانی.

لە راپۆرتەکەی هەیڤا سۆردا، ژمارەی کوژراوان و بریندارانی شەڕەکە لە نۆ رۆژی یەکەمی شەڕەکەدا خراوەتەڕوو. لەو ماوەیەدا 43 کەسی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە کە 22یان منداڵن، 10یان ئافرەت و 11شیان پیاو بوون. هەروەها لە نۆ رۆژی یەکەمی شەڕەکەدا 166 کەس برینداربوون، کە 111 کەسیان پیاون، 27یان منداڵ و 28یشیان ئافرەتن.

بەرپرسێکی فەرمانگەی تەندروستی عەفرین بە (بی بی سی) بەریتانی راگەیاندووە کە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕ و پێکدادانەکانەوە 150 هاووڵاتی مەدەنی کوژران و 300ی دیکەش بریندار بوون.

تورکیا 911 کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ سووریا هەیە، بەشی زۆری ئەو سنوورە هاوبەشەش دەکەوێتە ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دان کە تورکیا بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یان لەقەڵەم دەدات.

**ژمارەی ئاوارەکان لە عەفرین و دەوروبەری**

| ژمارە | ناوچە |
|---|---|
| 143505 ئاوارە | ناوەندی عەفرین |
| 76000 ئاوارە | ناوچەی شێراوە |
| 43510 ئاوارە | ناوچەی جەندرێس |
| 6970 ئاوارە | ناوچەی راجۆ |
| 10105 ئاوارە | ناوچەی شران |
| 780 ئاوارە | ناوچەی شێخ ئەلحەدید |
| 1645 ئاوارە | ناوچەی بلبل |
| 2207 ئاوارە | ناوچەی مابتلی |

# چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا دەبێتە ستراتیژی جەهەپە

**هێمن عەساف**

**ڕووداو- هەولێر**

"دادپەروەری و بوێری" سەرەکیترین دروشمی 36ـەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتی کۆماری گەلی تورکیا (CHP) بوو کە تێیدا ستراتیژی کارکردنی نوێیان بۆ قۆناغی داهاتووی تورکیا راگەیاند. ستراتیژێک کە لە پێنج فاکتەری گرنگ پێکهاتووە و پرسی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی کورد یەکێکە لەو ستراتیژە نوێیە کە بریتین لە "گەڕاندنەوەی دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ، ئابووری، چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پەروەردە و سیاسەتی دەرەوە".

لە راگەیێندراوی کۆتایی 36ـەمین کۆنگرەی جەهەپەدا بەزەقی تیشک خراوەتە سەر پرسی کورد و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، ئاماژە بەوە دراوە کە "لەسەر بنەمای یەکسانی و هاووڵاتیبوون، کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و ئەم پرسە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بە یاسا لە پەرلەمانی تورکیا چارەسەر دەکرێت".

هەرچەندە مێژووی ئەو پارتە سیاسییە لە ئاستی پرسی کورد مێژوویەکی پڕ نەهامەتییە و کۆمەڵکوژیی دێرسیم لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە سەردەمی حکومەتی جەهەپە بووە و چەندین نەهامەتی دیکە لە ماوەی دەسەڵاتداریتی ئەو پارتەدا بەسەر کورد هاتووە، بەڵام کەمال کلچدارئۆغلو دەیەوێت لاپەڕەیەکی نوێ بکاتەوە و بە کردەوە بەرامبەر بە کورد بکرێتەوە.

### "چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە پەرلەمانە".

لە گوتاری دەستپێکی کۆنگرەدا، کەمال کلچدارئۆغلو کە بۆ جاری پێنجەم بە سەرۆکی جەهەپە هەڵبژێردرایەوە، ستراتیژ و نەخشەی کاری نوێی قۆناغی داهاتووی حیزبەکەی بەتێروتەسەلی ڕیزبەند کرد و تیشکی خستە سەر پرسی کورد و رایگەیاند، بەر لە هەموو شتێک، پێویستە زۆر بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بکرێت، چونکە چووەتە قۆناغێکی زۆر جیاوازەوە، دەبێت پرسی کورد لەگەڵ پرسی تیرۆر جیابکرێتەوە و نابێت هەردووکیان گرێدراوی یەکدی بن.

کلچدارئۆغلو گوتی کە پێش ساڵی 2002، واتە لە سەردەمی بولەند ئەجەوید، سەرۆکوەزیرانی پێشووتر "کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیا دەرچوو بوو.. تیرۆر لە جوگرافیایەکی بەرتەسکدا گیری خواردبوو، بەرەو نەمان دەچوو. کەچی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاکپارتی لە دوای 2002، سنووری چالاکییەکانیان فراوانتر بووە و دەست بەسەر جوگرافیایەکی زۆردا گیراوە و ئەمڕۆش بووەتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا".

کلچدارئۆغلو بەڵێنی دا لە چوار ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی جەهەپەدا کێشەی کورد لەنێو پەرلەمانی تورکیادا بە یاسا چارەسەر بکات. هەروەها بەڵێنی دا کە سەقامگیری و ئاشتەوایی بۆ ناوچە کوردنشینەکان بگەڕێنێتەوە.

بە گوتەی سەرۆکی جەهەپە، ئەو کارانە لە رێگەی کۆمسیۆنێکی تایبەتەوە دەکەن کە زیاتر لە دوو ساڵە ئەرکێکی زۆر قورس و بەرپرسیارێتییەکی زۆر وردیان پێداون، ئەویش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زۆر ورد و بابەتیانە بۆ چوونە نێو ناوەڕۆکی تەواوی پرسی کورد و داخوازییەکانی کورد لە هەموو شار و شارۆچکەکان و تەنانەت گوندەکانیش.

> **ئەگەر پرسی کورد چارەسەر نەکەم، کۆتایی بە ژیانی سیاسیم دەهێنم**
>
> سەرۆکی جەهەپە

### بەڵێنێکی گەورە

کلچدارئۆغلو گوتی: "ئەگەر لە چوار ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی جەهەپەدا پرسی کورد چارەسەر نەکەم، دەست لەکاردەکێشمەوە و کۆتایی بەژیانی سیاسیم دەهێنم". لە پشتی ئەم گوتارەوە، کارێکی زۆر ورد کراوە و دەکرێت و بە رەهەندی جیاوازەوە هەوڵ دەدرێت لە کورد نزیک ببنەوە.

موحەڕەم ئینجە کاندیدی دووەمی سەرۆکی جەهەپە کە هاوکات پەرلەمانتاری هەمان فراکسیۆنە لە بازنەی ئیستانبوڵ، ئەویش لە گوتارەکەیدا، ئاماژەی بە پرسی کورد کرد و رایگەیاند "ماوەی 15 ساڵە ئاکپارتی کێشەی کوردی چارەسەر نەکردووە، کەواتە چارەسەریشی ناکات و ناتوانێت چارەسەری بکات، بەڵام جەهەپە لە رێگەی یاسا و لەسەر بنەمای ماف و یاسا، کێشەکە چارەسەر دەکات و داخوازییەکانیان لە پەرلەمان جێبەجێ دەکات".

پارتی گەلی کۆماری لە 1923/9/9 لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک دامەزراوە. ساڵانێکی زۆر لە دەسەڵات بووە، ئێستاش پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە و خاوەنی 133 کورسیی پەرلەمانە.

> **بەلای ئاکەپەوە هەموو دەنگدەرانی هەدەپە ئەندامی پەکەکەن**
>
> پەرلەمانتارێکی جەهەپە

ئەنگین ئاڵتای پەرلەمانتاری فراکسیۆنی جەهەپە لە بازنەی ئیستانبوڵ، لەبارەی پرسی کوردەوە رایگەیاند "کێشەی کورد سەرەکیترین کێشەی تورکیایە. دەسەڵات بە چاوی هەدەپە و پەکەکە سەیری کێشەی کورد دەکات و پێیوایە هەر دەنگدەرێکی هەدەپە ئەندامێکی پەکەکەیە، لە کاتێکدا هەدەپە دەنگدەرێکی زۆری تورکی هەیە و هەدەپەش بەتەنیا نوێنەری کورد نییە و ناشتوانێت بانگەشەی ئەمە بکات. کێشەی کورد لە ئۆسلۆ، قەندیل، ئیمراڵی و دۆڵمەباخچە چارەسەر ناکرێت، تاکە شوێن کێشەی کورد چارەسەر بکات، پەرلەمانی تورکیایە".

نەخشەڕێگا و ستراتیژی کاری جەهەپە لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر جڵەوی دەسەڵات نەگرێتە دەست و لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی 2019 سەرکەوتوو نەبێت، گرەوەکە دەدۆڕێنێ و دیسان تروسکایی ئومێدێکی دیکەی کورد لە باکووری کوردستان لەدەست دەچێت، چونکە ئیدی زۆرینەی کورد دوای ریفراندۆمی 14ی نیسانی 2017 بۆ هەموارکردنەوەی 18 ماددەی دەستووری هیوای بە ئاکپارتی و بەڵێنەکانی ئەردۆغان نەماوە، ئاکپارتی لە ئەرزی واقیعیشدا دژایەتییەکی زۆری هەدەپەی کرد کە گەورەترین لایەنی سیاسی کوردە و زۆرینەی دەنگی کوردی بەدەستهێناوە. لە پاڵ ئەمەشدا راستەوخۆ دژایەتی گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی کرد و چاوپۆشی لە هێرشەکانی سەر کەرکووک و چەندین رووداو و پێشهاتی پەیوەست بەهەمان بابەت کرد. هاوکات، چوونە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی بەسەرۆکایەتی دەوڵەت باخچەلی کە ئەوە کوردی زیاتر نیگەران کرد و هێندەی دیکە لێی دوورکەوتنەوەی. دوایین شت کە ئاکپارتی کردی، هێرشی ئاسمانی و زەمینی بوو بۆ سەر عەفرین. رەنگە هەموو ئەو فاکتەرانە دەنگە کوردییەکان لە ئاکپارتی وەربگرنەوە و بیخەنە سندووقی حیزبێکی دیکەی وەکو جەهەپە.



# حەشدی شەعبی لە کەرکووک زەوی دابەش دەکات


هاووڵاتییانی کورد لە کەرکووک دەڵێن لە سەروماڵیان دڵنیا نین (فۆتۆ: رووداو)

**بەهرۆز فەریدوون**
**رووداو- کەرکووک**

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردووەوە، ئەو شارەی کە کورد ئارامیی تێدا بەرقەرار کردبوو، بووە شوێنێک کە هیچ گەرەنتییەکی تێدا نەبێت بۆ ژیان. تەنیا لە دیسێمبەری 2017دا هەشت کەس لە کەرکووک کوژراون و تەرمەکانیان دۆزراوەتەوە، کەچی هیچ کەسێک لەسەر ئەو تاوانانە دەستگیر نەکراوە.

### خەڵک چۆن دەچنە کەرکووک؟

ئاستەنگەکانی چوونە ناو کەرکووک لە هەرێمی کوردستانەوە، بێزارکەر و پڕ مەترسیشن. چونکە هەر لە قەرەهەنجیر کە دەتەوێت بە ئاراستەی کەرکووک بڕۆیت، ئیدی سەربازگە عێراقییەکان و بازگە جۆراوجۆرەکان دەبینی، بازگەی حەشدی شەعبی، بازگەی دژەتیرۆری عێراقی و بازگەی پۆلیسی فیدراڵی. هەر بازگەیەک بەشێوازی خۆیان پرسیارت لێدەکەن، هەر ئەوەی کە کوردیت، بیانوویەکی باشە بۆ ئەوەی لە ئۆتۆمبێل داتبگرن و دەستبکەنە پشکنین و پرسیارلێکردن.

### شەوانی کەرکووک

پێش ئەوەی ئێوارە بێت، دووکاندارەکان بە زوویی دەپێچنەوە و خۆیان دەگەیەننە ماڵەوە، ئەمە بەتایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکان کە هەر ئێوارە دادێ، ترس باڵ بەسەر ئەو ناوچانەدا دەکێشێ، کوشتن و هەڵکوتانە سەر ماڵان و دزیکردن و رفاندن دەبێتە پیشەی بەشێک لەو هێزە جۆراوجۆرانەی لە نێو شارەکەدان. بەپێی زانیاری (رووداو) تەنیا لە مانگی 12ی ساڵی پاردا، هەشت کەس لە ناوچە کوردنشینەکان کوژراون و نۆ کەسیش رفێندراون کە پێنجیان بە پارە ئازادکراون. دوو لە رفێنراوەکان خوشکن.

لەنێو چایخانەیەکی گەڕەکی رەحیماوای کەرکووک کە گەڕەکێکی کوردنشینە، ژمارەیەک گەنج دانیشتوون. باس باسی دزیکردن و رفاندن و هەڵکوتانە سەر ماڵانە.

یەکێک لە گەنجەکان بەدەم چا خواردنەوەوە دەڵێت: "ئێمە سێ برا و دوو خوشک و دایکم و باوکم، هەر شەوەو یەکێکمان شەو تا بەیانی ناخەوین و ئێشک دەگرین، چونکە تا ئێستا دوو جار چەند کەسێک ویستوویانە بێنە ماڵمان و بە تەقە لێکردنیان هەڵاتوون و سەلامەت دەرچووین".

گەنجێکی دیکە قسەکانی پێ بڕی و گوتی ئەوانەی هەڵدەکوتنە سەر ماڵە کوردەکان، بە زمانی عەرەبی قسەدەکەن و ئۆتۆمبێلی سەربازییان پێیە. یەکێکی دیکە لەولاوە کە گوێی لە گفتوگۆکە بوو، یەکسەر گوتی هەفتەی رابردوو چوار کەس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵیان "یەکێک لە چەکدارەکان گوتی خێرا چیتان هەیە لە ئاڵتوون و لە پارە بیخەرە بەردەستمان، ئەگینا خێزانەکەت دەبەین، بۆیە هەرچی ئاڵتوون و پارەمان هەبوو هەموویم خستە بەردەستیان و لێیان پاڕامەوە کە خێزانەکەم نەبەن و نەمانکوژن، نزیکەی 20 هەزار دۆلار و 70 مسقاڵ زێڕیان بردین".

کات بووە نۆی شەو، خاوەنی چایخانەکە گوتی ئیدی دەبێت چایخانەکەی دابخات. دوو هەفتە لەمەوبەر بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە گەنجێکی کورد هەر لەبەردەم ئەم چایخانەیەدا کوژرا.

سەرباری دۆخی ئەمنی، خەڵک بە گشتی لە کەرکووک بەدەست بێکارەباییەوە دەناڵێنن، کاژێر 10ی شەو بەدواوە شارەکە دەبێتە تاریکستان. خەڵک لە ترسان دەچنە ژوورەوە و کەس لە دەرەوە نابینی.

### مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک

ماڵی هەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی شارەکەیان جێهێشتووە ئێستا بووەتە بارەگای چەکدارانی حەشدی شەعبی، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێک لە کۆڵان و گەڕەکەکانیان دابڕاندووە بەهۆی سەکۆی کۆنکریتی.

لە بەرامبەر مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک، بارەگایەکی میلیشیاکانی عەسایبی ئەهلی حەقی لێیە، ئاڵای حەشد و ئاڵای عێراق بەسەر بارەگاکەوە دەشەکێتەوە، بەڵام بارەگاکەی یەکێتی نە ئاڵای یەکێتی، نە ئاڵای کوردستانی لەسەر نییە.

مەڵبەندی یەکێتی جمەی دەهات، کۆبوونەوەیە و باس باسی هەڵبژاردن و خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە 12ی ئایاری 2018 بەڕێوەبچێ.

رەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندە و لە ژوورەکەی خۆی سەرقاڵی بینینی ئەندامە یەکێتییەکانە، ئەو دەیگوت ئێمە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایـن، گلەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەبوو کە بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی کردووە لە کەرکووک.

رەوەند دەڵێت: "پارتی خەریکی خۆڕێکخستنە لەگەڵ بەغدا، بەڵام هەڵبژاردنی پارێزگاکەی بایکۆت کردووە، بۆ ئێمە گرنگ بوو پارتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی نەکردایە، چونکە ئێمە وەک یەکێتی بەلامانەوە گرنگ نییە خەڵک دەنگ بە یەکێتی بدەن، بەڵکو دەمانەوێت دەنگ بە کورد بدەن".

> **دەبێ حەیدەر عەبادی روونکردنەوە بدات**
> ئاسۆ مامەند، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک

ئاسۆ مامەند، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی دەکرد، نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لە دۆخی شارەکە و پلانی داهاتووی حیزبەکەیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ئاسۆ مامەند باسی ئەوەی دەکرد کە ئێستا بەرپرسەکانی حەشدی شەعبی سەرقاڵی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوونن بەسەر لایەنگرانیاندا و گوتیشی "دەبێت حەیدەر عەبادی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەرپرسە سەربازییەکانی حەشد پارێزگارن یان سەرۆکی شارەوانی وا دەتوانن زەوی بدەنە خەڵکی خۆیان؟ ئەمەیان لێ قبوڵ ناکەین و هەموو رێگایەک دەگرینەبەر بە رێکاری سەربازیشەوە، بەڵام رێ نادەین ئەو تەعریبە بەردەوام بێت".

### کەرکووک تەعریب دەکرێت

بەپێی چەندین نووسراو، راکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک، رۆژانە خێزانی عەرەب لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ناوچە عەرەبنشینەکانی دەوروبەری کەرکووکەوە دەهێنێتە شاری کەرکووک و زەوی نیشتەجێبوونیان دەداتێ. هەر ئەوەش نا، زەوی جووتیارە کوردەکان دەداتە جووتیاری عەرەب، پرۆسەی تەعریب لە کەرکووک هەموو جێیەکی گرتووەتەوە.. یەک ئاڵای کوردستان لەو شارە نابینی و لەجێی هەر ئاڵایەکی کوردستان، ئاڵایەکی عێراق دەشەکێتەوە.

تەنانەت تەعریب گەیشتووەتە نێو ناوەندەکانی خوێندنیش. خوێندکارێکی زانکۆ بە (رووداو)ی گوت "سەرۆک بەشەکەمان لە هۆڵی تاقیکردنەوە و یەکەم رۆژی تاقیکردنەوە بە دەنگێکی بەرز و بە زمانی عەرەبی پێیگوتین کە هەر خوێندکارێک بە زمانی کوردی وەڵامی تاقیکردنەوە بداتەوە، هیچ نمرەیەک وەرناگرێ".

### دزینی ئۆتۆمبێل

گرووپە چەکدارە دەمامکدارەکان، بە رۆژی رووناک ئۆتۆمبێلی دانیشتووانی کەرکووک دەڕفێنن. کە ئۆتۆمبێلەکەت لێدەخوڕیت و لەسەر شەقامێک بەرەو جێگەیەک دەتەوێت بڕۆیت، دەبێت خۆت بۆ ئەوە ئامادە کردبێ کە گرووپە چەکدارەکان بێنە سەر رێگات و سویچی ئۆتۆمبێلەکەتیان بدەیتێ، تەنیا لە مانگی دیسەمبەری رابردوودا 18 حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێل هەبووە. گەنجێک کە ئۆتۆمبێلەکەیان لێسەندووە، دەڵێت: "بەڕێگاوە بووم بەرەو ماڵەوە، گرووپێک چەکداری دەمامکدار بە جلوبەرگی سەربازییەوە پێشی ئۆتۆمبێلەکەیان لێگرتم و دایانبەزاندم و بە کلکە دەمانچە تێریان لێدام و ئۆتۆمبێلەکەیان بردم، ئەوە 25 رۆژە بەدوای ئۆتۆمبێلەکەمدا دەگەڕێم و هیچ سۆراخێکی نییە".

# حیزبە نوێیەکەی سلێمانی باوەڕی بە هەڵبژاردن و پەرلەمان نییە

**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەیەکی نوێ لە سلێمانی راگەیێندرا و ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەکەش دەڵێ "بڕوامان بە هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی نییە"، بەڵام راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، دوو لەو ئامانجە دیارانەن کە بزووتنەوە نوێیەکە دەیەوێ زەقیان بکاتەوە.

بەختیار مستەفا، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری دامەزراندنی بزووتنەوەکە دوای کۆنگرەی رۆژنامەوانیی تایبەت بە راگەیاندنی بزووتنەوەکەیان، قسەی بۆ (رووداو) کرد و پاساوی پشتکردنە هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانیی بەوە دایەوە کە بەو دەموچاوە سیاسییانەی لە ماوەی 25 ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان کاریان کردووە، نەتوانراوە لەڕێی خەباتی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەوە گۆڕانکاری بکرێ، بۆیە بەڕای ئەو "تاکە چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ شووراکان و بڕیاری راستەوخۆی خەڵک" و دەڵێت ئەوە سیستەم و شێوازی کارکردنی "بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە".

بەختیار مستەفا، دڵنیایە لەوەی ئەو شێوازەی جیاکردنەوەی خۆیان لە حیزبەکانی دیکە سەرکەوتووە "بەو پێیەی شووراکان، پەرلەمانی بچووککراوەی خەڵکن و خەڵک راستەوخۆ بڕیار لەسەر پرسەکان دەدەن و چەند کەسێک بە ناوی پەرلەمانتارەوە بە ویستی خۆیان و حیزبەکانیان بڕیار لەسەر پرسەکان نادەن".

> **بڕوامان بە عێراق و مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا نییە**
> دامەزرێنەرێکی حیزبەکە

بەڵام شووراکان، مۆدێلێکی سیاسی ئەزموونکراوی کۆمۆنیستەکانی باشووری کوردستانە، کاتێک لە سەرەتای نەوەتەکاندا و دوای راپەڕینی بەهاری 1991 جاڕی شووراکانیان دا. هەرچەندە شووراکان تاوەکو ماوەیەک درێژەیان کێشا، بەڵام پاش ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خۆری ئاوا بوو.

بەختیار مستەفا رەتیدەکاتەوە کە ئەوەی ئەمان گەڕانەوە بێت بۆ هەمان ئەزموون و دەڵێ تەنیا بیرۆکەی شووراکانیان لەوان وەرگرتووە "ئێمە لە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە نزیک نین و پرۆژەکانیشمان زۆرتر، بزووتنەوەکە وا لێدەکەن وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری پاشان سیاسی دەربکەوێ".

ئەگەرچی لە کاتی قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی و خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییە و لێکترازانی زۆرتری حیزبەکاندا، خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان باسیان لەوە دەکرد کە لە سیاسەت و حیزب بێزار بوون و سیاسەت ناتوانێ رێگەیان بخاتە سەر رێگای خۆشبەختی و ژیانێکی باشتر، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا لە شاری سلێمانی هەریەکە لە هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و نەوەی نوێ وەک دوو حیزبی نوێ راگەیێندران و وا بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیشی بەدوادا هات.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ئامادەکاری بزووتنەوە نوێیەکە دەڵێ، مەبەستیانە هەر لە سەرەتاوە خەڵک تێبگات لەوەی "بڕوامان بە عێراق و مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا نییە". یەکپارچەیی عێراق بە درۆیەکی گەورە دەزانن "سەربەخۆیی باشووری کوردستان و جیابوونەوە تاکە رێگای گونجاوی سیاسییە".

لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیشەوە تاکە چارەسەر بەوە دەزانێ "گشتپرسییەکی دیکە بکرێ بۆ ئەوەی رای خۆیان لەبارەی گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەربڕن، یان ئەوەتا نەتەوەیەکگرتووەکان بێتە ئەو ناوچەیە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە".

لە راگەیێندراوی بزووتنەوەکەدا هاتووە کە ئەوان هەر جۆرە دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی رەتدەکەنەوە، نەتەوەپەرستی و مەزهەب، ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانن بۆ جیاوازی و ناکۆکی خستنە نێو ریزەکانی خەڵکەوە، ئەوان بۆ کۆمەڵگەیەک تێدەکۆشن "هەموو دانیشتووان و هاووڵاتیان مافی یەکسانیان هەبێت، هەر جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای نەتەوە و دین و رەگەز لە کۆمەڵگەدا قەدەغە بێت".

ئەو بزووتنەوە نوێیە لە کادری چەند حیزبێک پێکهاتوون کە باکگراوندی حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکانیان هەیە . وەک خۆی باسیدەکات "تەنانەت لەنێو بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە خەڵکمان لەگەڵدایە و خاوەنی هەر ئایدیۆلۆژیایەک دەتوانێ بێتە نێومانەوە و کاربکات کە بڕوای بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستان هەبێ و چاوی لە خەباتی پەرلەمانی نەبێ".

دروشمەکانی چاکسازیی دارایی و باشکردنی بژێوی خەڵک و بنەبڕکردنی گەندەڵی، قسەی نوێ نین و ساڵانێکی زۆرە بووەتە کێڵگەیەکی بەپیت بۆ بەرهەمهێنان و گەورەکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام بەختیار مستەفا رەتیدەکاتەوە داواکردنی چاکسازی لە باشووری کوردستان بە جدی هەبووبێ "بزووتنەوەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە بە هەمان عەقڵیەتی حیزبەکانی دەسەڵات مامەڵەیان کرد، ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان و حیزبەکانی دیکە لە رووی ژیان و گوزەرانەوە وەک یەکن، شتەکان تەنیا دروشم بوون و ئێمە کاری لەسەر دەکەین".


بەختیار مستەفا "لە رۆژانی داهاتوودا پیشانی دەدەین کە جیاوازین" (کاریکاتێر: هونەر مەرجان)

لە رۆژانی داهاتوودا دەستەیەکی 50 کەسی دەچنە نێو کۆنفرانسێکەوە و لەو کۆنفرانسەدا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرامی کارکردنی بزووتنەوەکە تاوتوێ دەکەن و دواتر 12 کەس لەو 50 کەسە دەستنیشان دەکرێن بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی کۆنفرانس و بەڕێوەبردنی حیزبە نوێیەکە.

بەختیار مستەفا دەڵێت: "ئێمە ئیش لەسەر چاکسازی دەکەین و بە داواکاریی رووخاندنی حکومەت دەستپێناکەین، بۆ کاری سیاسیش نەهاتووین تاوەکو لەبەردەم لایەنێکی سیاسی دیاریکراو بوەستینەوە"، بەختیار مستەفا گوتیشی لە رۆژانی داهاتوودا پیشانی دەدەین کە جیاوازین.

## ژمارەیان بووە 38 حیزب

بەپێی ئەو ئامارەی لە ماڵپەڕی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بڵاوکراوەتەوە، 35 حیزب لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام ئەو سێ حیزبەی بەمدواییە دامەزراون (نەوەی نوێ، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان) ناویان لە ماڵپەڕی کۆمیسۆندا نییە. واتە ئێستا ژمارەی حیزبەکان لە کوردستان گەیشتووەتە 38 حیزب. لەو حیزبانەش 10یان تورکمانین، پێنجیان کلدۆئاشووری و مەسیحین، هەروەها چواریان ئیسلامین. ئەوانی دیکەش بە چەپ و دیموکرات و لیبراڵ و سۆسیالدیموکرات خۆیان پێناسە دەکەن.

## "نرخی نەوت دەگاتە 82 دۆلار"

**ڕووداو- هەولێر**

بانکی بەناوبانگی گۆڵدمان ساکس پێشبینییەکانی خۆی بۆ نرخی نەوت لە ماوەیەکی کورتخایەندا بەرێژەی 33% بەرزکردەوەو رایگەیاند، بازاڕی نەوت زووتر لەوەی کە پێشبینیدەکرا هاوسەنگ بووە. گۆڵدمان ساکس رایگەیاندووە لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە بۆ 75 دۆلار و لە ماوەی شەش مانگیشدا دەگاتە 82 دۆلار و 50 سەنت. شرۆڤەکارانی بانکی گۆڵدمان ساکس رایانگەیاندووە، بازاڕی نەوت شەش مانگ زووتر لەو ماوەیەی کە پێشبینی دەکرا، هاوسەنگ بووە و قەبارەی نەوتی کۆگاکراوی جیهان لە کۆتایی ساڵی 2017دا بەرەو کەمبوونەوە رۆیشتووە، لەبەر ئەو خواستە بەهێزەی کە بۆ نەوتی خاو دروستبووە.




### هاوردەکردنی پەلەوەر و باڵندە لە 39 وڵاتەوە قەدەغە دەکرێ



# کوردستان لەژێر هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی ئەنفلوەنزای باڵندەدایە



حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا 79 ملیۆن دیناری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەنفلوەنزای باڵندە تەرخانکردووە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ رێگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئەنفلوەنزای باڵندە، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی باڵندە و پەلەوەر و بەرهەمە پەلەوەرییەکانی لە 39 وڵاتەوە قەدەغە کردووە. هۆشداریشی داوەتە پرۆژەکانی پەلەوەر کە بایۆسکیوریتی پرۆژەکانیان بەهێز بکەن، لە کاتی بەدیکردنی هەر حاڵەتێک، تیمی پارێزگاکان ئاگادار بکەنەوە.

ئەنفلوەنزای باڵندە (Avian Influenza) نەخۆشییەکی ڤایرۆسیی کوشندەیە و زۆر بەخێرایی تەشەنە دەکات و تووشی هەموو باڵندەیەک دەبێت، بەڵام زیاتر لەسەر مریشک، قەل، قاز، مراوی، کۆتر، نەعامە، تووتی، تاوس و هەندێ پەلەوەری دیکە دەردەکەوێ. مەترسییەکەشی لەوەدایە لەناکاو سەرهەڵدەدات و رێژەی مردن تێیدا بەرزە کە هەندێجار دەگاتە 100 %.

بەپێی دوایین ئاماری رێکخراوی جیهانیی تەندروستی ئاژەڵ (OIE) ، ئێستا لە 39 وڵات نەخۆشییەکە بڵاوبووەتەوە کە عێراق یەکێکیانە، رۆژ لەدوای رۆژیش ژمارەی وڵاتانی تووشبوو لەزیادبووندایە.

دکتۆر جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت: "بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و پاراستنی سامانی پەلەوەر، هاوردەکردنی باڵندە و پەلەوەر و بەرهەمەکانیانمان لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوبووەتەوە، قەدەغە کردووە".

بە گوتەی دکتۆر جەمال شوکری، لەو 39 وڵاتەی نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوە، هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بازرگانی تەنیا لەگەڵ هۆڵەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بولگاریا، ئیتاڵیا، رووسیا، سعودیە و عێراقدا هەیە، بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە نەخۆشییەکەش، هاوردەکردن لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی ئەنفلوەنزایان تێدایە، قەدەغە کراوە. ڤایرۆسی ئەنفلوەنزای باڵندە لەسەر بنچینەی کوشندەیی، دەکرێ بە دوو جۆر: ئەنفلوەنزای باڵندەی زۆر کوشندە، ئەنفلۆزای باڵندەی کەم کوشندە.

ترسناکیی جۆری یەکەم لەوەدایە تووشی باڵندە و مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێت، بۆیە بە نەخۆشییەکی هاوبەش و مەترسیدار بۆ تەندروستیی گشتی هەژمار کراوە.

مەترسیی ڤایرۆسی ئەنفلوەنزای باڵندە لەوەدایە شێوە و جینێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەردەوام توانای خۆگۆڕینی هەیە، ترس لەوە هەیە لەئەنجامی یەکگرتن لەگەڵ ڤایرۆسی دیکە، جۆرێکی تازە دروست بکات، هاوشێوەی باڵندە، رێژەی مردن لەمرۆڤدا زیاتر بکات.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ئەنفلوەنزای باڵندە جۆری زۆرە، زۆربەیان بۆ پەلەوەر کوشندەن، بەڵام تەنیا دوو جۆریان کە بریتین لە H5N1، H7N9 لە رێگەی هەناسەدان و خواردن و بەرکەوتنی خوێن و پاشماوەی پەلەوەرەوە، تووشی مرۆڤ دەبن، ئەگەر چارەسەری خێرا بۆ تووشبووان نەکرێت رێژی مردن بەهۆیەوە دەگاتە 50 %ی تووشبووان".

دکتۆر ئیبراهیم ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ئەنفلوەنزایەی ئێستا بڵاوبووەتەوە لە جۆری 8H5N ـەو زۆر کوشندەیە بۆ باڵندە و هەندێجار رێژەی مردن بەهۆیەوە دەگاتە 100 %، بەڵام تاوەکو ئێستا نەسەلمێنراوە کە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە یان نا.

ساڵی 2006 دوای دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی ئەنفلوەنزای باڵندەی جۆری H5N1 لە هەرێمی کوردستان ، گیان لەدەستدانی دوو کەس ترس و دڵەڕاوکێی لەلای خەڵک و بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ و تەندروستی بڵاوبووەوە و تیمەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڕیاری لەناوبردنی پەلەوەری بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستانیان دا، زیاتر لە 500 هەزار پەلەوەری خۆماڵی لەنێوبران ، زیانێکی گەورە بە ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیشت و نارەزایی خەڵکیشی لێکەوتەوە، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ بە پشتبەستن بە رێنمایی رێکخراوی جیهانی تەندروستیی ئاژەڵ ، پێداچوونەوەی بە رێنماییەکان کرد، ئێستا بەپێی رێنماییەکان لەهەر شوێنێک حاڵەتێکی ئەنفلوەنزای باڵندە رووبدات، ئەو شوێنە دەکرێت بەچەقی بەرەنگاربوونەوەکە و دوو زۆنی بازنەیی سێ کیلۆمەتری و 10 کیلۆمەتری دروست دەکرێن. لە زۆنی یەکەم هەموو پەلەوەرێکی تووشبوو و تووشنەبوو بەشێوەیەکی زانستە لەنێودەبرێ، بۆ ماوەی سێ هەفتەش هاتوچۆ لەناوچەکە قەدەغە دەکرێت، دواتر پشکنین بۆ زۆنی دووەم دەکرێت، لەهەر شوێنێک نەخۆشییەکە هەبێ، کۆنترۆڵ دەکرێت.

دکتۆر میقداد دەڵێت: "نەخۆشییەکە زیاتر لە وەرزە ساردەکاندا سەرهەڵدەدات، بۆیە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە، ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری پارێزگاکانمان کردووە کە ئامادەباشی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە بکەن. بەهەمانشێوە خاوەن پرۆژە پەلەوەرییەکانمان ئاگادار کردووتەوە کە ترسی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە هەیە، ئاسایشی پرۆژەکانیان پتەو بکەن".

گوتیشی: "تا ئێستا لە کوردستان هیچ حاڵەتێک دەرنەکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکە سنووربەزێنە و لە عێراق و ئێرانیش بڵاوبووەتەوە، بۆیە مەترسیی بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستانیش هەیە".

لە کۆتایی ساڵی 2015 لە کێڵگەیەکی دایکانەی مریشک لە دهۆک، حاڵەتی ئەنفلوەنزای باڵندە دەرکەوت، بەهۆیەوە 700 هەزار مریشک مردن، بەڵام تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی کۆنترۆڵیان کرد، دیسان لەساڵی 2016 لە کێڵگەیەکی دایکانە لە هەولێر بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەک زیاتر لە 600 هەزار مریشک لەناوچوون، سەرەتا تیمەکان وایانزانی نەخۆشییەکە ئەنفلوەنزایە، بەڵام دوای پشکنین دەرکەوت هۆکارەکەی نەخۆشیی دیکە بووە.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت: "بۆ دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکە ئامێری پشکنین و تاقیگەی تایبەتمان هەیە، بەڵام کەموکوڕیمان لە پێداویستییەکاندا هەیە، بۆیە ناتوانین لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڤێتەرنەری پارێزگاکان، پشکنین بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە بکەین، داوای دابینکردنی پێویستییەکانمان کردووە".

دکتۆر میقداد لەبارەی بڕی ئەو پارەیەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی ئەنفلوەنزای باڵندە و کڕینی هەندێک پێداویستی تەرخان کراوە، گوتی: "سەرەتا یەک ملیار دیناریان تەرخان کرد، دواتر کەمکرایەوە بۆ 470 ملیۆن دینار، پاشان کەمیان کردەوە بۆ 339 ملیۆن دینار، لەو بڕە پارەیە تەنیا 79 ملیۆن دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەنفلوەنزای باڵندە تەرخانکراوە، ئەوەش زۆر کەمە، لەوانەیە تەنیا بتوانین لێژنەکانی پێ چالاک بکەین و نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەین".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، لە هەرێمی کوردستان 1373 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت، 10 پرۆژەی مریشکی هێلکەی خواردن، 17 پرۆژەی جوجەڵەی گۆشت و پرۆژەیەکی نەژادی پەلەوەر هەن، ئێستا نزیکەی 70 %یان لەکاردان، بۆیە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەدا، زیانێکی گەورە بە ئابووریی کوردستان دەکەوێ.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی سنوورێکی فراوانمان لەگەڵ عێراق و ئێران هەیە و لەم دوو وڵاتەش نەخۆشییەکە بڵاوبووەتەوە، بۆیە مەترسیی زۆرمان هەیە بگاتە کوردستانیش، دڵنیاین ئەوکات زیانێکی زۆر بەر ئابووریی هەرێمی کوردستان و پرۆژەکانی پەلەوەر دەکەوێ، چونکە ئاگادارین حکومەت بەهۆی قەیرانی دارایی، بودجەی باشی بۆ تیمەکان تەرخان نەکردووە و توانای چالاکیی تیمەکان سنووردارە".

هەرچەندە هێشتا نەخۆشییەکە نەگەیشتووەتە هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک حەیدەر فەرحان دەڵێت: "بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە عێراق، ئێستا حکومەتی ناوەندی رێگە بە بازرگانان نادات بەرهەمی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان ببەنە عێراق، بۆیە نرخی مریشک لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە و خاوەن کێڵگەکان لە فرۆشتنی هەر کیلۆیەک مریشک 300 دینار زەرەر دەکەن".

> **کێڵگەکانی پەلەوەر هەر کیلۆیەک مریشک بە 300 دینار زەرەر دەفرۆشن**

# نرخی سەگی پشدەر دەگاتە 50 هەزار دۆلار

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

هێرش بەدرەدین، خاوەنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی سەگە لە شارۆچکەی مەلائۆمەری نزیک هەولێر. بە گوتەی خۆی ساڵانە 50 هەزار دۆلاری لە فرۆشتنی سەگی خۆماڵی و بیانی دەستدەکەوێ.

هێرش جگە لە سەگی پشدەر کە خۆماڵییە، سەگی بیانی لە جۆری جێرمەن شیبرد و روت وایلەر بەخێو دەکات. تەنیا مانگی رابردوو 12 بەچکەی لە بەرهەمی جێرمەن شیبرد فرۆشتووە، کە نرخی یەک بەچکە لەو جۆرە سەگە بە گوێرەی جوانییەکەی لە نێوان 1200 تاوەکو 1800 دۆلارە.

خەریکە بەخێوکردنی سەگ لە کوردستان لە ئارەزووەوە دەبێتە بازرگانی. بەهۆی ئەو داواکارییە زۆرەی لەسەر سەگ هەیە، چەند کێڵگە و پێشانگایەکی تایبەت بە بەخێوکردن و فرۆشتنی سەگ کراونەتەوە.

بیرۆکەی بەخێوکردنی سەگ بۆ قازانج لەلایەن هێرشەوە بۆ حەوت ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، سەرەتا بەبەخێوکردنی سەگی پشدەر دەستی پێکرد، دواتر سەگی بیانیشی بەخێوکرد. هێرش دەڵێت: "نرخی سەگی پشدەر جیاوازە لەگەڵ سەگی جێرمەن شیبرد و روت وایلەر، بەچکەی پشدەرمان بە 8 هەزار دۆلار فرۆشتووە، ئەگەر جوانیش بێت 10 تاوەکو 12 هەزاریش دەکات".

بە گوتەی هێرش، سەگی پشدەر لەلایەن فارس و تورکەکانەوە داواکارییەکی زۆری لەسەرە.

> **سەگە بەرەڵڵاکانی کوردستان برداون بۆ رووسیا و ئەمریکا**
> بەڕێوەبەری ڤێترنەری هەولێر

هێرش گوتی: "نرخی سەگێکی پشدەر ئەگەر باش بێ و گەورە بێ دەگاتە 50 هەزار دۆلار".

ئێستا لە کوردستان چەند پێشەنگایەکی تایبەت بە فرۆشتنی سەگ کراونەتەوە کە جگە لە سەگی خۆماڵی، سەگی ئۆکرانی، رووسی، سربی و بیلارووسی دەفرۆشن.

ئەو سەگانەی هاوردە دەکرێن دوو جۆرن، سەگی بچووکی ناوماڵ لە جۆرەکانی شیدزو، چاوچاو، بومرینیان، تریال مالتیز، لولو فۆکس، جۆرێکی دیکەشیان بۆ جوانی و پاسەوانی لە دەرەوەی ماڵ و کێڵگە و باخەکان بەخێودەکرێن کە بریتین لە جۆرەکانی جێرمەن شیبرد، روت وایلەر، بلدوک، مالینو، لابرادور، دوبرمان، گۆلدن ریتریفر، بیتبول، هاسکی.

ئەحمەد موفەق، خاوەنی پێشانگای ڤیلا بۆ کڕین و فرۆشتنی سەگ و پشیلە لە شاری هەولێر، دەڵێت: "هەموو جۆرە سەگێک کڕیاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەنێو سەگە بچووکەکان سەگی جۆری بومرینیان، تریال مالتیز و چاوچاو بەرناکەوێت، ئەگەر جوان بێت ژنان و گەنجان بەهەر نرخێک بێت دەیکڕن، بۆ پاسەوانی و جوانیش، سەگی جێرمەن شیبرد، روت وایلەر، دوبرمان ، مالینو لە کوردستان خواستێکی زۆریان لەسەرە".

ئەحمەد موفەق باسی نرخی سەگەکانی پێشانگاکەی دەکات و دەڵێت: "سەگی جۆری بومرینیان نرخی 1400 - 2100 دۆلارە، نرخی سەگی تریال مالتیز کە بەرهەمی ناوخۆ بێ 100-500 دۆلارە، بەڵام بیانییەکەی بە 1200 دۆلارە، سەگی چاوچاوی چینی بە 1000 - 2500 دۆلارە. جێرمەن شیبرد بەگوێرەی زیرەکی و رەنگ و جوانی و رەسەنی و پتەویی جەستەی بە 1400 — 6000 دۆلارە، روت وایلەر بە 1000-2500 دۆلارە، هەروەها دۆبرمان و مالینوش بە 700 - 1800 دۆلارن".

پێشتر ئەحمەد، لەڕێی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە سەگی هاوردە دەکرد، بەڵام دوای راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئێستا لە رێگەی تورکیاوە هاوردەیان دەکات. ئەحمەد دەڵێت: "ئێستا خەرجیی هاوردەکردنی هەر سەگێک نزیکەی 120 دۆلار زیاتر بووە، بۆ نموونە پێشتر سەگێک لە ئۆکرانیاوە بە 45 دۆلار دەگەیشتە دەستمان لە هەولێر، ئێستا 100 دۆلار کرێی فڕۆکە تا تورکیا دەدەین، لەوێش 75 دۆلار دەدەین تاوەکو هەولێر".

60 %ی ئەو سەگانەی ئەحمەد هاوردەیان دەکات لە شارەکانی عێراق ساغیان دەکاتەوە. ئەو دەڵێت: "لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆرترین خواست لەسەر سەگ لە پارێزگای سلێمانییە، دوای ئەو دهۆک، پاشان کەرکووک و هەولێر. سەبارەت بە شارەکانی عێراق، تەنیا لە نەجەف و کەربەلا خواست لەسەر سەگ کەمە، ئەگینا لەسەرجەم شارەکانی عێراق باشە".

قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بازاڕی سەگ هەبووە. ئەحمەد دەڵێت: "پێشتر لە فرۆشتنی سەگێک 300 دۆلارم قازانج دەکرد، ئێستا 50 دۆلار قازانج دەکەم".

زیادبوونی خواست لەسەر بەخێوکردنی سەگ هانی پزیشکانی ڤێتەرنەری داوە، نۆرینگەی تایبەت بە پشکنین و چارەسەرکردنی سەگ و پشیلە بکەنەوە.

دکتۆر مستەفا محەممەد زەکی، خاوەنی نۆڕینگەی ڤێترنەری بلو ئوبال لە هەولێر، دەڵێت "ماوەی چەند ساڵێکە بەخێوکردنی سەگ لە هەولێر پەرەی سەندووە، زۆرتر عەرەب و مەسیحی و بیانییەکانی کوردستان بەخێوی دەکەن، هەروەها بووەتە خولیا لەلای هەندێک گەنجی کوردیش".

دکتۆر مستەفا محەممەد کە بەڕێوەبەری کەرەنتینی هەولێریشە، هەروەها دەڵێ "بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستمانن، دەتوانین بڵێین بە بەراورد بە سێ ساڵی رابردوو، راگرتن و بەخێوکردنی سەگ لەهەولێر بەرێژەی 25 % زیادی کردووە".

بەگوێرەی رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەموو کەسێک دەتوانێ سەگ هاوردە بکات، بەمەرجێک سەگەکە کارتی پزیشکیی هەبێت و کوترابێ و تووشی نەخۆشیی هاری نەبووبێ.

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێترنەری هەولێر، دەڵێت: "ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سەگ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەشێکیان بەشێوەی فەرمی دێن و بەشێکی دیکەشیان بە قاچاخ، بۆیە داتایەکی وردمان لەسەر هاوردەکردنی سەگ نییە".

گوتیشی: "ئەو سەگانەی کە راهێندراون بۆ شەڕ و دۆزینەوەی چەک و مادده بێهۆشکەرەکان، تەنیا بە رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ رێگە بەهاوردەکردنیان دەدەین، ئەو سەگانەشی بۆ جوانی هاوردە دەکرێن، ئەگەر نەخۆش نەبن و کارتی پزیشکییان هەبێ رێگەیان پێدەدەین، بەڵام ئەگەر کەسێک ژمارەیەکی زۆر سەگ هاوردە بکات، ئەوە دەبێ کۆمپانیای هەبێ".

وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ ئامارێکی نییە بۆ ژمارەی سەگ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دکتۆر مامەند پێشبینی دەکات نزیکەی 5 هەزار سەگ لە سنووری شاری هەولێر هەبن. دکتۆر مامەند دەڵێت "سەگە بەرەڵاکانیش جۆری نایابیان تێدایە، بۆیە ژمارەیەکیان لەلایەن خەڵک و رێکخراوەکانەوە بردراون بۆ ئەمریکا، رووسیا، فەرەنسا، ئێران و تورکیا".



هەموو کەسێک دەتوانێ سەگ هاوردە بکات، بەمەرجێک سەگەکە کارتی پزیشکیی هەبێت (فۆتۆ: ڕووداو)

> ### سەگە بەرەڵاکانی کوردستان زیرەکن
>
> ئەحمەد مۆفەق، خاوەنی کۆمپانیای ڤیلا بۆ هاوردەکردنی سەگ و پشیلە دەڵێت: "سەگی کوردستان لەو سەگانەی بۆ پاسەوانی هاوردە دەکرێن باشترن، چونکە مێشکێکی باشیان هەیە، زۆر بەخێرایی راهێنان وەردەگرن و ئازان، هەروەها وەفایان بۆ خاوەنەکەیان زیاترە".
>
> ئەحمەد بەڵگە بۆ قسەکانی دێنێتەوە و دەڵێت: "سەگێکی بەرەڵام بۆ ئەمیر خالید برد لە بەغدا کە راهێنەرێکی بەناوبانگی سەگە. لەگەڵ سەگێکی پۆلیسی راهێنانی پێکرد، دەرکەوت ئەوەی هەولێر زۆر باشتر و خێراتر راهێنانەکان وەردەگرێ، هەروەها سەگێکی بەرەڵام بۆ راهێنەرێکی ئەفریقی هێنا، دوو ساڵ بەخێوی کرد، شتێکی نایابی لێدەرچوو".

> **50 ساڵانە هەزار دۆلارم لە بەخێوکردنی سەگ دەستدەکەوێ**
> بەخێوکەرێکی سەگ



محەمەد شێخ فاتح

# جیهان بەرەو کۆتایی سەردەمی پێترۆ دۆلار

شارەزایانی ئابووری دەڵێن ساڵی 2018 جیهان لەبەردەم ئەگەرێکی نوێدایە کە ئایا سەردەمی قەڵەمڕەوی دۆلار کۆتایی دێت و یوانی چینی جێگەی پێ لێژ دەکات؟ ئایا ساڵی 2018 سەرەتای کۆتایی پێترۆ دۆلار و هاتنی پێترۆ یوانە؟

بۆ گۆڕینی یاساکانی ئەم هاوکێشەیە، سعودیە کاراکتەری سەرەکییە. ئێستا سعودیە لە نێوان دوو بژارەدایە یەکیان لەوی دیکەیان تاڵتر، سعودیە لە دۆخێکدایە ناچارکراوە کە یەکیان هەڵبژێرێ، یان وەک جاران نەوتەکەی بە دۆلار بفرۆشێت و بازاڕی چین لەدەستبدات، یان نەوتەکەی بە یوان بفرۆشێت و ئەمریکا و ترەمپی هاوپەیمانی تووڕە بکات و وەلای بنێت.

سعودیە لەژێر گوشاری چیندایە، پەکین دەیەوێت نەوتی سعودیە بە یوان بکڕێت نەک بە دۆلار، ئەوەش وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوەی لە داهاتوودا و لە بۆرسەکاندا بازرگانیی نەوت بە یوان بکرێ.

سعودیە کە تا ئێستا پشتی بە ئەمریکا بەستووە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی خۆی، ئەو داوایەی پەکینی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام شارەزایان دەڵێن ئەم ڕەتکردنەوەیە بێ باج نابێت و باجەکەشی قورس دەبێت، چونکە ئەگەر سعودیە ڕازی نەبێت، ئەوا چین بەدوای وڵاتی دیکەدا دەگەڕێت تا نەوتی لێبکڕێت، بۆیە ئەگەری هەیە چین ڕۆسنەفتی رووسی بکاتە جێگرەوەی ئارامکۆی سعودی بۆ دابینکردنی نەوتەکەی، بەوەش گەورەترین بازاڕی ساغکردنەوەی نەوتەکەی لەدەستدەدات.

لە بەرامبەر گوشارەکانی چیندا ئەمریکا هەیە، ئەو دەیەوێت پارێزگاری لە دراوەکەی بکات وەک دراوێک کە نرخی نەوتی پێ دەپێورێت و بە پێترۆدۆلار ناسراوە، هەر بۆیە لە نێوان چنگی ئەم دووانەدا، چاوەڕوان دەکرێت رووبەری جوڵە لە ساڵی 2018دا بۆ سعودیە کەم ببێتەوە.

پێشتر سعودیە بە قورسایی نەوتی خۆی، ڕۆڵی هەبووە لەسەر وڵاتانی ئۆپێک بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت بە دۆلار. دۆلار نەیتوانی بەهای خۆی لەبازاڕی بۆرسەی جیهانیدا جێگیر بکات، تاوەکو ڕێککەوتننامەی 1976 کرا لە نێوان واشنتن و ریاز بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت بە دۆلار.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمریکا دەیەوێت بە دۆلار و چین دەیەوێت بە یوان مامەڵە بەنەوتەوە بکرێت؟ ڕۆژانە، 93-96 ملیۆن بەرمیل نەوت لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت، واتە ساڵانە بەبەهای 1.72 تریلیۆن دۆلار کڕین و فرۆشتن بە نەوتەوە دەکرێت، ئەوەش مانای وایە گرێبەستەکانی نەوت وەک پاڵپشتییەکی بەهێزن بۆ دۆلار، چونکە بە دۆلار مامەڵەکان دەکرێن.

شارەزایان دەڵێن ئەو بڕە زۆرەی مامەڵە بە دۆلار لە بازاڕەکاندا خواست لەسەر دۆلار بەرز دەکاتەوە. وەک یەدەگ لە بانکە ناوەندییەکاندا بەهای دۆلار زیاتر دەبێت، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە نەوت بە دۆلار دەفرۆشن.

پرسیاریکی دیکە، بۆچی سعودیە لەژێر گوشاری ئەمریکادایە؟

چونکە ئەمریکا گەورەترین بەکاربەری نەوتە لە جیهاندا، ڕۆژانە 9.3 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەردین و لیتەیی بەرهەمدێنێ. ئەوەش وای کردووە کە لە بەکاربەرێکی نەوتی سعودیەوە ببێتە رکابەرێکی نەوتی سعودیە. جگە لەوە سعودیە ڕۆژانە 800 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئەمریکا دەکات، زۆربەی ئەو نەوتەش بۆ پاڵاوگەی ئارامکۆ دەڕوات لە پۆرت ئارسەری ولایەتی تێکساس.

لەولاشەوە کە سەرنج دەدەی، چین توانیویەتی ببێتە گەورەترین هاوردەکاری نەوت لە جیهاندا و ئەمریکا تێپەڕێنێت، بە جۆرێک کە ڕۆژانە 11.7 ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردێنێ. هاوکات گەورەترین هاوردەکاری نەوتی سعودیەشە، وەک دەبینین سعودیە ڕۆژانە 1.3 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی چین دەکات.

ئێستا چین نەوت لە وڵاتانی رووسیا، ئێران، نایجیریا، ئەنگۆلا و ڤەنزوێلا بە دراوی یوان دەکڕێت و خوازیارە سعودیەش بخاتە ئەو لیستەوە. لەلایەکی دیکەوە و لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا چین هەوڵێکی زۆری داوە بۆ زیادکردنی یەدەگی زێڕەکەی، هاوکات خاوەنی کانێکی زۆری کانزایە لە ئەفریقا و ئەمریکای باشوور، هەروەها لە یەدەگی دۆلاردا خاوەنی زیاتر لە 3.5 تریلیۆن دۆلاری ئەمریکییە، بەپێی دوایین ئامارەکان چین خاوەنی 1842 تۆن یەدەگی زێڕە، هەر بۆیە چین بە سعودیە دەڵێت نەوتت لێدەکرم بە زێڕ، بەڵام زێڕەکە بە یوان هاوتا دەکات، ئەمەش پێشنیازێکی سەرنجڕاکێشە بۆ سعودیە .

لە هەمانکاتدا قەبارەی بازرگانیی سعودیە لەگەڵ چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیا زیاترە لەو بازرگانیەی کە لەگەڵ ئەمریکا دەیکات، بۆیە سعودیە دۆشداماوە لە هەڵبژاردنی یەک لەو دوو زلهێزە، چونکە لەکاتی هەڵبژاردنی یەکێکیاندا دەبێت، ئەویدیکەیان بەخت بکات.

ئەگەرچی ئەو بازرگانییەی چین دەیکات لەگەڵ وڵاتان زۆر زیاترە لەوەی ئەمریکا دەیکات، بەڵام چین هێشتا هەر دیلی دەستی دۆلارە، چونکە 80 %ی هەرچی بازرگانی هەیە لە جیهاندا بە دۆلار دەکرێت، 63 %ی هەرچی پارە هەیە لە بانکە ناوەندییەکانی جیهاندا دۆلارە، بۆیە ئەگەر نەوت بە یوان مامەڵەی پێوە بکرێت، ئەوا ساڵانە دۆلار 600-800 ملیار پاشەکشە دەکات.

## ● رووسیا لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟

زۆربەی گەورە شرۆڤەکاران لە ئاستی کارڵ وینبێرگی ئەمریکی، چاوەڕوان دەکەن کە رووسیا سەرکەوتوو بێت لە ناچارکردنی سعودیە بەوەی لە داهاتوودا بە یوان نەوتەکەی بفرۆشێت. ئەوان دەڵێن سەردەمی دانانی نرخی نەوت بە یوان نزیکە، هەر لەگەڵ ڕازیبوونی سعودیە بەوەی بە یوان نەوتەکەی بفرۆشێ، ئیدی سەردەمی پێترۆ دۆلار کۆتایی دێت و پێترۆ یوان دەستپێدەکات.

ئەوان ڕایان وایە رووسیا دەتوانێت هەژموونی خۆی بەکاربێنێ لە ناوچە عەرەبیەکان تاوەکو گوشار لە سعودیە بکەن، ئەوە سەرباری ئەوەی رووسیا ئێستا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سعودیە هەیە، بەتایبەتی لەناو ڕێکخراوی ئۆپێک، بینیشمان لە کاتی سەردانی مەلیک سەلمان بۆ رووسیا لە مانگی ئاداری ڕابردوودا بە بەهای 65 ملیار دۆلار گرێبەستیان واژۆ کردووە.

پرسیارە کۆنکریتییەکە ئەوەیە ئایا رووبەری مانۆڕ لە بەردەم سعودیە فراوانە یان بەرتەسکە، ئایا سعودیە لە نێوان دۆلار و یواندا بژارەی سێیەمی هەیە؟



# پێترۆ یوان جێگەی پێترۆ دۆلار دەگرێتەوە؟



یادگار سدیق

تا دێت ئابووریی چین گەشە دەکات، بەمەش ڕۆژ دوای ڕۆژ خواستی چین لەسەر وزە زیاتر دەبێ و ئێستا بووەتە یەکێک لە گەورەترین کڕیارانی نەوت لە جیهاندا کە ڕۆژانە نزیکەی هەشت ملیۆن بەرمیل نەوت هاوردە دەکات. زێدەباری ئەوەش ئەو وڵاتە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی دۆلارە کە دەتوانێت نەوتی پێ بکڕێ، بەڵام خەونی لە مێژینەی چین ئەوە بووە بتوانێت بەهای ئەو وزەیە بە دراوەکەی خۆی بدات کە یوانە. ئەمەش گوشاری بۆ سەر دۆلاری ئەمریکی دروستکردووە کە لەدوای ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە و دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ سعودیە کە نەوت بە دۆلار مامەڵەی پێوەبکرێ، بەهای خۆی لە بازاڕەکاندا جێگیر کردووە.

توانای چین بۆ بەرهەمهێنانی نەوت سنووردارە، بۆیە پێویستی بە هاوردەکردنی نەوتێکی زۆرە. بەگوێرەی زانیارییەکانی حکومەتی پەکین، ساڵی ڕابردوو بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە 4 % پاشەکشەی کردووە و ڕۆژانە 3.8 ملیۆن بەرمیل بووە. لەگەڵ ئەوەشدا داواکاری لەسەر گازی سروشتی بەشێوەیەکی خێرا ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، کۆمپانیای نەوتی نەتەوەیی ئەو وڵاتە پێشبینی دەکات خواست لەسەر ئەو وزەیە لەماوەی ئەمساڵدا 10 % بەرز ببێتەوە، چونکە چین دەیەوێ گازی سروشتی لەبری خەڵوز بەکاربێنێ، هەر بەهۆی ئەو پلانەوە پێشبینی دەکرێت لەماوەی ئەمساڵدا، داواکاری چین لەسەر نەوت بەڕێژەی 4.6 بەرز ببێتەوە و ببێتە 12 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

لەپاڵ ئەو پلانەدا، چین هەوڵدەدات بە دراوی خۆی نەوت بکڕێ، بۆ ئەمەش لە ساڵی 2008 ـەوە بەچڕی هەوڵ دەدات یەدەگی زێڕ بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی بەهای دراوەکەی بکات، ئەوکات یەدەگی زێڕەکەی 600 تۆن بوو، بەڵام لە چارەکی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە 880 تۆن. بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی پەکین، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو لە ساڵی 2015دا یوانی خستە نێو سەبەتەی ئەو دراوانەی کە بەهای دراوی ئەو سندوقە دیاری دەکات و بە مافی تایبەتی ڕاکێشان (SDR) ناسراوە، ئەمە دراوێکە لەلایەن ئەو سندوقەوە دەردەکرێت و تەنیا لەلایەن بانکە ناوەندییەکانەوە بەکاردەهێنرێ، ئێستا یوان لەپاڵ یورۆ، پاوەند، یەن و دۆلار لە دراوی مافی تایبەتی ڕاکێشان بەشدارە، لەگەڵ ئەوەش وەک دراوێکی یەدەگ سەیر دەکرێت، بەگوێرەی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی، لە ساڵی 2016دا یوان 1.1 %ی یەدەکی دراوی بیانی داگیر کرد کە ساڵانی پێشتر هیچ لەو یەدەکەی داگیر نەکردبوو، ئەم هەنگاوانەش یارمەتیدەرن بۆ بەرزکردنەوەی بەهای یوان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەران بۆ دراوەکە.

رووسیا کە لە گەورە بەرهەمهێنەرانی نەوتە، بە پرۆژەکەی چین دڵخۆشە و ڕەزامەندیی نیشانداوە و دەیەوێ لەڕێگەی یوانەوە درێژە بە شەڕە ساردەکەی لەگەڵ ئەمریکا بدات. بۆ پەکینیش گرنگە بەرهەمهێنەرێکی گەورەی وەک رووسیا پشتگیری لە پرۆژەکەی بکات. هەرچەندە ئێران و ئیندۆنیزیا و ڤەنزوێلا ئامادەن نەوتەکەیان بە یوان بە چین بفرۆشن، بەڵام بۆ چین، گرنگە سعودیە بێتە نێو پرۆژەکەی، بەڵام ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی چین بۆ سعودیە قورسە، چونکە ڕۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی لێدەکڕێ. سەرکەوتنی چین لە ڕازیکردنی سعودیە، خواست لەسەر دراوەکەی لەسەر ئاستی جیهان بەرزدەکاتەوە، ئەوە کلیلێکی گرنگە بۆئەوەی وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوتیش بیر لە یوان بکەنەوە. پێشبینی دەکرێ پرۆژەکەی چین گورزێکی کەمەرشکێن لە دۆلار بدات و ساڵانە 600-800 ملیار دۆلار پاشەکشە بکات.

> روسیا دەیەوێ لەڕێگەی یوانەوە درێژە بە شەڕە ساردەکەی لەگەڵ ئەمریکا بدات

## ● ئامۆژەکان بۆ لاوازبوونی پێترۆدۆلار چین؟

یەکێک لە چەکە کاریگەرەکانی ئەمریکا لەدوای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، پیترۆ دۆلار بووە، ئەمەریکا سەرکەوتوو بوو لەوەی قەناعەت بە سعودیە بهێنێ کە نەوتەکەی تەنیا بە دۆلار بفرۆشێ، لە بەرامبەردا خۆرئاوا چەک و پێداویستی دیکەی بە سعودیە و هەر وڵاتێکی دیکە دەفرۆشت کە نەوت بە دۆلار بفرۆشێ. لە ساڵی 1975 سەرجەم ئەندامانی ئۆپێک ڕازی بوون نەوت بەتەنیا بە دۆلار بفرۆشن. ئەمەش هانی ئەمەریکای دا دۆلاری زیاتر بخاتە بازاڕەوە، ئەم هەنگاوە خواستی سەر دۆلاری بەرز کردەوە و کڕینی قەواڵەکانی ئەمەریکای لێکەوتەوە کە بەتەنیا سعودیە ئەوکات بە 2.5 ملیار دۆلار قەواڵەی خەزێنەی ئەو وڵاتەی کڕی، ئەمەش دۆلاری کردە یەکێک لە بەهێزترین دراوەکانی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا توانی بەدراوێک نەوت بکرێت کە بەئارەزووی خۆی لێی چاپ دەکات.

گەورەترین هەڕەشە لە ساڵی 2017 دا بەرزبوونەوەی بەردەوامی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمەریکا بوو، بەڵام لە سەرەتای 2018 دا ئەمەریکا خۆیشی بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. سەرەڕای کاریگەرییەکانی دیکەی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و تەنگژە داراییەکانی بەشێک لە وڵاتانی خاوەن نەوت، ڕووداوە جیۆسیاسیەکانیش لەولاوە بوەستن. دابەزینی بەهای دۆلار فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نرخی نەوت بە دۆلاری ئەمەریکی دیاری دەکرێت، هەر بۆیە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوانیاندا هەیە. ساڵی 2017 پێنوێنی دۆلار 11 % دابەزی. ئەمەش لە چوارچێوەی پلانەکانی ترەمپ بوو بەئامانجی ئەوەی بتوانێت لەو ڕێگەیەوە کێبڕکێی بەدەستهێنانی بازاڕەکانی جیهان بکات و کاڵاکانی بۆ بازاڕەکانی جیهان هەرزان بکات لەبەرامبەر چیندا. ئەم فاکتەرەش بووەتە هۆی ئەوەی متمانە بەدۆلار لاواز ببێت و بیر لە جێگرەوەی بکەنەوە.

پێش گوتارەکەی لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆسی ئەمساڵ، گرتەیەکی ڤیدیۆیی ترەمپ بڵاوکرایەوە کە دەڵێت دۆلار بەهێزتر و بەهێزتر دەبێ، ئەمە دەتوانێ پاڵپشتییەکی بەهێز بێت بۆ دووبارە گەڕانەوەی بەهای دۆلار، بەڵام گوتارەکەی کە لە داڤۆس پێشکەشی کرد، دووبارەکردنەوەی دروشمی "یەکەمجار ئەمەریکا" و هەڕەشەکردن لە چەند وڵاتێک کە بوونەتە هۆی نادادپەوەری لە بازرگانیی جیهان، ترسێکە بازرگانان لەبەرچاوی دەگرن کە دۆلار وەکو ساڵی ڕابردوو بەهای خۆی لەدەست بدات.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم فاکتەرانەش، رووخانی سیستەمەکە هەر وا سانا نییە، چونکە ئاشکرایە ئەمەریکا هەم لە رووی یەدەگی زێڕ و هەم نەوتەوە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە لەسەر ئاستی جیهان، ئەمەش فاکتەرێکی دیکەیە بۆ مانەوەی بەهای دۆلار بەجێگیری. جیا لەوەش دۆلار پاڵپشتییەکی ئابووری و سیاسی و بازرگانیی ئازادی لە پشتە، بەڵام چین سەرەڕای نزمیی یەدەگەکەی، بەردەوام حکومەتی ئەو وڵاتە دەستدەخاتە نێو دیاریکردنی بەهای یوان کە ئەمەش جێگای مەترسییە، چین ئەگەر بیەوێت دراوەکەی جێگەی دۆلار بگرێتەوە، دەبێت ئەم کۆت و بەندانە لەبەردەم بەهای یوان لابدات.



## ڕەوشەن چەلیکەر کلیپی لۆ بەردە بڵاودەکاتەوە

**هیوا سەڵاح/ ڕووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان ڕەوشەن چەلیکەر، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی "لۆ بەردە" بڵاوکردەوە، کە ئاوازەکەی فۆلکلۆرە. ڕەوشـــەن چەلیکەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شـــەونخونییەکی زۆرمان کرد، تاوەکو ئەم گۆرانییە بەرهەمهات، هەروەها بەوێنەگرتنی کلیپەکەش زۆر ماندووبووین، بۆیە پێمانوایە ئەم ڤیدیۆکلیپە بەرهەمێکی نایابە، هیوادارم بە دڵی هەموو لایەک بێت".ڕەوشەن دەشڵێت " گۆرانی لۆ بەردە، چەندین ســاڵە جگە بە زمانی کوردی بە زمانی ئەرمەنی و چەند زمانێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە، ئێمە حەزمانکرد، جارێکی دیکە بەشـێوازێکی نوێ بە زمانی کوردی زیندووی بکەینەوە".

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# لە سوێد لە پەکەکە دوورکەوتمەوە



خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان لە بەشی نۆیەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا باسی کۆچکردنی خۆی و کوڕەکەی لە ئەڵمانیاوە بۆ سوێد دەکات و دەڵێت ئیدی لەوێ لە سیاسەت دوورکەوتەوە.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی نۆیەم**

**ڕووداو: پێشتر گوتت لە ئەڵمانیا کێشەتان زۆر بوو، چوون بۆ سوێد، ئەمە ساڵی چەند بوو؟**
**گوڵستان:** ساڵی 1983 بوو.
**ڕووداو: غەریبایەتی سوێد و ئەڵمانیا هیچ جیاوازییەکی هەبوو؟**
**گوڵستان:** ئەڵمانیا کوردی زۆری لێبوون، تێکەڵی لە ئەڵمانیا زۆرتر بوو، بەڵام لە سوێد تەنیایی زیاتر بوو، خواردنی کوردی نەبوو. هەموو خواردنێکی لێنەبوو. نەمدەتوانی نانی ئەوان بخۆم. لە سوێد شتێک نەبوو ڕەنگی ئێمەی پێوەبێ.
**ڕووداو: ئەی مەسەلەی ئیقامە و ئەو شتانەت چۆن جێبەجێ کرد؟**
**گوڵستان:** لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەریم کردبوو، بەڵام بەدوایدا نەچووم، کەسیش نەبوو بۆم پرسیار بکات. من نەمدەزانی مافی من لە ئەڵمانیا چییە. مەحموود باکسی کە لە سوێد بوو، زۆرجار دەهاتە ئەڵمانیا لەلای ئێمە دەمایەوە. ئەو پێشنیازی بۆ کردم کە بچینە سوێد و گوتی بۆ ئێوە زۆر باشترە. گوتی ئێوە لە ئەڵمانیا پاسپۆرتتان نییە. لەوێ بەس پاسپۆرتی پەنابەری هەبوو. جا شڤان هەموو جارێک لەگەڵ پۆلیسی سنووری وڵاتان دەبوو بە شەڕی لەسەر ئەوەی هێندە پێی بڵێن تۆ کێی، بۆ کوێ دەچی، پرسیاری زۆریان لێدەکرد. مەحموود پێیگوتین مافی پەنابەران لە سوێد زۆر زیاترە لە ئەڵمانیا.

**ڕووداو: مافی پەنابەریتان زوو وەرگرت؟**
**گوڵستان:** مەحموود باکسی خەریکی کاروبارەکان بوو، ئەو بەوپێیەی نووسەرێکی بەناوبانگ بوو، لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتە (ئافتنبلادت) گۆشەی هەبوو، تێکەڵی زۆری لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت هەبوو. بە تایبەتی نێوانی لەگەڵ ئۆلف پاڵمە خۆش بوو کە سیاسەتمەدارێکی دیاری سۆسیال دیموکرات بوو. ئۆلف پاڵمە بۆ کورد کەسێکی زۆر باش بوو. بیرمە زۆر نارەحەت بووم بە کوشتنی. زۆر گریام. وەک ئەوە وابوو کەسێکی نزیکی خێزانەکەم لە دەست بدەم. جا لەبەر ئەوەی من لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەریم کردبوو، نەدەکرا لەوێش داوای مافی پەنابەری بکەم. بەڵام مەحموود باکسی لەگەڵ سیاسەتکارانی ئەوکاتی سوێد زۆر تێکەڵ بوو. پێیگوتن ئەوە گوڵستان و کوڕەکەی هاتوونەتە سوێد، داوای پەناخوازی لە ئێوە دەکەن. گوڵستان هونەرمەندێکی کوردە و ناتوانێ بگەڕێتەوە تورکیا.
**ڕووداو: لە سوێد ژیانتان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات؟**
**گوڵستان:** لە سیاسەت دوورکەوتمەوە، پەیوەندیم لەگەڵ هەڤاڵان بڕی. بڕیارم دا فێری زمان ببم، چونکە هاتبوومە وڵاتێکی تازە، دەبووایە فێری زمانی ئەو وڵاتە ببم. کاتەکانم زیاتر لەگەڵ کوڕەکەم بەسەر ببەم.
**ڕووداو: شڤان پێی ناخۆش نەبوو کە وازت لە سیاسەت هێنا؟**
**گوڵستان:** دوای من شڤانیش وازی هێنا. چونکە ناکۆکی کەوتە نێو هەڤاڵان. لە 1984 گرووپی ئەورووپا دژی یەکدی شتیان نووسی. ئێمە بینیمان هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی لەو شەڕەدا نییە، بۆیە وازمانهێنا.
**ڕووداو: ئەی لە کاری هونەری بەردەوام بووی؟**
**گوڵستان:** گرووپی کوردان هەموویان لە ئەورووپا بوون، بە تایبەتی لە سوێد. زۆر لە سیاسەتمەدارانی گرووپەکانی وەکو پێشەنگ و دەدەکادە و پەسەکە و ڕزگاری لە سوێد بوون. خەڵکیان هەبوو دەهاتن بۆ کۆنسێرتان، فیدراسیۆنی کوردان لەوێ هەبوو، ئێستاش زۆر چالاکن. پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەت زۆر باش بوو. ئەوانەی سەرپەرشتی فیدراسیۆنیان دەکرد کەسانی خوێندەوار بوون. زمانی سوێدییان بە باشی دەزانی. وات هەست دەکرد کورد لەوێ ئۆتۆنۆمی وەرگرتووە. بەڵام ئەمە لە ئەڵمانیا نەبوو.
**ڕووداو: مافی خوێندن بە زمانی دایک هەبوو؟**
**گوڵستان:** کە سەرخۆبوون دەستی بە خوێندن کرد، پێیانگوتین چەند منداڵێکی کورد لێرە هەن، مافی ئەوەتان هەیە بە زمانی دایک بخوێنن. ئەوکات کرمانجی و سۆرانی هەبوو، ئێمەش داوای کرمانجیمان کرد.
**ڕووداو: شڤان پەروەر لە سوێد سەردانی دەکردن؟**
**گوڵستان:** 20 ڕۆژ جارێک یان مانگی جارێک دەهات سەردانی دەکردین.
**ڕووداو: شڤان هاووڵاتیی ئەڵمانی بوو؟**
**گوڵستان:** پاسپۆرتی پەنابەری هەبوو لە ئەڵمانیا. من دوای ساڵ و نیوێک پاسپۆرتی سوێدیم وەرگرت، شڤانیش بەهۆی منەوە پاسپۆرتی سوێدی وەرگرت. بەڵام فێری زمانی سوێدی نەبوو، لە نێوان ئەڵمانیا و سوێد دەهات و دەچوو. ئەو زیاتر کەیفی بە ئەڵمانیا دەهات، زمانی ئەڵمانیشی دەزانی. حەزی لە سوێد نەبوو. ئەو دەبووایە لە ماڵەوە بە دیار ئێمەوە دابنیشێ. جگە لەوەش بەلجیکا و نەمسا و فەرەنسا لەئەڵمانیا نزیک بوون، شڤان زۆر حەزی دەکرد بچێتە ئەو وڵاتانە. لەوێ ئاسوودەتر بوو.
**ڕووداو: ئەمە کێشەی دروست نەکرد لەنێوانتان؟**
**گوڵستان:** من زۆر عاجز بووم، من و سەرخۆبوون بە تەنیا هاتین بۆ سوێد. ساڵێک دوو ساڵ سێ ساڵ هەر بە تەنیا بووم. بەوە زۆر بریندار بووم. نەمدەتوانی قەناعەت بە شڤان بهێنم بێتە سوێد، بۆیە تەلەفۆنم بۆ دایکم کرد و پێمگوت برا گەورەکەم بنێرە، ئەویش بە خێزانەوە هات بۆ سوێد. ئیدی سەرخۆبوون خاڵی خۆی کرد بە باوکی خۆی.
**ڕووداو: پەیوەندیی کۆمەڵایەتیت لە سوێد چۆن بوو، کەس هەبوو هاتوچۆی بکەی؟**
**گوڵستان:** هەبوون، بەڵام زۆر نەبوون، زۆرتر پەیوەندیم لەگەڵ ماڵی براکەم هەبوو، لەوێ بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. ئەگەر ئەوان نەبوونایە ژیانی ئەوێ زۆر زەحمەت بوو، چونکە لەوێ گەلێک کەس بەهۆی تەنیاییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن.
**ڕووداو: زۆر ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد لە سوێد بوون، پەیوەندیتان لەگەڵیان نەبوو؟**
**گوڵستان:** من لە ئۆپسالا بووم، ئەوان لە ستۆکهۆڵم بوون. ئۆپسالاش زۆرتر بەوە ناسراوە کە شاری خوێندنە، زۆر خەڵکی بیانی دێنە ئەوێ بۆ خوێندن. ئەگەر خوێندکار نەبووای نەتدەتوانی تێکەڵی کۆمەڵگەی ئۆپسالا ببی.
**ڕووداو: کاری هونەریت دەکرد؟**
**گوڵستان:** من پێموابوو ئەگەر کاری هونەری نەکەم ئەوە کەموکورییەکم هەیە. بۆیە بەرەورووی زەحمەتی زۆر دەبوومەوە، لەلایەک سەرخۆبوون، ماڵ لەلایەک و فێربوونی زمانیش لە لایەکی دیکە. هەمیش کۆنسێرت بکەم، بەڕاستی زۆر زەحمەت بوو.
**ڕووداو: دەچوویە دەرەوەی سوێد بۆ کۆنسێرت؟**
**گوڵستان:** بەڵێ، دەچووم بۆ دانیمارک، فەرەنسا و زۆر وڵاتی دیکە.
**ڕووداو: لە ژمارەی ڕابردوودا باسی جگەرخوێنت کرد، لە سوێد پەیوەندیتان بەردەوام بوو؟**
**گوڵستان:** بەڵێ. ماڵی ئەوان لە ستۆکهۆڵم بوو. بەڵام ئەگەر شڤان لە ماڵ بووایە کە دەچووین بۆ سوێد دەچووینە ماڵی مەحموود باکسی و لوتفی باکسی برای کە دراوسێی سەیدایێ جگەرخوین بوو، بۆیە دەچووین بۆ لای ئەویش. مامۆستا جگەرخوین منی وەکو کچی خۆی دەبینی. سەرخۆبوونیش نەوەی، بەو چاوە سەیری ئێمەی دەکرد. زۆر کەیفی بە ئێمە دەهات. یەکێک گلەیی لەلا کردبوو کە شڤان هەڵبەستی ئەوی تێکداوە، گوتبوویان تۆ دەڵێی کینە ئەز، شڤان کردوویەتی بە کینە ئەم. ئەویش گوتبووی هەڵبەستەکانی من بۆ شڤان و گوڵستانن، هەر چۆنی حەزیان لێیە با دەستکاری بکەن. زۆر لە ئێمە ڕازی بوو. دەیگوت مافی هەڵبەستەکانی من دەدەن. جارێک لێم پرسی سەیدا هەڵبەستەکانی تۆ کە دەنووسی، خۆی میوزیکیان لەگەڵە، ناچارین بەو ڕیتمەی تۆ بڕۆین. ئەویش گوتی من لە دڵەوە میوزیک دەنووسم.

> دوای من شڤانیش وازی لە پەکەکە هێنا

> بە کوژرانی ئۆلف پاڵمە زۆر نارەحەت بووم

> شڤان حەزی لە ژیانی سوێد نەبوو

> نەمتوانی قەناعەت بە شڤان بکەم لە سوێد بژی
> •
> جگەرخوێن من و شڤانی سەرپشک کردبوو دەستکاریی هەڵبەستەکانی بکەین

## سۆما ڕەمەزانپوور، کچە نمایشکاری کورد بۆ (ڕووداو):

# بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم لە کوردستان ماومەتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو — هەولێر**



سۆما ڕەمەزانپوور، کچێکی گەنجی خەڵکی مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ماوەیەکە وەک نمایشکار دەردەکەوێت و لە ڕێکلامی چەند براندێکی جلوبەرگ و مکیاژدا بەشداریی کردووە، سۆما کێش و باڵای گونجاوە بۆ نمایشکاری و دەتوانێ لە هەموو جیهاندا وەک نمایشکارێکی ستاندارد دەربکەوێ.

ئەو کە دایک و باوکی لە ئێرانن و بۆ کارەکانی زۆر پشتگیریی دەکەن، دەڵێت: "ئەوان دەیانەوێت کچەکەیان سەرکەوتوو بێت و سەریان بەرز بکاتەوە".
سۆما ڕەمەزانپوور، خانمە نمایشکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مهاباد لەدایک بووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە کاری مکیاژ و نمایشکاری جلوبەرگ بووە، ئەگەرچی کارکردن لە ئێران لەو دوو بوارەدا سەختە و ئەو کەسانەی لەو بوارانەدا کار دەکەن زۆر بە چانس نین، بەڵام ئەو بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی بەردەوام هەوڵی داوە ئێستا هەست دەکات تا ڕادەیەک نزیکە لە بەدیهاتنیان".
کێش و باڵای سۆما بۆ نمایشکاری جلوبەرگ گونجاوە و دەتوانێت لە هەموو دونیادا وەک نمایشکار کار بکات "باڵام 176 سانتیمەترە، کێشم 55 کیلۆگرامە کە ئەمە کێش و باڵایەکی ستانداردە، واتە من دەتوانم لە دوبەی و پاریس و میلان و نیویۆرکیش بچمە سەر ستەیج و وەک نمایشکار دەربکەوم، وەک ئەو نمایشکارانە نیم کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی کەمیی کچی باڵابەرزەوە چاوپۆشییان لێدەکرێت و دەبن بە نمایشکار".
ئەم کچە گەنجە کە ئێستا جگە لە کاری نمایشکاری خەونی بوون بە پسپۆڕی مکیاژیشی هەیە، لە هەمانکاتدا خەریکی خوێندنە، سۆما دەڵێت کە دەستبەرداری خەونەکانی نابێت و لە چەند مانگی داهاتوودا بۆ بەشداریکردن لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی جیهانی دێتە باشووری کوردستان و چەند کارێک لە شاری هەولێر دەکات.
سۆما لە ڕابردوودا دەرفەتی زۆری هەبووە بۆ ئەوەی بچێتە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش، بەڵام بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و بوون بە نمایشکارێکی بەناوبانگی کورد لە بواری نمایشی جلوبەرگدا، لە کوردستان ماوەتەوە "دەمەوێت بە ناوبانگەوە وەک نمایشکاری جلوبەرگ بچمە دەرەوە، نەوەک لێرە خەونەکانم بەجێبهێڵم و بڕۆم".
ئەو کچانەی کە شۆخ و جوان و باڵابەرزن، هەمیشە چانسی ئەوەیان هەیە لە بواری دیکەوە بانگهێشت بکرێن بۆ ئەنجامدانی کار، سۆماش لەلایەن چەند دەرهێنەرێکەوە داوای کاری لێکراوە، بەتایبەتی بۆ دەرکەوتن وەک ئەکتەر لە کلیپدا، سۆما دەڵێت: "زیاتر لە 30 هونەرمەند داوایان لێکردووم لە کلیپەکانیاندا دەربکەوم، بەڵام من هەرگیز نامەوێت وەک ئەکتەری کلیپی گۆرانی دەربکەوم".
چاوی دەرهێنەرانی فیلمیش لەسەر سۆمایە، بەڵام ئەو نایەوێ ئەو بوارەش تاقیبکاتەوە. سۆما دەڵێت: "دەرهێنەرێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەرهێنانی فیلمێک هاتە باشووری کوردستان، داوای لێکردم لەگەڵی بێم و ڕۆڵی زین ببینم کە داستانێکی خۆشەویستیی کوردییە، بەڵام ڕەتمکردەوە".
هەروەها دەڵێت: "کاتێک بچووک بووم، چەند دەرفەتێک هەبوو بۆ ئەوەی ببمە ئەکتەر لە فیلمی ئێرانی، بەڵام ئەو کاتە دایک و باوکم ڕێگەیان نەدەدام و دەیانگوت کاتێک گەورە بووی، ئەگەر حەزت بۆ ئەم کارە هەبوو ڕێگریت لێناکەین و دەتوانی بیکەی، بەڵام ئێستا لەم تەمەنە بچووکە خەریکی خوێندن بە".

> زیاتر لە 30 هونەرمەند داوایان کردووە کلیپیان لەگەڵ بکەم

> لە فیلمێکدا ڕۆڵی زینیان پێدام، بەڵام ڕەتمکردەوە

> داوایان لێکردم لە فیلمی ئێرانیدا ڕۆڵ ببینم



## 90 کۆچبەر لە کەناراوەکانی لیبیا خنکان

**رووداو – هەولێر**

ڕێکخـراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتیی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، نزیکەی 90 کۆچبـەر لە کەناراوەکانی لیبیا خنکاون. ڕووداوەکە بەهۆی وەرگەڕانی بەلەمی کۆچبەرەکانەوە ڕوویداوە و بەگوتەی ڕێکخراوەکە زۆرینەی کۆچبەرەکان خەڵکی وڵاتی پاکستان بوون و ویستوویانە خۆیان بگەیێننە وڵاتانی ئەورووپا. وەزارەتی دەرەوەی پاکستان ڕایگەیاندووە، دیپلۆماتکارانی ئەو وڵاتە گەیشتوونەتە کەناراوەکانی لیبیا و هەوڵی زانینی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە دەدەن و کار لەسەر ئەوە دەکەن کە گەڕان بە دوای تەرمەکاندا بەردەوامبێت. هیچ تیمێکی فریاکەوتنی کۆچبەران نەیتوانیوە کۆچبەرەکان ڕزگاربکات و تەرمی 10 کۆچبەر بە شەپۆلەکانی دەریا کەوتوونەتەوە کەنار دەریاکە.



تاراوگە
رووداو
ژمارە ( 492 ) – دووشەممە 2018/2/5

# لۆبۆمێز..

# ئەو شارەی کورد بە زیندانەکەیدا دەیناسنەوە

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- گرتووخانەی لۆبۆمێز، بولگاریا**

ئەگەر لە گووگڵ بەدوای ناوی لۆبۆمێزدا بگەڕێی، ئەوەندەی وێنە و تێکستت لەبارەی گرتووخانەیەک دەستدەکەوێ، هێندە زانیاریت لەبارەی ئەو شارۆچکەیەی باشووری بولگاریا دەستناکەوێ. لۆبۆمێز بووە بە زیندانێکی ئاشنا و وێستگەیەکی حەتمی بۆ ئەو کۆچبەرە کوردانەی بەڕێی بولگاریادا دەیانەوێ بگەنە "بەهەشتی ئەورووپا".

کوردەکانی زیندانی لۆبۆمێز زۆر بێزار و ماندوون، شتی هێندە سەیر سەیر لەبارەی زیندانەکە دەبینن و دەبیستن کە پێشتر بیریان لێ نەکردووەتەوە، ئەو کۆچبەرانە ماندوو و شەکەتن، بەدەست سیستەم و شێوازی مامەڵەکردنی بەرپرس و پۆلیسەکانی زیندانەوە، بەتەواوی بێزار بوون.

ئیدریس سالح، کۆچبەرێکی کوردی هەولێرە، بەهۆی ئەوەی بە نایاسایی چووەتە نێو خاکی بولگاریا، لە لۆبۆمێز دەستگیرکراوە. ئیدریس کاتێک قسەی بۆ (رووداو) کرد، دوو مانگ زیاتر بوو خرابووە زیندانی لۆبۆمێز. ئەو گوتی "ئەوە دوو مانگ و چەند ڕۆژێکە لێرەم، بە ئەندازەی زیاتر لە 20 ساڵ، خەمم خواردووە، هاوڕێیانی زیندان، شتی سەیر سەیر باسدەکەن و خۆشم بەشێکم لەو ڕووداوە سەیرانە بینیوە، بۆ نموونە: ماوەیەک لەمەوبەر لەدوای شەش مانگ زیندانی، کوڕێکی پاکستانییان بەناوی ئیبراهیم، ئازاد کرد و لەبەر دەرگای لۆبۆمێزەوە بەتەنیا ڕۆیشت، دوای ماوەیەک گیراوی نوێیان بۆ هێنابن، سەیرمان کرد ئیبراهیمیان هێناوەتەوە زیندان، بەلامانەوە سەیر بوو".

زیندانییەکان پرسیاری لێدەکەن کە بۆچی گەڕاوەتەوە زیندان، ئەویش گوتبووی "نەڕۆیشتووم، تا دەستگیر بکرێمەوە. لەنێو بازاڕی سۆفیا دەڕۆیشتم، لەپڕ پۆلیس کەلەپچەی لەدەست کردم و گرتیانم، بەرەو بنکەی پۆلیس برام، لەوێ گوتم من هەفتەیەکە لە لۆبۆمێز ئازاد کراوم، گوتیان دەزانین، بەڵام بەهەڵە تۆمان ئازاد کردووە، کاتی زیندانییەکەت تەواو نەبووە، لەبەرئەوە دەتنێرینەوە لۆبۆمێز، تا سێ مانگی دیکە".

ئیدریس، لەنێو زیندان بە بێئومێدییەوە دەڵێ: "بەڕاستی جیهانی غەریبی بێ بۆن و تامە، سوێند بەخوا، وەکو ئاژەڵ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، بەڕاستی ئاژەڵ زیاتر ڕێزی هەیە، لانیکەم، ئێواران و لەکاتی خڕکردنەوەیان بە جوانی دەیانخەوە شوێنی خۆیان و ئازاریان پێناگەیەنن، نەبادا مردار ببنەوە، کەچی لێرە هیچ بەها و نرخێک بۆ مرۆڤ دانانێن".

کاروان عەباس، کۆچبەرێکی دیکەی خەڵکی هەولێرە، لە سۆفیا دەستگیر کراوە و خراوەتە زیندانی لۆبۆمێز، ئەو بە هەفتەنامەی (رووداو)ی گوت: "لە سەرەتاوە کە گیراین بڕیاری چەند مانگ بەندکردنمان بۆ دەرچوو، دواتر بڕیارەکە گۆڕا بۆ ئەوەی دیپۆرتمان بکەنەوە، ئینجا گوتیان دەبێ مانگێک چاوەڕوان بن تا دیپۆرت دەکرێنەوە، منیش گوتم زۆرە و بۆ هێندە بمێنینەوە؟ وەرگێڕەکە لەگەڵ بەرپرسی بەشی دیپۆرت قسەی کرد کە ناوی (جۆرج) بوو، لە وەڵامدا گوتی: دەکرێ دیپۆرتەکەی بۆ نزیک بکەینەوە، بە سێ بۆ چوار ڕۆژ کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکەین، بەڵام دەبێ پارە بدات".

کاروان عەباس ئەگەر لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی گوێی لەو قسەیە بووایە بە ئاسایی وەریدەگرت، بەڵام دەڵێ لەوێ بە بیستنی ئەو قسەیە سەری سوڕماوە "داوای بەرتیلیان دەکرد، لەکاتێکدا دەڵێن ئەورووپا جیهانی سیستەمە، لەوێدا بڕیارم نەدا، گوتم پارەم لانییە، دواتر بڕیار دەدەم و ئاگادارتان دەکەمەوە".

کاروان گوتیشی: "بەدەم ڕێگاوە تا ژووری زیندان هەر لە فکر و خەیاڵدا بووم، چی بکەم؟ دەبێ ڕاست بکەن؟ کاتێ چوومەوە ژووری کۆچبەرە کوردەکان و ئەو باسەم بۆ گێڕانەوە، گوتیان: ئەم شتانە لێرە زۆر ئاساییە، ئەمە کاری خۆیانە، دڵنیابە پارەیان پێنەدەی، دیپۆرتەکە زۆر دوادەخەن و کێشەی زۆرت بۆ دروست دەکەن، ئەگەر نۆبەتی دیپۆرتەکەشت بێ، کەسێکی دیکەت لەشوێن دادەنێن کە پارە بدا".

کاروان 100 دۆلار بەرتیلی دا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا کارەکانی دیپۆرتکردنەوەی جێبەجێ کرا و دیپۆرتی کوردستان کرایەوە.

عەزیز کەریم، نۆ مانگە لە زیندانە، بەدەیان نموونەی زیندوویی بینیوە، یەکێک لە نموونەکانی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی: "شەش ڕۆژ بوو دێدەوانیان لە زیندانی لۆبۆمێز ئازاد کردبوو، باوەڕمان وابوو لە سۆفیابێ، یا بەرەو سربیا، یا ڕۆمانیا هەنگاوی نابێ، کەچی پۆلیسی زیندان هات و گوتی: دێدەوان با بڕوات بۆ ئینتەرڤیو. منیش بە شڕە بولگارییەکەوە گوتم هەفتەیەکە ئازاد بووە، بۆ کوێ بێتە ئینتەرڤیو؟. پۆلیسەکە گوتی: بەڕاست؟ دەی کێشە نییە با عوسمان بڕوات، ئاخر زیندانێک نەزانێ کێیان ئازاد کردووە و کێیان لا ماوە، مانای چییە؟ ئەم وڵاتە هەرچی سیستەم و بنەمای یاسایی بێ نییەتی، نزیکەی نۆ مانگە لەم زیندانەم، شتی هێندە سەیر و عەجایبم بینیوە، لە هیچ شوێنێک بەرچاوم نەکەوتووە، لەم وڵاتە تەنیا پارە دەسەڵاتدارە و بە پارە هەموو شتێکت بۆ جێبەجێ دەکرێ".

عەزیز زیاتر قسەی کرد و گوتی: "بەشێک لە زیندانیان بەیانیان درەنگ لەخەو هەڵدەستن و نایەن بۆ وەرگرتنی خواردن، لەبەرئەوە تکتی نانخواردنەکە -کە سەموون و چاییەکە-، دەدەن بەو هاوڕێیانەی نانی بەیانی دەخۆن. ئەو زیندانیانەی نانی بەیانی دەخۆن، خواردنی هاوڕێکانیان وەردەگرن، لەدوای نانخواردنی خۆیان، تەنیا سەموونەکە لەگەڵ خۆیان دەبەنە دەرەوەی چێشتخانە، بەڵام پۆلیسی بەر دەرگا ڕێگە نادات سەموونەکە ببنە ژوورەوە. هەروەها نیوەڕۆیان سێو و کۆخ دابەش دەکەن، ڕێگە بەهەندێک زیندانی دەدەن میوەکە لەگەڵ خۆیان بەرنە ژوورەوە، ڕێگە بە هەندێکی دیکە نادەن. بەڕاستی کەس سەر لەم وڵاتە سەیرە دەرناکات".



لۆبۆمێز بووە بە زیندانێکی ئاشنا و وێستگەیەکی حەتمی بۆ ئەو کۆچبەرە کوردانەی بەڕێی بولگاریادا دەیانەوێ بگەنە "بەهەشتی ئەورووپا"

> **بە 100 دۆلار بەرتیل دیپۆرتکرامەوە**
>
> کۆچبەرێک

## چۆن دەستگیر دەکرێن؟

# دەستگیرکردنە سەمەرەکانی کۆچبەران لە ڕێی ئەوروپا

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- بولگاریا**

ئەو کۆچبەرانەی ڕێی ئەورووپا دەگرنەبەر، بەشێوەیەکی گشتی لە سنوورەکان و لەنێو خانوو و هۆتێل دەستگیر دەکرێن کە هەندێکجار ژمارەیان لە سەرووی 20 کۆچبەر دەبێ، تێکڕا دەبرێن بۆ زیندان و پەنجەمۆریان پێدەکرێ، بەڵام بەشێک لە کۆچبەران جیاواز لە دەستگیرکردنە باوەکە دەکەونە دەست پۆلیس و ئازاری ڕێگەی ئەورووپا دەچێژن.

### تاسەیەک ئاشکرای کرد

نێچیرڤان عومەر، کۆچبەرێکی کوردی شارۆچکەی ئامێدییە، لەسەر سنووری تورکیا و بولگاریا دەستگیرکراوە. لەکاتی دادگاییکردنیدا پێیگوتراوە ئەگەر جارێکی دیکە لە سنوور دەستگیر بکرێ شەش مانگی دیکە بەند دەکرێ. بۆیە لەدوای ئازادبوونی لە زیندان، هەوڵدەدات لەگەڵ باشترین قاچاخچیی نێوان بولگاریا و ڕۆمانیا ڕێبکەوێ.

نێچیرڤان بە (رووداو)ی گوت: "لەدوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر، لەگەڵ قاچاخچییەکی ناوچەی خۆمان ڕێکەوتم، پێمگوت ئەگەر ئەمجارە لە سنوور دەستگیر بکرێم، شەش مانگ لە زیندان دەمێنمەوە. لەبەرئەوە دەبێ گەرەنتی گەیشتنم پێ بدەیت. قاچاخچییەکەش گەرەنتی پێدام و گوتی دڵنیابە بە سەلامەتی دەگەیتە بوخارێست".

ئەو قسانەی قاچاخچییەکە دڵی نێچیرڤانی خۆش کرد، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵی ڕێبکەوێ. نێچیرڤان گوتی "ڕۆژی بەڕێکەوتنم دیاری کرا، ئێمەیان بردە نێو خانوویەکی دەوروبەری سۆفیا، لەوێ ئۆتۆمبێلێکی بەرز ئامادەکرابوو، ئەو ئۆتۆمبێلە بەشێوەیەکی یاسایی باری دەگواستەوە بۆ ڕۆمانیا، لەژێرەوەی ئۆتۆمبێلەکە جێگای تایبەت دروستکرابوو، بەدرێژ بوونەوە جێگای سێ کەسی تێدا دەبووەوە، من و دوو کۆچبەری دیکەیان لەوێ درێژ کرد و ئۆتۆمبێلەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد، ئێمەش باوەڕمان وابوو بەهیچ شێوەیەک دەستگیر ناکرێین، نزیکەی سێ کاژێر لەژێرەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەدا بووین، هەناسەمان بە ئەستەم بۆ دەدرا، دەرچەی هەواگۆڕکێی کەم بوو، هەم قەلەق و نا ئاسوودە بووم، هەم دڵخۆش بووم، لە جێگایەکی سەلامەتم و دەگەمە ڕۆمانیا".

بەڵام چانس تاسەر یاوەری نێچیرڤان نەبوو. ئەو دەڵێت: "خەریک بوو لە لۆم Lom دەرچین، کە دوا ئاوەدانییە لەسەر سنووری بولگاریا، لەگەڵ دەرچوونمان لە بازگەکە شۆفێرەکە زۆر بە توندی لە تاسەیەکی دا، ئەو شوێنەی لە ژێرەوەی ئۆتۆمبێلەکە دروست کرابوو لە ئۆتۆمبێلەکە بووەوە و بە زەوی کەوت، ئازارێکی زۆرمان پێگەیشت و دەستبەجێ پۆلیس دەستگیری کردین. بەمشێوەیە چانسی دەربازبوونم لە بولگاریا لەدەستچوو".

پۆلیسی بولگاری، زۆر بە وردی چاودێریی سنووری تورکیا- بولگاریا، بولگاریا- سربیا و بولگاریا- ڕۆمانیا دەکەن، هەمیشە لە بۆسەدان بۆ دەستگیرکردنی کۆچبەران، زۆرینەی کۆچبەرانیش لەو سنوورانە لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر دەکرێن.

### بە زەردەخەنەوە قۆڵبەستیان کردن

حاتەم شێرزاد، کۆچبەرێکی کوردی ئێزدی ناوچەی شێخانە و لەگەڵ دوو هاوڕێی لە کوردستانەوە ڕێگەی ئەورووپایان گرتووەتەبەر، لە ڕێی هاوڕێ و ناسیاوەکانی زانیویەتی کە ڕێگەی نێوان تورکیا و بولگاریا زۆر سەختە، زۆرینەی کۆچبەران لە سنوور دەستگیر دەکرێن، لەبەرئەوە پێویستە بە ڕێگایەکی دیکە خۆیان بگەیەننە بولگاریا. حاتەم، پەیوەندی بە زۆر قاچاخچییەوە دەکا، دواجار لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێکدەکەوێ. ئەو قاچاخچییە لەگەڵ شۆفێری پاسێکی بچووک ڕێککەوتووە کە بەشێوەیەکی یاسایی دەچێتە خاکی بولگاریاوە، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ کۆچبەران بگەیەنێتە سۆفیا، پێشتر چەندین کۆچبەری گەیاندووەتە شوێنی دیاریکراو.

حاتەم بە (رووداو)ی گوت: "من و دوو هاوڕێکەمیان بردە لای ئۆتۆمبێلەکە. سەیرمان کرد لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلە بچووکەکە شوێنی زۆر بچووکیان دروست کردووە، جێگای یەک کەسی تێدا نەدەبووەوە، کەچی ئێمەیان بە پاڵ خستە ناوی و سەریان پڕکردین لە کەلوپەل، لەو شوێنە بچووکەدا هەموو گیانمان سڕ ببوو، ئازاری زۆرمان پێگەیشت، لە تاو ئازار دەگریاین، شوێنێکی گەرم و کەم هەوا، خەریکە ڕۆح دەدەین، توانای جوڵەکردنمان نییە، لەدوای دوو کاژێر لە سنووری تورکیا پۆلیس زۆر بەوردی ئۆتۆمبێلەکەی پشکنی، هەموو کەلوپەلەکانی نێو ئۆتۆمبێلەکەیان دەرهێنا و دەرگای ئەو شوێنە بچووکەیان کردەوە کە ئێمەی تێدا بووین، سەیریان کردین و بە زەردەخەنەوە ئێمەیان لەو شوێنە تەنگە دەرهێنا و بە قۆڵبەستکراوی ئێمەیان هێنایە لۆبۆمێز".

### پێچانەوەش دادی نەدان

ئاکۆ پشدەری، خەڵکی گوندێکی دەڤەری مەرگەیە، لەگەڵ هاوڕێیەکی پێشمەرگەی بە خەیاڵی گەیشتنە بەریتانیا کوردستان جێدێڵن، هاوشێوەی حاتەم دەیەوێ لەگەڵ قاچاخچییەکی باش ڕێکبکەوێ، دەخوازێ بە سەلامەتی بگاتە نێو خاکی بولگاریا، قاچاخییەکەی دڵنیای دەکاتەوە کە بە سەلامەتی دەیانگەیەنێتە سۆفیا.

ئاکۆ بە (رووداو)ی گوت "من و هاوڕێکەمیان خستە نێو ئۆتۆمبێلێکی گەورەی بارهەڵگر کە مۆلیدەی گەورەی تێدابوو، لە کەلێن و پەنا و پەسیوەکانی نێو مۆلیدەکان دایاننناین و چادری شینیان بەسەر مۆلیدەکان و ئێمەدا دا، پاشان مۆلیدەکانیان بە گورسی گەورە و پان بەستەوە، ئینجا مۆلیدەی دیکەیان خستە پاڵ ئەو مۆلیدەیەی ئێمە لەنێویدا بووین، لە نێو خاکی تورکیاوە تا سنووری بولگاریا بەهۆی کەمیی هەواوە کێشەمان بۆ دروست بوو، بە ناچاری بە چەقۆ کەمێکی چادرەکەمان دڕاند".

لە سنووری بولگاریا لەلایەن پۆلیسی بولگارییەوە زۆر بە وردی بارهەڵگرەکەیان پشکنی، وەک بڵێی دڵنیا بن کە کۆچبەری تێدایە، یا هەواڵیان بە پۆلیس داوە، چادری تەواوی مۆلیدەکانیان لێکردەوە و بە لایت دەگەڕان. ئاکۆ دەڵێت: "ئێمە لە دواییـن موەلیدە حەشاردرابووین، پۆلیسەکان ئەویشیان هەڵدایەوە، ئێمە خۆمان بچووک بچووک کردبووەوە، لایتیان لەنێو چاومان دا و هەردووکمانیان دەستگیر کرد و بەرەو بنکەی پۆلیس براین، دواتر ئێمەیان هێنایە لۆبۆمێز".



کۆچبەران ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و لەنێو باری بارهەڵگرەکان و ژێر ئۆتۆمبێلەکان خۆیان دەشارنەوە، بەڵام هەر ئاشکراش دەبن

# ماڵەکەی باردەکات و کچە کەمئەندامەکەی بەتەنیا بەجێدێڵێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

کاژێر 8ی بەیانی، هۆشیار ئیسماعیل کە لەگەڵ کوڕەکەی پێشمەرگەن، دەچنە دەوام، هەر لەدوای ڕۆیشتنی ئەوان، ژنەکەی هۆشیار ماڵەکە باردەکات و لەگەڵ کچ و کوڕێکی دەڕۆن و دەریای تەمەن 9 ساڵان کە کەمئەندامە، بەتەنیا بەجێدەهێڵن و تائێستاش بێسەروشوێنن.

هۆشیار ئیسماعیل، کە باوکی چوار منداڵە، دەڵێت دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە، بە بینینی ماڵە چۆڵەکەی شۆک بووە "کاژێر 11ی پێش نیوەڕۆ پەیوەندیم بە خێزانەکەمەوە کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخرابوو، وامزانی شەحنی نەماوە. کە گەڕامەوە ماڵەوە و لە دەرگام دا، کەس دەرگای نەکردەوە، پاڵم بە دەرگاکەوە نا و چوومە ژوورەوە، بینیم هەرچی کەلوپەلی ماڵەکە بوو نەمابوو، کەسیش لە ماڵەوە نەبوو".

هۆشیار پرسیاری خێزان و منداڵەکانی لە دراوسێکانی دەکات، دراوسێیەکیان گوتبووی ئۆتۆمبێلێکی بینیوە کەلوپەلی ماڵەکەی بردووە. هۆشیار دەڵێت: "دواتر گەڕامەوە ژوورەوە بینیم کچە 9 ساڵانەکەم کە خاوەن پێداویستی تایبەتە لەژێر قادرمەکەیە، یەکێک لە دراوسێکانمان هات و منداڵەکەمی بردە ماڵی خۆیان".

## دراوسێیەکیان

**دەریا بەدوای نانەڕەقدا دەگەڕا و شەو و ڕۆژێک بەتەنیا لەژێر قادرمەکە مابووەوە**

ژینۆ دراوسێی ماڵی هۆشیارە، ماوەی چەند ڕۆژێک منداڵەکەی لەلای خۆی هێشتووەتەوە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "من یەکەم کەس بووم منداڵەکەم بینی، لەژێر پەیژەکان هەردوو چاوی خۆی گرتبوو، لەبرسان بەدوای خواردن و وردە ناندا دەگەڕا، خۆی پیس کردبوو، شەو و ڕۆژێک بەتەنیا لەژێر ئەو قادرمانە مابووەوە، دیمەنێکی زۆر کاریگەر بوو، ئەگەر هێزم نەدابایە خۆم، نەمدەتوانی بڕۆم، هێزم بە خۆمدا و لەباوەشم کرد و بردمە لای خۆم، ئەوە چەند ڕۆژە لەلای منە".

ژینۆ دەشڵێت: "سەرەتا کە هێنامە لای خۆم دەترسا و زۆر دەگریا، وایدەزانی لێیدەدەم، بەڵام کە زانی ئازاری نادەم هاتە لام، نازانم پێشتر لەلایەن دایکییەوە لێیدراوە یان نا، بەڵام نازانم ئەوە چ ویژدانێکە منداڵێک کە شەلەل دەماخە، نە دەتوانێ قسە بکات و نە دەبینێت، بەم شێوەیە بەتەنیا بەجێبهێڵدرێت".

ئێستا دەریا زیاتر لە دایکی هۆگری ژینۆ بووە. ئەو دەڵێت: "دەریا ئێستا بە بۆن هەستم پێدەکات و هۆگرم بووە، سەرەتا کە هێنامە لای خۆم بە دەستبەندەکەم دەیناسیمەوە، ئێستاش ئەگەر بچمە لای و دەست لە دەستبەندەکەم نەدات دەگرێت و دوور دەکەوێتەوە".

### هیچ کێشەیەکمان نەبوو

لەبارەی هۆکاری ڕۆیشتنی هاوژینەکەی، هۆشیار ئیسماعیل دەڵێت: "شەوی پێش ڕووداوەکە هیچ کێشەیەکمان نەبووە و پێکەوە دانیشتبووین. نازانم ئەو منداڵە چ گوناهێکی هەیە ئاوا بەجێیهێشتووە و ڕۆیشتووە؟!".

دەشڵێت: "هاوژینەکەم خراپ نەبوو، بەڵام خۆیشی نەخۆش بوو، توانای بەخێوکردنی دەریای نەبوو، بۆیە زیاتر ئەو خوشکەی کە ساڵێک لەخۆی بچووکترە و کوڕەکەم ئاگاداری دەریا بوون".

لە دوای ڕووداوەکەوە مۆبایلی هاوژینەکەی داخراوە، بەڵام هۆشیار دەڵێت ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە پەیوەندیی پێوە کردووە "ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی من ڕۆیشتم و ماڵ و منداڵەکانم برد، ئەو منداڵەشم بۆ تۆ بەجێهێشتووە، ویستم پرسیاری لێبکەم کە لەکوێیە و بۆ ئەو منداڵەی بەجێهێشتووە، بەڵام مۆبایلەکەی داخست".

ئەم ژنە یەکەمجاری نییە دەڕوات، وەک هۆشیار دەڵێت "جارێکی دیکەش ماڵەوەی بەجێهێشت و دواتر گەڕایەوە". هۆشیار خەسووی بە هۆکار دەزانێت و دەڵێت: "هەر کاتێک دایکی هاوژینەکەم بێتە ماڵی ئێمە کێشەیەک دروست دەکات، چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکەش ئەو لە ماڵی ئێمە بوو، تەنانەت جارەکەی دیکەش کە هاوژینەکەم ڕۆیشت هەر ئەو لە ماڵمان بوو".

### سکاڵای تۆمار کردووە

زیاتر لە 10 ڕۆژە هاوژین و منداڵەکانی هۆشیار ڕۆیشتوون و کەس نازانێت لەکوێن، هۆشیار دەڵێت "چەند ڕۆژە هیچ هەواڵێکیان نییە و تەلەفۆنیان داخراوە، تەنانەت ناسنامە و بەڵگە فەرمییەکانی منداڵەکانیشی هەمووی بردووە، بۆیە لە بنکەی پۆلیس سکاڵام لەسەر هاوژینەکەم و دایکیشی تۆمار کردووە، بەڵام هێشتا نازانین لە کوێن".



دوای ڕۆیشتنی دایکی دەریا هۆگری دراوسێکانی بووە

---

**منداڵێکی وەکو خۆی تاقانەی لەدوای خۆی جێهێشت**

# ژنێکی 19 ساڵان لە کۆیە خۆی دەسووتێنێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

سیار ئیسماعیل قادر، تەمەن 19 ساڵان، خاوەنی کچێک بوو، بەڵام پێش ئەوەی کچەکەی بە تەواوی فێری (دایە) ببێ، ئەم ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و کچە تەمەن 10 مانگییەکەی بێ دایک کرد.

سیار شووی بە ئامۆزایەکی خۆی بەناوی (فەرامۆش) کردبوو. ژنی ماڵ بووە و بە ویستی خۆی شووی بەو کوڕە کردووە. سیار تاقانەی دایک و باوکی بوو. پێش خۆسووتاندنی چەند جارێک کێشە لەنێوان ئەو و هاوژینەکەی ڕوویداوە و تۆراوە.

ئیسماعیل قادر، باوکی سیار بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە کچەکەم چەند جارێک تۆراوە، بەڵام هۆکاری کێشەکانی نێوان ئەو و مێردەکەی تەنیا ئەوە بوو کچەکەم زۆر توورە بوو، زوو هەڵدەچوو".

باوکی سیار لەبارەی ڕووداوەکە و زاواکەشیەوە تەنیا ئەوەندەی بە (ڕووداو) گوت "زاواکەم برازای خۆمە، کچەکەمی زۆر خۆشدەویست، دوای ڕووداوەکە خەریکە شێت دەبێت، بۆیە پێموایە ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و کچەکەم ڕۆیشت و لەدەستمان چوو".

کەسێکی نزیک لەو خێزانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سیار و فەرامۆش تا بڵێی خێزانێکی باش بوون، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتەوە هەردووکیان زۆر بەڕێز بوون، تاساوم چۆن ئەو کچە کەمتەمەنە جوانە، توانی دەستی بچێتە گیانی خۆی؟!".

لەبارەی ڕووداوەکەشەوە دەڵێت: "دەمەو عەسر بوو، قیژەی سیار هات و دراوسێکان گوتیان خۆی سووتاند، ماوەیەک بوو کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبوو، چەند جارێکیش تۆرابوو، دوای خۆسووتاندنیشی، ستێلای کچی وەک خۆی بە تاقانەیی جێهێشت".

بەگوتەی ئەو کەسە نزیکەی خانەوادەکە، دوای ڕووداوەکە باوک و دایکی سیار لە دۆخێکی دەروونیی خراپدان، دایکی بەردەوام دەڵێت منیش دەمەوێت دوای کچەکەم نەژیم". باسی لەوەش کرد "نە کاتی ڕووداوەکە نە پێشتریش بەهیچ شێوەیەک توندوتیژی بەرامبەر سیار نەکراوە، چونکە هاوژینەکەی کەسێکی باش بوو".

### کەس بەرپرس نییە لە خۆسووتاندنم

کوردە عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، لەبارەی ڕووداوەکە گوتی: " خانەوادەی سیار سەرەڕای ئەوەی هاوشاریمن، هەروەها خزمیشمن، خۆم دووجار چوومەتە لای، ئەگەر کەسێک هۆکاری خۆسووتاندنی سیار بووایە، بێدەنگ نەدەبووم، بەڵام لە وتەکانی خۆیدا سیار دەڵێت خۆم وامکرد و کەس بەرپرس نییە لە خۆسووتاندنم".

کوردە عومەر هەروەها دەڵێت: "لە دوا شەوی ژیانیدا، سیار بە پووری خۆی گوتووە ئاگاتان لە فەرامۆش بێت و نەهێڵن خەم بخوات، تەنانەت دوای خۆسووتاندنی لە نەخۆشخانە نەیهێشتبوو چارەسەری بکەن و سووتاوییەکەی تیمار بکەن هەتا هاوژینەکەیان بۆ هێنابوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ڕێژەی زۆری برینەکەی گیانی دەرچوو".

کوردە عومەر نیگەرانە لەو دۆخەی ژنان لە هەرێمی کوردستان و دەڵێت "کوشتن و خۆکوشتن زیادی کردووە، لە حاڵەتەوە بەرەو دیاردە دەچێت و ڕێژەی خۆکوشتن لەناو پیاو و ژن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد دەکات".

سەبارەت بە پلان و کاری بەڕێوەبەرایەتییەکەشیان، کوردە عومەر گوتی: "ڕۆژ نییە لەڕێگەی سیمینار و وۆرکشۆپ و چوونە ناو قوتابخانەکان ئێمە کارنەکەین، ئەمە تەنیا بە دەزگایەک ناکرێت، پێویستە وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی و هەموو لایەن و ڕێکخراوەکان بەهەماهەنگی کاربکەین و پلانێکی تۆکمە دابڕێژین بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی کوشتن و خۆکوشتن، کە بەڕاستی مەترسیدار بووە".

عەمید شۆڕش کاکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "سیار ئیسماعیل قادر لە سەرەتای ئەم مانگە، پاش چەند ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەی سکاڵایان لەدژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە".

وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە دەڵێت، لە ماوەی ئەم مانگەدا دوو حاڵەتی خۆسووتاندن و حاڵەتێکی ژنکوشتن لە سنووری کۆیە تۆمار کراون. بەدرێژایی ساڵی ڕابردووش نۆ حاڵەتی خۆسووتاندن و کوشتن و خۆکوشتن لە کۆیە تۆمار کراون.



لە دواشەوی ژیانیدا سیار داوای لە کەسوکارەکەی کردووە ئاگایان لە هاوژینەکەی بێت

---

# لەلایەن براژنەکەیەوە ئەشکەنجە دەدرێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

دوای مردنی باوک و دایکی، ڕووناک لەلایەن برایەکییەوە بەخێودەکرێت، بەڵام ئەو دەڵێت براژنەکەی ئەشکەنجەی داوە، براکەشی ئەمە ڕەتدەکاتەوە، بۆیە ئێستا ڕووناک چووەتە لای برایەکی دیکەی و ئەوانیش سکاڵایان لەسەر براژنەکەی تۆمار کردووە.

ڕووناک کەریم، خاوەنی دوو برا و پێنج خوشکە، زیاتر لە 40 ساڵە باوکی مردووە، ئەو لەگەڵ دایکی لە ماڵی یەکێک لە براکانی دەژیا، بەڵام دواتر دایکیشی مرد. یەکێک لە براکانی، ڕووناک دەباتە لای خۆی و بەخێوی دەکات. ئازاد کەریم کە برای ڕووناکە، دەڵێت "دوای مردنی دایکم، ئەو برایەم داوای کرد ڕووناک بباتە لای خۆی، منیش ڕازی بووم، ماوەی 8 ساڵە لەلای براکەمە، بەڵام نەمزانی ئەوان فێڵی لێدەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن".

ڕووناک کەریم بەهۆی ئەوەی کەمئەندامە، توانای کارکردنی نییە و مووچەی کەمئەندامی وەردەگرێت، هەروەها مووچەکەی باوکیشی وەردەگرێ. ئازاد دەڵێت: "ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم و هاوژینەکەم بە سەردانی چوونە ماڵیان، بەڵام بینیبوویان ڕووناک دەموچاوی شین و مۆر بووەتەوە، کاتێک پرسیاری لێدەکەن، ڕووناک دەڵێت براژنەکەی لێیداوە، براژنەکەم گوتبووی لەلای کەس باسی مەکەن، جارێکی دیکە لێی نادەم، با حەیامان نەچێت و ئەمجارە لێم ببوورن، بەڵام ئەوان منیان ئاگادارکردەوە. کە چوومە ماڵی براکەم، ڕووناک بەرەوڕووم هات و گریا، منیش خۆم پێنەگیرا و گریام. بردمە نەخۆشخانە، کە پشکنینمان بۆی کرد، بینیمان چاو و پشتی زەبری بەرکەوتبوو، بۆیە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان سکاڵامان لەسەر براژنەکەم تۆمار کرد".

ڕووناک کە زۆربەی کات لە زەوییەکە دەڕوانێت و خۆی بە دامێنی ماکسییەکەیەوە سەرقاڵ کردووە، جارجارە ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت: "ناڕۆمەوە لای برا و براژنەکەم، براژنەکەم لەگەڵم خراپە، هەموو ئیشەکانی ماڵەوە بە من دەکات، زەوییەکم هەبوو پێیانفرۆشتم، هەروەها گوارەکانمیان فرۆشت، پارەکەیان بۆ خۆیان برد، براژنەکەم ویستی بازنەکانی دەستیشم بفرۆشێت، بەڵام نەمهێشت. مووچەکەشم هەر بۆ خۆیان دەبەن، هیچ نادەن بە من. حەزم لە جلوبەرگ و پێڵاوە، بەڵام بۆم ناکڕن".

ڕووناک بە دەنگێکی زۆر نزم قسە دەکات و وەک بڵێی ترسابێت یان شەرم بکات، لەبارەی ئەشکەنجەدانی لەلایەن براژنەکەیەوە دەڵێت: "ئەو لەخۆیەوە توورە بوو، بە مست لە پشت و دەموچاویشمی دا، چاومی شین و مۆر کردەوە، ددانێکیشم کەوت و خوێنی لێهات".

بەگوتەی ئازاد کەریم، پێشتریش براکەی لە ڕووناکی داوە. ئەو دەڵێت "ئەمجارە بەتەنیا براژنەکەم لێیداوە، بەڵام دوای ڕووداوەکە خوشکەکانم پێیانگوتم کە ساڵی ڕابردووش براکەم لێیداوە، بەڵام بۆ ئەوەی کێشە لەنێوانمان دروست نەبێت باسیان نەکردووە، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە پێیانگوتم، بۆیە بەرگەم نەگرت و خوشکەکەم هێنایەوە لای خۆم".

ئازاد کەریم جگە لە تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی براژنەکەی، هەروەها دەیەوێت مافی خوشکەکەشی لە براکەی وەربگرێتەوە، ئەو دەڵێت: "چەندین ساڵە برا و براژنەکەم کاری ماڵەوەیان بە خوشکەکەم کردووە و مووچەی کەمئەندامییەکەی خۆی و مووچەی باوکیشمیان بۆ خۆیان بردووە، بەڵام مافیان پێنەداوە، تەنانەت ئەشکەنجەشیان داوە".

بەڵام نەجات کەریم کە برای ڕووناکە، هەموو قسەکانی ئەو خوشکەی و ئازادی برای ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵی نەبووە، زۆر ڕێزمان لێگرتووە و خزمەتمان کردووە، ئەو قسانەش کە براکەم و خوشکەکانم دەیکەن دوورن لە ڕاستییەوە، ئەو ڕۆژە ڕووناکی خوشکم قسەی نەشیاوی بە هاوژینەکەم گوتووە، ئەویش توورە بووە و لێیداوە".

نەجات ڕەتینەکردەوە کە زەوی و زێڕی خوشکەکەی فرۆشتووە و گوتی "ئەو ئەندامێکی خێزانەکەی ئێمەیە و مووچەکەی بۆ خەرجیی ماڵ و پێداویستی خوشکەکەمە، هەروەها فرۆشتنی زەوییەکەش بۆ ئەوە بوو کە خانوویەکی پێ بکڕین و تێیدا بژین، ئەویش وەکالەی بۆ کردووم و خانووەکەش بەناوی منەوەیە، بە براکەم گوتووە واز لە سکاڵاکردن بێنن، ئامادەم هەزار دۆلار بدەمە هەریەک لە برا و خوشکەکانم".



ڕووناک کەریم

## پیاوێک لە سلێمانی خۆی کوشت

**ڕووداو – سلێمانی**

پیاوێکی تەمەن 59 ساڵ لە سلێمانی خۆی کوشت. گوتەبێژی پۆلیسی شارەکە دەڵێت خۆکوشتن زیادبووە و لە سەرەتای ئەمساڵەوە 8 کەس لە سنوورەکەیان خۆیان کوشتووە. ڕۆژی یەکشەممە 4 /2018/2، هاووڵاتیی (خ.م.ئا) لە ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی زێڕینۆکی شاری سلێمانی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە سەرەتای 2018ەوە لە سلێمانی 8 کەس خۆیان کوشتووە". گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی باسی لەوە کرد کە زۆربەی خۆکوشتنەکان لە ڕێگای پەت و پشتێنەوە بووە. گوتیشی: "هەستدەکەین حاڵەتی خۆکوشتن لەنێو کەسانی بەتەمەن ڕووی لە هەڵکشان کردووە".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (492) – دووشەممە 2018/2/5



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

### مانگێک زیاترە لەوێیە

# نەخۆشیی نەماوە و ڕازی نییە نەخۆشخانە چۆڵ بکات

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– ڕانیە**

خزم و کەسەکانی دەڵێن وەکو چاوی خۆمان دەیپارێزین، بەڵام ئەو کەس بە کەسی خۆی نازانێ و دەڵێت بێکەسترین کەسی جیهانە و پێویستی بە هاوکاریی هەموو کەسێکە. مام قادر بەساڵاچوویەکی کەنەفتە و تەنیا نەخۆشخانە بە ماڵی خۆی دەزانێ.

پێنج هەفتە لەمەوبەر پیاوێکی تەمەن 81 ساڵ بەناوی قادر عەبدوڵڵا ئیبراهیم کە پەرستار و پزیشکەکانی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە مام قادر بانگی دەکەن، بە مەبەستی چارەسەر ڕوودەکاتە ئەم نەخۆشخانەیە. دوای دوو هەفتە وەرگرتنی چارەسەر، باری تەندروستی جێگیر دەبێتەوە، بەڵام ئامادە نییە نەخۆشخانە جێبهێڵێ و دەڵێت "بێکەسم، نازانم ڕوو لە کوێ بکەم".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە چیرۆکی هاتنی مام قادر بۆ نەخۆشخانەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەلایەن خەڵکەوە هێنرایە نەخۆشخانە، لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە زۆر باش چاودێریی کراوە و بەباشی چارەسەری وەرگرتووە. بۆ ماوەی دوو هەفتە بە بەردەوامی پزیشک سەردانی کردووە".

بە گوتەی فەرمان ئەحمەد، مام قادر نەخۆشیی بڕبڕەی پشت و جگەر و سی و گورچیلەی هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەی لە نەخۆشخانە بووە و چارسەری وەرگرتووە، ئێستا باری تەندروستیی باشترە و پێویستە بچێتەوە ماڵەوە پشوو بدات.

فەرمان ئەحمەد زیاتر لە بارەی مام قادرەوە دەڵێت: "لێرە بە هەموو خواردنێک ڕازی نییە، لە کاتی وەرگرتنی چارەسەریش بە هەموو پزیشکێک ڕازی نەبوو، زوو زوو داوای دەکرد پزیشکەکەی بگۆڕن. ئێستاش کە چارەسەری بۆ کراوە ڕازی نییە بچێتە دەرەوە و دەڵێت کەسم نییە و نازانم ڕوو لە کوێ بکەم، لێرە ناڕۆم".

ئێستا مام قادر ماوەی زیاتر لە دوو مانگە لە نەخۆشخانەیە، بەڵام بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی ڕانیە دەڵێت سێ هەفتەیە کەس سەردانی نەکردووە. فەرمان ئەحمەد دەڵێت ئەگەر کەسوکارەکەی نەیبەنەوە، ئەوان ناتوانن تا سەر خزمەتی بکەن.

فەرمان گوتی: "ئێمە لەبەر لایەنی ئینسانی تاوەکو ئێستا لە نەخۆشخانە هێشتوومانەتەوە و خزمەتی دەکەین، چونکە دەترسین دەریبکەین لە کۆڵانێک یان پەنا و پەسیوێک بمرێ، ئەوکات بۆ ناوبانگی ناوچەکەمان باش نابێ، بەڵام ئەگەر کەسوکارەکەی نەیبەنەوە، ناچارین پۆلیس ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی بیبەنە خانەی بەساڵاچووان. ئەوکات ئەرکی سەرشانی ئێمەش سووکتر دەبێ، چونکە ئێستا کارمەندێکمان بە تایبەتی تەرخان کردووە خزمەتی بکات".

مام قادر لە شوێنی تایبەت بە نەخۆش بەتەنیا لە ژوورێک کەوتووە، هەر کەسێک ڕوو لەو ژوورە بکات وا دەزانێت دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکات، بۆیە یەکسەر بە شەکوای حاڵی خۆی دەستپێدەکات و دەڵێت: "برسیمە، زۆریش نەخۆشم، نەخۆشیی گورچیلە، بڕبڕەی پشت، سی و جگەرم هەیە،



قادر عەبدوڵڵا ئیبراهیم دەڵێت تەنیا یەک برای هەیە ئەویش نەخۆشە

**بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی ڕانیە**

> ئەگەر کەسوکارەکەی نەیبەنەوە، ناچارین پۆلیس ئاگادار بکەینەوە

**مام قادر**

> لێرە دەرچم ڕوو لە کوێ بکەم؟

ماوەیەکی زۆرە لێرە کەوتووم، تەنیا هاوژینم هەیە، ئەویش لەگوندی سونێیە، تەنیا دەتوانێت خزمەتی خۆی بکات، کە نەخۆشکەوتم خەڵک هێنایانم بۆ نەخۆشخانە".

مام قادر دەڵێت تەنیا برا و برازایەکی هەیە، بەڵام براکەشی نەخۆشە و برازاکەی تەنیا خزمەتی باوکی پێ دەکرێ، بۆیە نایەوێ بچێتە لای ئەوان و ببێتە بار بەسەریانەوە، هەروەها دەڵێت حەزیشی لە خانەی بەساڵاچووان نییە و ناچێ بۆ ئەوێ.

سەبارەت بە مانەوەشی لە نەخۆشخانە، مام قادر دەڵێت "پێویستم بە مانەوە هەیە لە نەخۆشخانە، چونکە هێشتا بە تەواوی چاک نەبوومەتەوە".

مام قادر ئاخ بۆ سەردەمی زووی هەڵدەکێشێ و دەڵێت "کەسێکی زۆر بە توانا بووم، کشتوکاڵم دەکرد، چاکەی زۆرم لەگەڵ خەڵک کردووە، بەڵام دونیاکە گۆڕاوە و خەڵک بێ وەفا بووە".

هەرچەندە دەڵێت کەس نییە خزمەتی بکات، بۆیە لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، بەڵام برازاکەی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت مامی، هەر بە سروشتی خۆی حەزی لەو جۆرە ژیانەیە.

محەممەد ئیبراهیم کە برازای مام قادرە، باسی ژیانی مامی دەکات و دەڵێت: "مامم سێ برای دیکەی هەیە، بەڵام مام قادر زۆر نەگونجاو بووە، هیچ کاتێک ڕووی لە براکانی نەکردووە، هیچکام لە برازا و خزمەکانی ناناسێ، خزمەکانیشی هەموو نایناسن، چونکە کەسێکی خزمدۆست نەبووە، بەردەوام حەزی لە ژیانی تەنیایی بووە، نەمزانیوە ژنیشی هێنابێ. دەڵێن خەریکی ئاژەڵداری بووە، بەڵام سوودی بۆ کەس نەبووە و هەر ساڵە و لە شارێک و گوندێک بووە".

محەممەد کە تا ئێستا دووجار لە نەخۆشخانە سەردانی مام قادری کردووە، دەڵێت "مام قادر منی نەناسی، کە خۆم پێناساند و گوتم برازاتم، جنێوی پێدام و سووکایەتی زۆری بە خۆم و بەخزمانیش کرد، ڕازی نەبوو لەلای بمێنمەوە، بۆیە جێمهێشت".

محەممەد ئامادەیی خۆی نیشاندا مامی بەخێو بکات و گوتی "هەرچەندە باوکم تووشی شێرپەنجە بووە و لەسەر جێگا کەوتووە، بەڵام هەرکات مامم بە ماڵی من ڕازی بێت، ئامادەم وەک باوکم ڕێزی لێبگرم و بەخێویشی بکەم، لەبەرئەوەی ماممە، بەڵام ئەو هیچکات ئەو مام و برازایەتییەی قبوڵ نەکردووە، بۆیە ئێمە هیچمان لەدەست نایەت، پێویستە حکومەت بیبات بۆ خانەی بەساڵاچووان".

## ژنەکەی خۆی ڕووتاندەوە

تەمەنی 12 ساڵان بوو کە باوکی مرد، لە تەمەنی 18 ساڵیدا ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی کەوتە ئەستۆ، ئەو نەک هەر خێزانەکەی بەخێو دەکرد، بەڵکو دوای ماوەیەک بووە خاوەنی داهاتێکی باشیش، بەڵام تووشی بە تووشی پیاوێکەوە بوو کە ژیانی وێران کرد.

مەبەست لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە ئەوەیە هەندێک ئافرەت وا دەزانن ئەگەر کێشەیان لەگەڵ مێردەکانیان هەبێ، ناتوانن داوای جیابوونەوە بکەن، چونکە وا حاڵی کراون کە تەڵاق تەنیا بەدەستی پیاوانە.

ئەو ئافرەتە بۆی گێڕاینەوە، دوای ئەوەی دایک و باوکی لەدەست دەدات، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، ماوەیەک بەدوای کاردا دەگەڕێ، دواتر لە کۆمپانیایەک کاری دەستدەکەوێ. دوای ماوەیەک کارکردن لەو کۆمپانیایە، دەکەوێتە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیاکە، تا وای لێدێ کەس نامێنێ لە کۆمپانیاکە بە پەیوەندییەکەیان نەزانێ. ئەو ئافرەتە هەر لەگەڵ کارکردن، خوێندنی زانکۆش تەواو دەکات، دواتر داوا لە خاوەنی کۆمپانیاکە دەکات کە چیدی بەو جۆرە درێژە بە پەیوەندییەکەیان نەدەن و خوازبێنی بکات، چونکە خەڵک و کارمەندانی کۆمپانیاکە تانە و تەشەری لێدەدەن. خاوەنی کۆمپانیاکەش کە خێزاندار بووە، دەڵێت با پرسێک بە هاوژینەکەم بکەم. بەڵام هاوژینی خاوەن کۆمپانیاکە ڕۆژێک دەچێتە کۆمپانیا و هەر قسەیەکی ناشیرین بەسەر دەمیدا دێت بە ئافرەتەکەی دەڵێت، ئیدی ئافرەتەکە ناچار دەبێ کۆمپانیاکە جێبهێڵێ و کۆتاییش بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیاکە بهێنێ.

ئەو ژنە درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا و گوتی: "کارێکی دیکەم دۆزییەوە، دوای دوو ساڵ کەسێک هاتە خوازبێنیم و ڕازی بووم و مارەی بڕیم، چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو زەماوەند بکەین، کەچی پەشیمان بووەوە، کەسێک چووبووە لای باسی ڕابردووی منی بۆ کردبوو، ئەویش پێیگوتم من ناتوانم لەگەڵ تۆ زەماوەند بکەم، دواتر خەڵک قسەم لەدوا دەکات، پێیگوتم ناچارم تەڵاقت بدەم و قەرەبووت بکەمەوە. من لە ڕووی ماددییەوە هیچ کێشەیەکم نەبوو، ئۆتۆمبێل و پارە و زێڕم هەبوو، بەڵام دڵم بە هیچیان خۆش نەبوو. تا ڕۆژێکیان پیاوێکی دیکە هاتە خوازبێنیم، کە پرسیارم کرد گوتیان کەسێکی باش نییە، منیش بە هێندم وەرنەگرت و لەو باوەڕەدا بووم کە دەتوانم بە ئامۆژگاری و قسەی خۆش بیکەمە کەسێکی باش. پێمگوت بەو شێوەیە باست دەکەن، ئەویش گوتی منیش هەموو شتێک لەبارەی ڕابردووت دەزانم، گوتم کەواتە هەردووکمان عەیبدارین، بۆیە بڕیارماندا هاوسەرگیری بکەین، بەڵام ڕۆژە خۆشەکانم لەلای ئەو پیاوە زۆر کورت بوون، هەرزوو دەستی دایە ڕەفتاری توندوتیژ بەرامبەرم. چەندینجار داوام لێکرد تەڵاقم بدات کەچی نەک هەر تەڵاقم نادات، ئیهانەشم دەکات و باسی ڕابردووم دەکات، هیچی پێوە نەهێشتووم، سەیارە، زێڕ، پارە، هەمووی بە قومار دۆڕاند".

ئامۆژگاری ئافرەتەکە کرا کە بچێتە دادگای باری کەسی و سکاڵا تۆمار بکات، بەوجۆرە ئافرەتەکە لە پیاوەکە جیابووەوە. لە ماددەی 40ی یاسای باری کەسیدا هاتووە کە هەردوو هاوسەر بۆیان هەیە داوای جیابوونەوە تۆمار بکەن، ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان زیانی گەیاند بە ئەوی دیکە. بەپێی یاساکە خواردنەوەی مەشروب، کێشانی مادەی هۆشبەر، قومارکردن بە ماڵی هاوسەرێتی، بە زیانگەیاندن هەژمار دەکرێ.

# داواکاری گشتی داوای هۆشیارکردنەوەی "گەنجانی سەرەڕۆ" دەکات

### له چوار ساڵی رابردوودا 6285 سکاڵا لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی تۆمارکراون

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەو پەیوەندییە ئەڤینییەی سیما لەڕێی فەیسبووکەوە دروستی کرد، زۆر گران لەسەری کەوت، چونکە بەهۆیەوە ساڵێک خوێندنی لەدەستچوو، جگە لەوەش بە هەموو جۆرێک بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕی کۆمەڵایەتی لێ قەدەغە کرا.

سیما کچێکی تەمەن 20 ساڵە و لە پۆلی 12ی ئامادەییە، باسی پەیوەندییەکەی خۆی لەگەڵ ئەو کوڕە دەکات کە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناسیویەتی "لە فەیسبووک کەسێکم ناسی، دوای ماوەیەک پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانمان دروستبوو، پەیوەندییەکەمان ساڵێک درێژەی کێشا، دواتر ماڵەوەش ئاگادار بوون، بەڵام دوای ساڵێک بۆم دەرکەوت ئەو کوڕە هەموو شتێکی بە درۆ پێگوتووم".

سیما بەهۆی ئەوەی ئەو کوڕە فێڵی لێکردووە و لە فەیسبووک هەموو شتێکی بە درۆ پێگوتووە، ساڵێک نەیتوانی بخوێنێ، جگە لەوەش کاتێک ماڵەوەیان بەمەیان زانی، سانسۆریان خستە سەری. سیما دەڵێت "بەهۆی ئەو کوڕەوە ساڵێک لە خوێندن دواکەوتم، بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چوونە دەرەوەم لێ قەدەغە کرا".

کەیسی سیما و زۆر سیمای دیکە کە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تووشی کێشە دەبن، داواکاری گشتیشی هێناوەتە سەر خەت.

بەپێی نووسراوی ئەندامێکی داواکاری گشتی بە ژمارە 107 لە ڕۆژی 2017/9/10 کە بە ناونیشانی "گەنجانی سەرەڕۆ" ئاراستەی داواکاری گشتیی هەولێری کردووە، داوا دەکات "لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە نووسراو بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری بکرێ کە ئاگاداری میدیاکان بکرێتەوە لەوەی بەرنامە و ئامۆژگاریی باش پێشکەشی گەنجان بکرێ" بەو ئامانجەی دوور بکەونەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

نووسراوەکە کە واژۆی عەبدولقادر ڕەزاق ئاغا مەسیفی لەسەرە، دەڵێت: "هەندێک لەو گەنجانە تا درەنگانی شەو، بگرە تا بەیانی ناخەون و لە کۆڵان و شەقامەکان دەسووڕێنەوە، ئەمە چەندین تاوانی کوشتن و برینداربوون و خۆکوشتن و خۆسووتاندنی لێکەوتووەتەوە کە شیرازەی کۆمەڵگەی تێکداوە......".

ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژی ژنان دەریدەخەن کە ساڵ بە ساڵ ژمارەی سکاڵا لەلایەن ئافرەتانەوە لە هەڵکشاندایە، بەشێکی زۆر لەو سکاڵایانەش پەیوەندییان بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە هەیە، لە سەرووی هەمووشیانەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەشێک لە پیاوان وێنە و ڤیدیۆی ئافرەتان لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوانیانەوە دەستدەخەن و دواتر وەکو کەرەستەیەکی هەڕەشە بەکاریدێنن.

سارا ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 17 ساڵانە، هەر دوای دروستکردنی ئەکاونتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، کوڕێک داوای هاوڕێیەتی لێدەکات، بەڵام زۆری نەمابوو ئەو هاوڕێیەتییە سەری بخوات.

سارا گوتی: "تازە ئەکاونتم دروستکردبوو لە فەیسبووک، هیچ شارەزاییەکم لێی نەبوو، کاتێک بۆ یەکەمجار داوای هاوڕێیەتیم لەلایەن کوڕێکەوە بۆ هات، قبوڵم کرد، ماوەیەک قسەمان کرد، دواتر داوای وێنەی کرد و گوتی خۆشمدەوێی و وەک چاوی خۆم دەتپارێزم، منیش وێنەم بۆ نارد".

پەیوەندی نێوان سارا و ئەو کوڕە تەنیا شەش مانگ درێژەی کێشا، دواتر لە یەک دابڕاون، بەڵام دوای مانگێک ئەو کوڕە پەیوەندی بە ساراوە دەکات. سارا گوتی "نامەی بۆ ناردم و بۆی نووسیبووم، ئەگەر ئەو شتانەی داوات لێدەکەم بۆم نەکەیت، هەموو وێنەکانت بڵاو دەکەمەوە. باوەڕم پێی نەکرد، دواتر بە ناوی من فەیسبووکێکی دانا و وێنەکانی منی بڵاوکردەوە و هەڕەشەی ئەوەی لێکردم ئەگەر کارت و پارەی نەدەمێ، وێنەی زیاتری من بڵاودەکاتەوە، ماوەی مانگێک ناچار بووم پارە و کارتی بۆ بنێرم، دواتر لە ڕێگەی برای هاوڕێیەکم کێشەکەم چارەسەر کرا، بەڵام ساڵێک تێپەڕیوە و هێشتا لەوە دەترسم وێنەکانی منی لامابێت و بڵاوی بکاتەوە".



لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا 5147 کەس بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن سزا دراون

بەپێی ئاماری داواکاری گشتی، لە چوار ساڵی ڕابردوودا 6285 سکاڵا لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی تۆمارکراون. لەو ژمارەیەش 5147 سکاڵا ئاشکرا کراون و سزادراون، 1138 سکاڵاش ئاشکرا نەکراون.

دوای سێ مانگ، داواکاری گشتی، نووسراوی ئەندامەکەی هاوپێچی نووسراوێک کردووە و بە ژمارە (6 ر 738) لە ڕۆژی 2017/12/17 بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ناردووە و داوا لە وەزارەتەکە دەکات کە کەناڵە بینراو و بیستراوەکان گەنجانی کوردستان ئاگادار بکەنەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی.

دڵشاد فایز عەبدوڵڵا، گوتەبێژی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە (ڕووداو)ی گوت: "دەرکردنی ئەو نووسراوە زۆر گرنگ بوو، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆر گرنگی بەو بابەتە بدات، چونکە زۆربەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە".

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2008 یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی دەرکرد. بەپێی یاساکە "هەر کەسێک تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان ئامێری پەیوەندی، یان ئینتەرنێت، یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشە یان تۆمەت هەڵبەستن، یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا، کە ترس پەیدا دەکات. یان دزەی بە گفتوگۆ و وێنەی چەسپاو و جوڵاو کرد، یان کورتەنامەی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ ڕەوشتی گشتی ناگونجێن، یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت و بڵاوکردەوە.... بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێ کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

# دابەشکردنی کورسیی قەوارەکان بەپێی سانتلیگۆی عێراقی

**(سانتلیگۆی عێراقی) مەترسیدارە بۆ ئەو قەوارانەی لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا نزیکن لە بەدەستهێنانی تەنیا یەک کورسی**

**شارەزایانی بواری هەڵبژاردن دەڵێن سانتلیگۆی عێراقی جۆرێکە لە دیکتاتۆریەت**

## پێشەکی:

لە سیستمی هەڵبژاردندا چەندین ڕێگا لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوە داهێنراون بۆ چۆنیەتی گۆڕینی دەنگی دەنگدەران بۆ ژمارەی کورسی، بە واتایەکی دیکە، بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر قەوارە بەشداربووەکانی پرۆسەکەدا بەپێی دەنگی بەدەستهاتوو. ئامانج لەم ڕێگایانەش لەبنەڕەتدا بەدیهێنانی زۆرترین ڕادەی دادگەرییە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەپێی کەشی سیاسی و پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە و دابەشبوونی جوگرافی و ..هتد، ئەگەرچی دواتر بەپێچەوانەی ئەو ئامانجانەوە سوودیان لێوەرگیراوە.

## لە عێراق و هەرێمی کوردستان کام ڕێگا بەکاردێت؟

سەرەتا لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا سیستمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) پیادە دەکرا، بەڵام لە ساڵی 2014 ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری دا کە ڕێگای (سانتلیگۆ) پیادە بکات. دواتر گۆڕدرا بۆ سانتلیگۆی هەموارکراو. بەڵام لە هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی پارێزگاکان تا ئێستاش کار بە (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) دەکرێت، کورسییە ماوەکانیش بەپێی زۆرترین ماوە دابەش دەکرێت.

## سانتلیگۆ چییە؟

ڕێگای سانتلیگۆ لەساڵی 1910 لە سوید داهێنرا، مەبەست لێی کەمکردنەوەی ئەو کەموکورتیانە بوو کە لە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکاندا دروست دەبوو بەقازانجی قەوارە گەورەکان. بۆ یەکەمجاریش لە ساڵی 1951 لە سوید و نەرویج سیستمی سانتلیگۆ پیادە کرا کە تێیدا ژمارەی دەنگی بەدەستهاتووی هەر پارتێک دابەش دەکرێت بەسەر ژمارە تاکەکاندا (1، 3، 5 ، 7، 9، ....)، پاشان کورسییەکان دابەش دەکرێن بەسەر گەورەترین ژمارەکانی خشتەکەدا تا کۆتایی.

ڕێگای (سانتلیگۆ) دواتر هەموارکرایەوە و بە سانتلیگۆی هەموارکراو ناسرا، تێیدا ژمارە (1) گۆڕدرا بۆ ژمارە (1.4) کە لە وڵاتانی نیوزیلەندا و نەرویج و سوید و بۆسنە کاری پێدەکرێت.

لە عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا سانتلیگۆی هەموارکراو گۆڕدرا بۆ (1.6). ئێستاش بڕیاردراوە بۆ هەڵبژاردنی 2018ی ئەنجوومەنی نوێنەران (1.7) پیادە بکرێت کە بە سانتلیگۆی عێراقی ناوزەد کراوە. پاش ئەو بڕیارەش زۆر لە سیاسییەکان و شارەزایانی بواری هەڵبژاردن لە میدیاکانەوە ڕەخنەیان لەم بڕیارە گرت و بە نارەوا لەقەڵەمیاندا و بەجۆرێک لە دیکتاتۆریەت ناوزەدیان کرد، چونکە دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکان بەسەر (1.7) زیانێکی گەورەیە بۆ ئەو قەوارانەی ڕەنگە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا تەنیا یەک کورسی ببەن. ئەویش بە بچووککردنەوەی ژمارەکەیان و دروستبوونی مەترسی لەسەر کورسییەکەیان کە ئەگەری بەدەستهێنانی زۆر لاواز کردووە.

## چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکان

بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی سانتلیگۆی عێراقی، سەرەتا خشتەیەک دروست دەکرێت، لە ستوونی یەکەمدا ناوی قەوارە بەشداربووەکانی پرۆسەکە دەنووسرێ. لە ستوونی دووەمدا دەنگی بەدەستهاتووی هەر قەوارەیەک بەرانبەر ناوەکانیان دەنووسرێت. پاشان لە ستوونەکانی دیکە بەڕیز دەنگەکان دابەشی ژمارە تاکەکان دەکرێت. ئەگەر سانتلیگۆی ئاسایی بێت ئەوا ژمارەی یەکەم (1) دەبێت، ئەگەر سانتلیگۆی هەموارکراوی نێودەوڵەتی بێت دابەشی (1.4) دەکرێت و بۆ سانتلیگۆی هەموارکراوی عێراقی لە 2018 ژمارەکە دابەشی (1.7) دەکرێت. دواتر لە ستوونی یەکەمەوە دەست دەکرێت بە دابەشکردنی کورسییەکان. یەکەم کورسی دەدرێتە گەورەترین ژمارە، دووەم کورسیش بۆ دووەم گەورەترین ژمارەی دابەشبوو لە خشتەکەدا، بەو شێوە کورسییەکان دەدرێنە ژمارە گەورەکان تا دوا کورسی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2014 بە نموونە وەردەگرین و بەپێی سانتلیگۆی هەموارکراو بۆ هەڵبژاردنی 2018 شیکاری دەکەین.

## لەپارێزگای هەولێر:

ئەم خشتەیەی خوارەوە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگای هەولێر ڕوووندەکاتەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.
قەوارەکان بەم شێوەیە کورسییەکان وەردەگرن:

**پارتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(1، 2، 4، 7، 9، 12، 13)**

**یەکێتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(3، 6، 11، 15)**

**گۆڕان:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(5، 10)**

**کۆمەڵ:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(8، 14)**

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | 354.735 | 208.668 | 118.245 | 70.947 | 50.676 | 39.415 | 32.249 | 27.287 |
| یەکێتی | 168.688 | 99.228 | 56.229 | 33.738 | 24.098 | 18.743 | 15.335 | 12.976 |
| گۆڕان | 104.059 | 61.211 | 34.686 | 20.812 | 14.866 | 11.562 | 9.460 | 8.005 |
| یەکگرتوو | 20.563 | 12.096 | 6.854 | 4.113 | 2.938 | 2.285 | 1.869 | 1.582 |
| کۆمەڵ | 80.492 | 47.348 | 26.831 | 16.098 | 11.499 | 8.944 | 7.317 | 6.192 |

واتە: پارتی (7) کورسی، یەکێتی (4) کورسی، گۆڕان (2) کورسی و کۆمەڵ (2) کورسی.

ئەگەر هەمان ئەو دەنگانەی پێشتر بە شێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دابەش بکەین، ئەوا ئەنجامەکان بەم شێوەیە دەبن:

کۆی گشتی دەنگدەران (728.537) دەنگدەر، دابەشی سەر (15) کورسی، ئەوا نرخی هەر کورسییەک دەکاتە (48.569).

لەخشتەکەدا دەردەکەوێت کە بە ڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی (2) کورسی دەمێنێتەوە بۆ زۆرترین پاشماوە، دەدرێتە یەکێتی و کۆمەڵ کە زۆرترین پاشماوەیان هەیە. واتە بە هەردوو ڕێگاکە هەمان ئەنجامی دەبێت. بەڵام ئەگەر ژمارەی کورسییەکان (16) کورسی بووایە، بەڕێگای سانتلیگۆ ئەو کورسییە بۆ گۆڕان دەبوو، بەڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ یەکگرتوو دەبوو.

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | ژ. کورسی | پاشماوە | کورسی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 357.735 | 7 | 14.751 | 7 |
| یەکێتی | 168.688 | 3 | 22.981 | 4=1+3 |
| گۆڕان | 104.059 | 2 | 6.921 | 2 |
| کۆمەڵ | 80.492 | 1 | 31.923 | 2=1+1 |
| یەکگرتوو | 20.563 | 0 | 20.563 | 0 |

## پارێزگای سلێمانی:

ئەم خشتەیەی خوارەوە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوون دەکاتەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.
قەوارەکان بەم شێوەیە کورسییەکان وەردەگرن:

**گۆڕان:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(1، 3، 5، 8، 11، 15، 17).**

**یەکێتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(2، 4، 6، 10، 13، 18).**

**پارتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(7، 14).**

**یەکگرتوو:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(9، 16).**

**کۆمەڵ:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(12)**

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕان | 347.799 | 204.588 | 115.933 | 69.560 | 49.686 | 38.644 | 31.618 | 26.754 | 13.639 |
| یەکێتی | 294.265 | 173.097 | 98.088 | 58.853 | 42.038 | 32.696 | 26.751 | 22.636 | 11.540 |
| پارتی | 93.410 | 54.947 | 31.137 | 18.682 | 13.344 | 10.379 | 8.492 | 7.185 | 3.663 |
| یەکگرتوو | 81.392 | 47.878 | 27.131 | 16.278 | 11.627 | 9.044 | 7.399 | 6.261 | 3.192 |
| کۆمەڵ | 57.102 | 33.589 | 19.034 | 11.420 | 8.157 | 6.345 | 5.191 | 4.392 | 2.239 |
| هیتر | 19.258 | 11.328 | 6.419 | 3.852 | 2.751 | 2.140 | 1.751 | 1.481 | 755 |

بەم پێیە گۆڕان (7) کورسی، یەکێتی (6) کورسی، پارتی (2) کورسی، یەکگرتوو (2) کورسی و کۆمەڵ (1) کورسی دەبەن.

ئەگەر هەمان ئەو دەنگانەی پێشتر بە شێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دابەش بکەین کە پێشتر پەیڕەو دەکرا، ئەوا ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

کۆی گشتی دەنگدەران (893.226) دەنگدەر، دابەشی سەر (18) کورسی، نرخی هەر کورسییەک دەکاتە (49.623)

لەخشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە کە (3) کورسی بە زۆرترین ماوە دابەش دەکرێت و دەدرێتە (یەکێتی، پارتی و یەکگرتوو). لێرەدا دەبینین بەهەردوو ڕێگاکە هەمان ئەنجام دەست دەکەوێت بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام ئەگەر ژمارەی کورسیەکانی ئەم بازنەیە کەمتر یان زیاتر بوو چی ڕوو دەدات؟

بۆ نموونە، بە ڕێگای سانتلیگۆ جیاوازیی نێوان کورسیی (17 و 18) تەنیا (3) دەنگە. واتە ئەگەر سلێمانی (17) کورسی بۆ تەرخان بکرایە، ئەوا گۆڕان تەنیا بە جیاوازی (3) دەنگ (3*13=39 دەنگی ڕاستەقینە) کورسییەکەی بەردەکەوت، واتە (2) کورسی لە یەکێتی زیاتر دەبوو. ئەگەر (19) کورسیش بووایە، ئەوا کورسی نۆزدەهەم بۆ یەکێتی دەبوو. واتە گۆڕان و یەکێتی یەکسان دەبوون لە کورسیدا ئەگەرچی (53.534) دەنگ جیاوازییان هەیە.

لە حاڵەتی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، ئەگەر (17) کورسی بۆ سلێمانی تەرخان بکرایە، ئەوا دوو کورسی بە زۆرترین پاشماوەی دابەش دەکرا و دەدرایە (پارتی و یەکێتی) و یەکگرتوو تەنیا یەک کورسی دەبرد. ئەگەر 19 کورسی بووایە ئەوا بە زۆرترین ماوە دەدرایە کۆمەڵ یان قەوارەیەکی دیکە لە دەرەوەی پێنج حیزبەکە کە ژمارەی دەنگەکانی لە پاشماوەکەی کۆمەڵ زیاتر بێت کە (7.478) . کەچی بە سانتلیگۆ هەرگیز ئەو قەوارە بچووکانە کورسییان بەرناکەوێت.

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | ژ. کورسی | پاشماوە | کورسی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕان | 799،347 | 7 | 433 | 7 |
| یەکێتی | 265،294 | 5 | 46.147 | 6=1+5 |
| پارتی | 410.93 | 1 | 43.786 | 2=1+1 |
| یەکگرتوو | 81.392 | 1 | 31.768 | 2=1+1 |
| کۆمەڵ | 57 102 | 1 | 7.478 | 1 |
| ئەوانی تر | 19.258 | 0 | 19.258 | |

## پارێزگای دهۆک:

ئەم خشتەیەی خوارەوە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگای دهۆک ڕوووندەکاتەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای دهۆک.
قەوارەکان بەم شێوەیە کورسییەکان وەردەگرن:

**پارتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(1، 2، 3، 5، 6، 7، 8، 10)**

**یەکێتی:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(11)**

**یەکگرتوو:** کورسییەکان لە زنجیرەی **(4، 9)**

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | 340.977 | 113.659 | 68.195 | 48.711 | 37.886 | 30.998 | 26.229 | 22.732 |
| یەکگرتوو | 84.464 | 28.155 | 16.893 | 12.066 | 9.385 | 7.679 | 6.497 | 5.631 |
| یەکێتی | 37.457 | 12.486 | 7.491 | 5.351 | 4.162 | 3.405 | 2.881 | 2.497 |
| گۆڕان | 17.944 | 5.981 | 3.589 | 2.563 | 1.994 | 1.631 | 1.380 | 1.196 |
| کۆمەڵ | 2.637 | 879 | 527 | 377 | 293 | 240 | 203 | 176 |

واتە: پارتی (8) کورسی، یەکگرتوو (2) کورسی و یەکێتی (1) کورسی.

ئەگەر هەمان ئەو دەنگانەی پێشتر بەشێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دابەش بکەین، ئەوا ئەنجامەکان بەم شێوەیە دەبن:

کۆی گشتی دەنگدەران (483.479) دەنگدەر، دابەش بەسەر (11) کورسی ئەوا نرخی هەر کورسییەک دەکاتە (43.953).

لەخشتەکەدا دەردەکەوێت کە بە ڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی (3) کورسی دەمێنێتەوە بۆ زۆرترین پاشماوە، دەدرێتە (یەکگرتوو، یەکێتی و کۆمەڵ) کە زۆرترین پاشماوەیان هەیە. واتە بە هەردوو ڕێگاکە هەمان ئەنجامی دەبێت. بەڵام ئەگەر کورسییەک کەمتر بێت، ئەوا بە ڕێگای سانتلیگۆ یەکێتی هیچ کورسییەک ناهێنێت، بەڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی یەکێتی کورسییەک دەبات و پارتی کورسییەک کەم دەکات. خۆ ئەگەر کورسییەک بۆ دهۆک زیاتر بکرایە، بەڕێگای سانتلیگۆ پارتی ئەو کورسییەی دەبرد. بەڵام بە ڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی گۆڕان دەیبرد.

| لایەنەکان | ژ. دەنگەکان | ژ. کورسی | پاشماوە | کورسی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 340.977 | 7 | 33.309 | 8=1+7 |
| یەکگرتوو | 84.464 | 1 | 40.511 | 2=1+1 |
| یەکێتی | 37.457 | 0 | 37.457 | 1 |
| گۆڕان | 17.944 | 0 | 17.944 | 0 |
| کۆمەڵ | 2.637 | 0 | 2.637 | 0 |

**لەکۆتاییدا:**

لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاوکێشەکانی داهاتوو ئاڵۆزتر دەبن بەهۆی دەرکەوتنی چەندین قەوارەی نوێوە کە ڕکابەرایەتی دەکەن بۆ بەدەستهێنی زۆرترین کورسی، ئەمەش وادەکات کە دەنگەکان زیاتر پەرت ببن و ئەگەری پاشماوەی دەنگەکان زیاتر بکات. پیادەکردنی (سانتلیگۆی عێراقی)ش لەم حاڵەتەدا مەترسییە بۆ ئەو قەوارانەی کە لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا هەن و نزیکن لە بەدەستهێنانی تەنیا یەک کورسی. دابەشکردنی ئەو دەنگانە بەپێی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) و (زۆرترین پاشماوە) بەقازانجی ئەو قەوارانەیە و مەترسی نەهێنانی کورسی کەم دەکاتەوە. بەڵام بە (سانتلیگۆ عێراقی) ژمارەکە زۆر بچووک دەبێتەوە و ناتوانێت کورسییەک بەدەست بهێنێ. لەلایەکی دیکەوە ئەم حاڵەتە بە قازانجی قەوارەی مامناوەند و گەورەکان کۆتایی دێت، بەتایبەت ئەو قەوارانەی کە لە سەرووی یەک کورسی دەنگ دەهێنن. تەنیا چەند مانگێکی کەم ماوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی گرنگی هەڵبژاردن لەعێراق و گۆڕینی هاوکێشەکان و دیاریکردنی سەنگ و قورسایی قەوارەکان، کە کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەبێت.

وەزارەتی تەندروستی:

# شێرپەنجە لە کوردستان پاشەکشەی کردووە

سەروەر سالار
رووداو - سلێمانی


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێ ساڵی رابردوو بەراورد بە 2016، ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە لەکوردستان کەمیان کردووە. پسپۆڕێکی پزیشکیی کۆمەڵیش بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ وڵاتان بە پرۆژەی ستراتیجیی گەورە ژمارەی حاڵەتەکان کەمدەکەنەوە، چۆن لە کوردستان خۆبەخۆ کەم دەکات؟

پزیشکەکان دەڵێن شێرپەنجە گرووپێکە لە نەخۆشیی کە بەهۆیەوە گەشەی خانەکان تێکدەچێ و لە کۆنترۆڵ دەردەچێ.

لە باری ئاساییدا خانەکان گەشەدەکەن و زۆر دەبن، بەڵام بەشێوەیەکی رێکوپێک و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەکاتی پێویستیشدا خانە دەمرێت و بە خانەی نوێ جێی دەگیرێتەوە.

د.سەربەست فەخرەدین، پزیشکی پسپۆڕی هەناو لە نەخۆشخانەی هیوا کە تایبەتە بە نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە، بە (رووداو)ی گوت: "لە شێرپەنجەدا ئەو نەزمە تێکدەچێ و خانەکان بێ سنوور زیاد دەبن و ناشمرن، ئەوەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی خانە شێرپەنجەییەکان کە جگە لەوەی کاری خۆیان ناکەن، دەبنە گرفت بۆ خانە ئاساییەکانیش. هەروەک لە جێگەی خۆیاندا ناوەستن و بە جەستەدا بڵاودەبنەوە".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، نیشانەکانی شێرپەنجە بەزۆری کاتێک دەردەکەون کە شێرپەنجەکە گەیشتبێتە قۆناغێکی پێشکەوتوو. نیشانەکانیش بریتین لە پەیدابوونی گرێ، خوێنبەربوونی نائاسایی، کۆکەی درێژخایەن، دابەزینی بێ مەبەستی کێش، قەبزی یان سکچوونی درێژخایەن.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ بەپێی ئامارەکانیان ساڵانە زیاتر لە 14 ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجە دەبن و زیاتر لە هەشت ملیۆن کەسیش بە شێرپەنجە دەمرن. تاوەکو ئێستا شێرپەنجە دووەم هۆکاری مردنە لەسەر ئاستی جیهان. لە هەر شەش کەس کە دەمرن، یەکێکیان هۆکاری مردنەکەی شێرپەنجەیە. ساڵی 2015 لەسەر ئاستی جیهان 90 ملیۆن کەسی تووشبوو بە شێرپەنجە هەبوون.

باوترین ئەو جۆرانەی شێرپەنجە کە لە پیاواندا هەن بریتین لە شێرپەنجەی سییەکان، گەدە، جگەر، کۆڵۆن، رێکە و سورێنچک. ئەو جۆرانەی شێرپەنجەش کە لە خانماندا زۆرن، بریتین لە شێرپەنجەی مەمک، سییەکان، گەدە، کۆڵۆن و ملی منداڵدان.

بەپێی خەمڵاندنە جیهانییەکانیش، تێچووی ساڵانەی شێرپەنجە لەسەر ئاستی جیهان تریلیۆنێک و 600 ملیار دۆلاری ئەمریکییە.

## وەزارەتی تەندروستی گەشبینە

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان وا دەردەکەوێ گەشبین بێت بە دۆخی شێرپەنجە لە کوردستان.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتەکە بە (رووداو)ی گوت: "رێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی چاوەڕوانکراوی ستاندەردی جیهانییە، وەک ئەو وڵاتانەی نەخۆشییەکە تێیاندا بڵاوبوونەوەی نزمە".

جەختیش دەکاتەوە کە سەرەڕای قەیرانەکان، وەزارەتەکەی بەردەوامە لە دابینکردنی دەرمان و پێداویستی بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە و چارەنووسی نەخۆشانی شێرپەنجە لە کوردستان باشە.

دکتۆر خاڵس دەڵێ ساڵی 2017 شێرپەنجە لەکوردستان کەمی کردووە. "ساڵی 2016 ژماری حاڵەتە نوێیەکانی شێرپەنجە 5019 کەس بوو، کەچی ساڵی رابردوو ژمارەکە دابەزی بۆ 4715 کەس".

ژمارەی حاڵەتەکانی ساڵی 2017ی شێرپەنجە بەپێی پارێزگاکان بەمشێوەیەیە: هەولێر 1823 حاڵەت، دهۆک 1032 حاڵەت و سلێمانی 1860 حاڵەت.

بەرپرسەکەی وەزارەتی تەندروستی رەتیدەکاتەوە ئەم کەمبوونەوەیە بەهۆی لاوازبوونی سیستمی چاودێری و دەستنیشانی نەخۆشییەکە، یان ونبوونی بەشێک لە حاڵەتەکان بێ لە چاوی وەزارەتی تەندروستی. دکتۆر خاڵس گوتی "هەموو تووشبووانی شێرپەنجە هەر دەچنە سەنتەرە حکومییەکان، چونکە چارەسەری شێرپەنجە گرانە و ئەستەمە هاووڵاتیی ئاسایی بتوانێ تێچوونی خۆشییەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێ، وەک زەخت وشەکرە نییە، پشکنین و چارەسەرەکانیان سادە و هەرزان بن".

گوتیشی، سەرجەم ئەو حاڵەتانە دانیشتووانی هەرێمی کوردستانن و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بۆ دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشییەکەیان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە روو دەکەنە کوردستان.

## پسپۆڕێک

### لۆجیکی نییە لەم دۆخەدا بڵێین شێرپەنجە لە کوردستان کەمتر بووە

مامۆستایەکی کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی وای دەبینێ کە کەمبوونەوەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لە ساڵی رابردوودا زیاتر بابەتێکی هونەرییە، نەوەک راستییەکی بەرجەستە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە و مامۆستای کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانییە، بە (رووداو)ی گوت: "مەحاڵە لەڕووی زانستییەوە لێکدانەوەیەک بدۆزینەوە بۆ کەمبوونەوەی شێرپەنجە لە کوردستان تەنیا لە ماوەی ساڵێکدا".

ئەو دەڵێ، لە ساڵی 2017 بەهۆی قووڵتربوونەوەی قەیرانی ئابووریی کوردستان، هەم دۆخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هەم دەوامکردنی کادیرە تەندروستییەکانیش کەمی کردووە، بۆیە دوور نییە ئەو کەمبوونەوەیە ئەوە بێ حاڵەتەکان وەکوو جاران دەستنیشان ناکرێن و ون دەبن!

پسپۆڕەکەی تەندروستیی کۆمەڵ دەڵێ: "40%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجە دەکرێ رێگە لە روودانیان بگیرێ، بەڵام لە کوردستان لە ساڵی رابردوودا چ رێوشوێنێکی زانستی دیاریکراو گیرایەبەر بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتە نوێیەکانی شێرپەنجە؟".

هەورامی کە هەمانکات بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە زانستییەکانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی سلێمانی، دەڵێ ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە هەڵەی هونەری هەبێ لە تۆمارکردنی داتاکانی شێرپەنجە، بە تایبەت لە سایەی لاوازیی پەیوەندی لەنێوان فەرمانگە جیاوازەکانی کوردستان.

پزیشکەکە دەڵێ وڵاتان ئەگەر بیانەوێ ژمارەی حاڵەتە نوێیەکانی شێرپەنجە کەم بکەنەوە، ئەوە پلانێکی ستراتیژیی 10 ساڵەی بۆ دادەنێن بە پلان و بودجەیەکی باشەوە "ئێمە لە ساڵی رابردوودا ژینگەکەمان و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانمان خراپتر بوون، دۆخی ستافە تەندروستییەکانمان خراپتر بووە، بۆیە بەپێی لۆجیک دەبێ حاڵەتەکان نەک کەم نەکەن، بەڵکو زیادیش بکەن".

### شێرپەنجە بە ژمارە

- زیاتر لە 100 جۆری شێرپەنجە هەن
- 33%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجە بەهۆی خۆراکی نادروست، ناچالاکیی جەستەیی و قەڵەوین
- ساڵانە 14 ملیۆن حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجە دەستنیشان دەکرێن.
- شێرپەنجە ساڵانە دەبێتە هۆی مردنی 8 ملیۆن کەس.
- نزیکەی 40%ی خەڵکی ئەمریکا لە یەکێک لە ماوەکانی ژیانیاندا تووشی شێرپەنجە دەبن.
- لە ئەفریقا شێرپەنجە زیاتر لە مەلاریا خەڵکی دەکوژێ.
- ئێستا لە ئەمریکا 15.5 ملیۆن رزگاربووی شێرپەنجە دەژین و پێشبینی دەکرێ لە 10 ساڵی داهاتوودا ژمارەکە بگاتە 20 ملیۆن کەس.
- لە سەرەتای نەوەتەکاندا لە بەریتانیا 75%ی ئەوانەی شێرپەنجەی پرۆستاتیان هەبوو 10 ساڵ دەژیان، کەچی ئێستا 80%یان زیاتر لە 10 ساڵ دەژین.

# نانی بەیانیان بخۆ.. با قەڵەو نەبی

د.داهات حەوێزی

نانی بەیانیان گرنگترین ژەمە خۆراکی رۆژانەیە کە جگە لەوەی وزەی پێویست دابین دەکات بۆ راپەڕاندنی کارەکانی رۆژانە، هەروەها رێگە لە زۆر کێشەی تەندروستیش دەگرێ.

رۆتینێکی خراپ هەیە کە خەڵکی پەیڕەوی دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستن، تەنیا فریای ئەوە دەکەون زوو خۆیان بگۆڕن و بچن بۆ دەوام، نانی بەیانی پشتگوێ دەخەن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی ئیشوکاریان زۆرە پێویستە بەرچایی بکەن. پێویستە نیو کاژێر زووتر هەستن بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت نانی بەیانی بخۆن.

زۆر توێژینەوە لەسەر ئەوە کراوە کە ئەوانەی هەموو بەیانیان قاوەڵتی دەکەن باشتر ئیشەکانیان رادەپەڕێنن و چالاکیەکانیان زیاتر و بەرهەمدارتر دەبن. بۆ خوێندکارانیش زۆر پێویستە بەرچایی بکەن، چونکە دەرکەوتووە ئەوانەی نانی بەیانی دەخۆن، هۆش و تەرکیزیان زیاتر دەبێ و زووتر شت وەردەگرن و زیرەکتر دەبن.

زۆر لە توێژینەوەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە خواردنی نانی بەیانیان یارمەتی راگرتنی کێشی لەش دەدات و زۆر بەسوودیشە بۆ لاوازبوون، چونکە پرۆگرامی خۆراکی ئەو رۆژە رێکدەخاتەوە و رێگە دەگرێ لە کۆبوونەوەی چەوریی زیادە.

ئەگەر کەسێک نانی بەیانیان نەخوات، لەدوای دوو-سێ کاژێر لە ئیشکردن، واتە دەوروبەری کاژێر 10 برسێتی تینی بۆ دەهێنێ و ناچار بە خواردنی نادروستی وەکو شیرینی و لەفە خۆی تێر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی قەڵەوی.

نانی بەیانیان پێویستە پڕ بێت لە پێکهاتە خۆراکییە بەسوودەکانی وەکو شیری تازە و ماست و پەنیر و گوێز و هەنگوین و هێلکە و خورما. ئەگەر کەسێکی ساغ ئەم خواردنانە بخوات، کەمتر تووشی قەڵەوی و کەمیی ڤیتامینەکان و خەمۆکی و هەوکردن دەبێت.

خواردنێکی دیکەی بەسوود بۆ بەیانیان میوەکانی وەکو پرتەقاڵ و سێو و گێزەر و ترێن، ئەم میوانە دژەئۆکسانی زۆریان تێدایە کە رێ لە زوو پیربوون دەگرن. هەروەها ریشاڵ و فایبەری زۆریان هەیە کە پرۆسەی هەرسکردن ئاسان دەکەن و قەبزی ناهێڵن.

هەندێک کەس بەیانیان تەنیا چایەکی رەش یان قاوە دەخۆنەوە، ئەمە لەلایەک سوودی هەیە بۆ بەئاگا هاتنەوە و چرکردنەوەی بیر و هۆش، بەڵام ئەم خواردنانە بەتەنیا بەس نین و ئەگەر زیادەڕۆییان تێدا بکرێ دەبنە هۆی ئاڵوودەیی و کەمیی ئاسن و کالیسیۆم لە لەشدا، لە جیاتی ئەمانە دەتوانن چای سەوز بخۆنەوە کە رێخۆڵەکان پاک دەکاتەوە و بۆنی ناو دەم ناهێڵێ و چەوریی خوێن کەم دەکاتەوە و کێشی لەش دادەبەزێنێ.

" با نانی بەیانیان نانێکی پاشایانە بێت و نانی ئێواران نانێکی هەژارانە بێت"

**پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ**



# 10 خواردن و خواردنەوە کە ددان وێران دەکەن

رووداو - DW

پزیشکانی ددان هۆشداری دەدەن لەبارەی هەندێک خۆراک کە زیانی گەورە بە ددانەکانمان دەگەیێنن، لەنێو ئەو خۆراکانەدا هەیانە بە رواڵەت وەک خواردنی ئاسایی دەردەکەون. ئەمە لیستی 10 خۆراکە کە رەنگە بەشێکیان یەکەمجارت بێ ببیستی بۆ ددان خراپن:

### 1 گەنمەشامی:



گەنمەشامی خواردنێکی تەندروستانەیە بەگشتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەنێوان ددانەکاندا دەمێنێتەوە و ئاسان لێی نابێتەوە، رێگەخۆش دەکات بۆ هەوکردنی پووک و کلۆربوونی ددان، هەندێکجار دەنکە رەقەکانی دەبنە هۆی شکاندنی ددان.

### 2 میوە وشککراوەکان:



هەرچەندە میوەی وشککراو سەرچاوەیەکی باشی ریشاڵە خۆراکییەکانە، بەڵام بۆ ددان مەترسیدارن! نەک تەنیا لەبەرئەوەی بەهۆی بەهەڵمبوونی ئاوەکەیانەوە شەکرێکی خەستتریان تێدایە، بەڵکو دەلکێن بە ددانەوە و ئەگەر زۆر بەباشی ددان نەشۆی، ئەستەمە لێی ببنەوە.

### 3 قاوەی بەستوو:



رۆژانە خواردنەوەی چەند قاوەیەکی بەستوو، رێگە خۆش دەکات بۆ کلۆربوونی ددان. ئەو شەکرەی دەکرێتە قاوەکە، رێگا لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لیکی نێو دەم دەگرێ لە پاراستنی ددان و ژینگەیەکی دڵخوازیش دەڕەخسێ بۆ گەشەی بەکتریاکان.

### 4 چەرەس:



ئەمەش لەو خۆراکانەیە کە لە نێوان پووک و دداندا دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی هەوکردنی پووک و کلۆربوونی ددان. بۆیە پاش خواردنی چەرەس، دەبێ دوو خولەک بە فڵچە ددانت بشۆی.

### 5 ئاوی لیمۆی گەرم:



هەندێک کەس بەیانیان یەکەم کاریان خواردنەوەی پەرداخێک ئاوی لیمۆی شلەتێنە، ئەمە مینای داپۆشەری ددان تێکدەدات، چونکە رادەی ترشییەکەی ئێجگار بەرزە کە دواتر هەستەوەری و کلۆربوونی ددانی بەدوادا دێ.

### 6 کلۆی سەهۆڵ:



کرماندنی سەهۆڵ ئارەزووی بەشێک لە خەڵکییە کە هۆکارێکی دیاری تێکچوونی مینای داپۆشەری ددانە، تەنانەت هەندێکجار ددان دەشکێنێ.

### 7 خواردنەوە وزەبەخشەکان:




رێژەیەکی بەرز لە شەکر و ترشەڵۆکیان تێدایە کە زیانێکی زۆر لە پووک و ددانەکان دەدەن لەگەڵ تێپەڕینی کات و چەندبارە خواردنەوەی.

### 8 کشمیش:



کشمیش دەکرێتە جۆرەها خواردەمەنییەوە، لەوانە کێک و شوکولاتە و چێشتە جیاوازەکان، بەڵام دەبێ بزانن هۆکارێکی کلۆربوونی ددانیشە. کشمیش برێکی زۆر شەکری تێدایە و بە ئاسانیش بە ددانەوە دەنووسێ، ئەوانەش دوو هۆکاری سەرەکی تێکچوونی ددانەکان و گەشەکردنی بەکتریاکانن لەسەریان.

### 9 چپسی پەتاتە:



برێکی زۆر نیشاستەی تێدایە کە لە دەمدا بەشێکی هەرس دەبێ و دەگۆڕێ بۆ شەکر و لەنێوان ددانەکان و پووکدا دەمێنێتەوە و دەبێتە ژمێکی ئامادە و دڵخواز بۆ بەکتریاکان. ئەوانیش بە دروستکردنی ترشییەکی زۆر، دەبنە هۆی کلۆربوونی ددان.

### 10 چوکلێت و هاوشێوەکانی:



کاندی و چوکلێت و هاوشێوەکانیان پڕن لە شەکر، زۆریش دەلکێن بە ددانەکانەوە و لە کۆتاییدا رێگا خۆش دەکەن بۆکلۆربوونی ددان.

# دەرمانی کیمیایی چۆن کاردەکات؟

رووداو - ئاژانسەکان

دەرمانی کیمیایی کە لەمپەر دەخاتە بەردەم گەشە و زۆربوونی خانە شێرپەنجەییەکان، لێکەوتەی خراپیشی هەن، بۆیە تەنیا پزیشک بڕیار دەدات کە بۆ کام حاڵەت بەسوودە.

دەرمانی کیمیایی کار لە شێرپەنجە بنەڕەتییەکە و لقە بڵاوبووەکانیشی دەکات. هێرشێکی فراوان دەکەن و کار لە نزیکەی هەموو خانەکانی جەستە دەکەن. ئەو خانانەی هاوشێوەی شێرپەنجە زۆر خێرا گەشە دەکەن و زۆر دەبن، زۆرترین کاریگەریی دەرمانەکەیان بەردەکەوێت. بەهۆی هێرشی فراوانی دەرمانە کیمیاییەکە، چەندین لێکەوتەی نەویستراو دەردەکەون، وەکوو قژرووتانەوە، ئێڵنج و بەدهەرسی. رادەی لێکەوتە نەخوازراوەکان پەیوەندی هەیە بە بڕ و ماوە و جۆری دەرمانەکە و فیزیۆلۆجیی جەستەی تووشبووەکە. لەگەڵ تەواوکردنی کۆرسی دەرمانەکە، لێکەوتە نەخوازراوەکانیش وردە وردە کەم دەبنەوە، قژ دەڕوێتەوە و ئێڵنج و رشانەوە و ئەوانی دی نامێنن. بەشێک لە لێکەوتە نەخوازراوەکان هەر زوو چاک دەبنەوە، هەندێکی دیکەیان چەند مانگێکیان دەوێ.

هەندێک دەرمان هەن هاوکاریی هێواشکردنەوەی لێکەوتە نەخوازراوەکان دەکەن. هەندێک دەرمانی دیکە یارمەتیی زوو چاکبوونەوە دەدەن پاش تەواوبوونی کۆرسی دەرمانەکە.

# واشنتن.. زلهێزە بێ ستراتیژەکەی س


رەنگە خەلیفەی دەوڵەتەکەی داعش بە جلی ژنانەوە، یان خۆی لەنێو تونێلەکانی مووسڵ شاردبێتەوە

**رووداو- هەولێر**

ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری مانەوەی درێژخایەنی لە سووریا داوە، ئەم بڕیارە لەلایەکەوە ئەنجامی گەورەی بۆ ڕۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر رووداوەکانی داهاتووی ناوچەکە دادەنێت. بەو پێیەش ئیدارەی ئێستای واشنتن بەرنامەی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئیدارەی پێشوو جیادەکاتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ ئاکامی ئەو بەرنامە نوێیە جیاواز دەبێت؟

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، کۆکن لەسەر ئەوەی بڕیارەکانی ئیدارەکەیان کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر ئەو تراژیدیا و نائومێدییەی لە قەیرانی سووریادا دروستبووە. وەکوو چارڵز لیستەر و ویلیام وێچسلەر، توێژەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن (MEI) ئاماژەی بۆ دەکەن، ئیدارەی پێشووی ئەمریکا کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا لەدەستدا، کۆمەڵێک رێککەوتنی لەبەردەست بوو کە نەیکردن و دەشیتوانی رێگە لە ژمارەیەک کارەسات بگرێ.

هەڵوێستەکانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بەرامبەر قەیرانی سووریا ناجێگیرییەکی زۆریان پێوە دیاربوو، بۆیەش لیستەر و وێچسلەر پێیانوایە ئەمە هەواڵێکی باشە کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دواجار بەڕوونی ئەولەویەت و هەڵوێستەکانی خۆیانی بەرامبەر قەیرانی سووریا خستووەتەڕوو، بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە پلانە نوێیەکەی ئیدارەی ئەمریکی بۆ سووریا جگە لە پێنج ئامانج هیچی دیکە لەخۆناگرێت، ئامانجەکانیش واقیعبینانە نین.

ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بەردەوام دەیگوت بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، دەبێت کورسیی دەسەڵات جێبهێڵێت، بەڵام ئامادەش نەبوو سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر دیمەشق بگرێتەبەر کە ئەسەد ناچار بکات مل بۆ داوای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدات. بەبۆچوونی دوو توێژەرەکەی (MEI) "هیچ ئاماژەیەک نییە تیمی ترەمپیش هیچ ستراتیژێکیان دانابێت کە لەگەڵ ئامانجەکاندا یەکبگرێتەوە، وەکوو چۆن پێناچێت بەنیازیش بن سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە بخەنەکار".

لە دوو ساڵی رابردوودا سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا تەرکیزی لەسەر تێکشکاندنی داعش بووە. بۆ ئەم ئامانجەش پشتی بەهێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەستووە کە بە دەستپێشخەریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراون. بە گوێرەی مەزندەکان هەسەدە نزیکەی 50 هەزار چەکداری هەیە و ئێستا 25 %ی خاکی سووریا لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە. ئەم سیاسەتە تورکیای تووڕە کردووە، هێرشەکانی ئێستای عەفرینیش دەریدەخات ئەنقەرە هەوڵ دەدات کێشە بۆ ستراتیژی ئەمریکا لە سووریا دروستبکات. تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەمریکا چۆن دەتوانێت

# یەمەن.. بەرەیەکی نوێی شەڕ و ئەگەری جیابوونەوەی باشوور

**رووداو – هەولێر**

هەفتەی رابردوو جوداخوازەکانی یەمەن کۆنترۆڵی شاری عەدەنیان لە باشووری ئەو وڵاتە گرتەدەست و گەمارۆی کۆشکی کۆمارییان دا. ئەم گۆڕانکارییە لەلایەکەوە بەرەیەکی نوێ لە شەڕی یەمەن دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە کەلێنی گەورە لەو هاوپەیمانێتییە ناوچەییەکە دروست دەکات کە لە ساڵی 2015ەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حوسییەکان پێکهاتووە.

بە درێژایی هەفتەی رابردوو شەڕی قورس لە نێوان حکومەتی یەمەن و چەکدارانی سەر بە ئەنجوومەنی ئینتیقالیی باشوور بەردەوام بوو. رۆژی سێشەممە چەکدارانی ئەنجوومەنی ئینتیقالی گەمارۆی کۆشکی ئەلمەعشیقیان دا کە شوێنی کارکردنی کابینەی حکومەتی یەمەن و ئەحمەد بن داغر، سەرۆک وەزیرانی یەمەنە. سەتان کەس لە دانیشتووانی عەدەن و لایەنگری ئەنجوومەنی ئینتیقالی بە گوتنەوەی دروشمەکانی سەربەخۆیی پێشوازییان لە هەڵمەتەکەی ئەنجوومەنی ئینتیقالی کرد.

چەکدارانی ئەنجوومەنی ئینتیقالی هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی پێکدادانەکان، دوایین هۆشداریان بە عەبد رەبۆ مەنسوور هادی، سەرۆککۆماری یەمەن دابوو کە دەبێت بن داغر لەسەر کار لابدات، ئەگینا خۆیان کابینەکەی هەڵدەوەشێننەوە. گرووپە جوداخوازەکە حکومەتی یەمەن بە "گەندەڵییەکی بەرفراوان" تۆمەتبار دەکات کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر "ئابووری، ئاسایش و دۆخی ژیانی خەڵکی عەدەن داناوە".

لە لێدوانەکانی هەفتەی رابردووی ئەنجوومەنەکەدا هەوڵ دراوە مەنسوور هادی کە لە سعودیە نیشتەجێیە، لە کێشەکان دەربخرێت. سەرۆککۆماری یەمەن خۆی خەڵکی باشوورە و لە ساڵی 2015ەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی باشووری لە پۆستە سیادییەکانی یەمەن داناوە کە ژمارەیەکیان جوداخوازن. ئەو بڕیارەی هادی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە بوو جوداخوازەکانی باشوور هێور بکاتەوە.

بەشی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی ئینتیقالی لە بزووتنەوەی باشوور (الحراک الجنوبي)دا ئەندام بوون. بزووتنەوەی باشوور لە ئاکامی دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆی یەمەن لە 1994 سەریهەڵدا. بەڵام ئەم بزووتنەوە جوداخوازە نزیکەی 13 ساڵی ویست بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بکاتەوە. کاتێک ئەنجوومەنی گەلی رەدفان پێشنیازی کرد هەموو بزووتنەوە جوداخوازەکانی باشووری یەمەن لەژێر چەتری یەک ستراتیژدا کار بکەن.

شۆڕشەکەی 2011 بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی عەلی عەبدوڵلا ساڵح، سەرۆککۆماری پێشووی یەمەن، دەستی جوداخوازەکانی یەمەنی بەهێزتر کرد. ئێستا ئەنجوومەنی ئینتیقالی بە ئاشکرا مەشخەڵداری ئامانجەکانی بزووتنەوەی باشوورە و داوا دەکات لە هەموو رێککەوتنێکی داهاتوودا بیر لە جیابوونەوەی باشوور و باکووری یەمەن بکرێتەوە. لەبەرامبەردا حکومەتەکەی هادی دەیەوێت عەدەن هەرێمێکی فیدراڵ بێت لەناو یەمەنێکی یەکگرتوودا.

ناکۆکیی نێوان حکومەتی یەمەن و جوداخوازەکان تەنیا لە نێوان لایەنە نێوخۆییەکانی باشووری یەمەندا نەماوەتەوە، بەڵکو کەلێنی گەورەشی لە هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە دروستکردووە، بەتایبەتیش لە نێوان ئیماراتی عەرەبی و سعودیەدا. باڵی سەربازیی ئەنجوومەنی ئینتیقالی (ناسراو بە هێزەکانی بەرگریی باشوور) هاوکاریی سەربازی لە ئیماراتی عەرەبی وەردەگرن.

لە چەند رۆژی رابردووشدا بەرپرسانی ئیمارات داوایان لە ئەنجوومەنی ئینتیقالی کردووە ئاگربەست قبووڵ بکەن. بەڵام چەکدارانی سەر بە زوبەیدی ئەو داوایەیان پشتگوێخست. وەکوو سەما حەمدانی، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک دەڵێت، ئەندامانی هاوپەیمانێتی عەرەبی بەسەرکردایەتی سعودیە بەرژەوەندیی جیۆپۆلیتیکی جیاوازیان لە باشووری یەمەن هەیە.

حەمدانی بەدووری دەزانێت کێشەی نێوان جوداخوازەکان و حکومەتەکەی مەنسوور هادی ببێتە هۆکاری هەڵوەشانەوە یان لاوازبوونی هاوپەیمانێتییەکەی نێوان ریاز و ئەبوزەبی، بەڵام پێشبینی دەکات هەردوو وڵات هاوبەشە لۆکاڵییەکانی خۆیان لە یەمەن بەکاربهێنن بۆ ئەوەی دەستی باڵاتریان لە باشووری یەمەن هەبێت.

ئیماراتی عەرەبی لە دوو ساڵی رابردوودا سەرمایەیەکی سەربازیی و دارایی گەورەی لە عەدەن خەرج کردووە، تەنانەت پارەیەکی زۆریشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عەدەن تەرخان کردووە. بۆیەش بە مافی خۆیانی دەزانن پشکێکی گەورەیان لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی عەدەندا هەبێت. هەڵوێستی ئیمارات بۆنی ئەوەشی لێدەکرێت زۆر بایەخ بە یەکگرتوویی یەمەن نادات.

بەڵام سعودیە تاوەکو ئێستاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە لایەنە یەمەنییەکان پابەندی ئەو پرۆسە ئینتیقالییە بن کە لە ساڵی 2011و بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان دارێژراوە. نەتەوە یەکگرتووەکان سوورە لەسەر ئەوەی یەمەن دەبێت وەکوو وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە.

زوبەیدی لە دیمانەیەکی فرانس 24دا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لایەنگرانی ئەنجوومەنەکە پابەندن بەو هاپەیمانێتییەی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو پێکیان هێناوە، بەڵام گوتیشی "گەلی باشوور مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، هەڵبەت ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئامادەیی ئەو شتەی هەبێت".

لای سعودییەکان ئەولەیەتی یەکەمی شەڕی یەمەن بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی حووسییە کە گروپێکی شیعەی نزیک لە ئێرانن. بۆیەش ئاگربەستی خێرا لە نێوان چەکدارانی ئەنجوومەنی ئینتیقالی و حکومەتی یەمەن بە پێویست دەزانن. حکومەتەکەی هادی کۆنترۆڵی 80 %ی یەمەنی لەژێر دەستە، بەڵام ئەو ناوچانەی چڕی دانیشتووانی بەرزە لە ژێر دەسەڵاتی حووسییەکاندا ماوەتەوە.

سنووری یەمەن بە پێچەوانەی کۆریای باشوور و باکوور یان ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە شەڕ و خوێنڕشتن نەکێشراوە. باکووری یەمەن لەدوای رووخانی ئیمپراتووریەتی عوسمانی لە 1918 سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵام باشووری یەمەن لە دوای سەرهەڵدانی دوو پارتی ناسیۆنالیستی لەدژی دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیا لە 1967 سەربەخۆیی وەرگرت. سەرهەڵدانەکە بە پشتگیری یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بەڕێوەچوو، بۆیەش دەسەڵاتی حکومەتی باشووری یەمەن، دەسەڵاتێکی مارکسیستی و سێکولار بوو.

کۆماری یەکگرتووی یەمەن لە 22ی ئایاری 1990 دامەزرا. دوای ئەوەی عەلی عەبدوڵلا ساڵح، سەرۆکی باکوور و عەلی سەلیم ئەلبەیز، سەرۆکی باشوور، رێککەوتنێکیان واژۆکرد و حکومەتێکی هاوبەشیان پێکهێنا. بەڵام تەبایی نێوان باشوور و باکووری یەمەن تەنیا سێ ساڵی خایاند و لە ساڵی 1994دا شەڕێکی نێوخۆیی هەمەلایەنە لە نێوان هەردوو بەشی یەمەندا دەستی پێکرد، هەر ئەم شەڕەش زەمینەی هەڵسانەوەی بزووتنەوە جوداخوازەکانی باشووری یەمەن بوون کە ئێستا تەحەدای گەورەیان بۆ حکومەتەکەی مەنسوور هادی دروستکردووە.



جوداخوازەکان هۆشداریان داوەتە سەرۆککۆماری یەمەن کە سەرۆک وەزیران لەسەر کارلابدات، ئەگینا خۆیان حکومەت هەڵوەشێننەوە


ساڵی رابردوو 10 هەزار ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی ئەفغانستان کوژراون

# تاڵیبان شەڕ دەگ گەورەکانی ئەفغ

**رووداو- هەولێر**

دوو هێرشەکەی کۆتایی مانگی رابردووی تاڵیبان لە کابول، سەلماندی کە ئەو گرووپە تەنیا یەک هەفتەی بەسە بۆ ئەوەی لە دوو هێرشدا زیاتر لە 120 کەس بکوژێت و دەیانی دیکەش بریندار بکات. پرسیارێک کە لە مێشکی بەرپرسانی ئەمنیی ئەفغانستان و ناتۆدا دەخولێتەوە، ئەوەیە بۆچی تاڵیبان لەو قۆناغەدا بڕیاریداوە ژمارە و قەبارەی هێرشەکانی گەورەتر بکات؟

لە هێرشی یەکەمیاندا کە رۆژی 20ی کانوونی دووەم کرایە سەر هۆتێلی ئینتەر کۆنتینێنتاڵ لە نزیک کابول و بۆ ماوەی 13 کاژێر بەردەوام بوو، 22 کەس کوژران. لە هێرشی دووەمیاندا کە هەفتەیەک دواتر روویدا 103 کوژراو و زیاتر لە 235 برینداری لێکەوتەوە. ئەمەش جگە لە هێرشەکەی داعش بۆ سەر منداڵپارێزیی ئەفغانستان لە جەلالئاباد کە شەش کوژراو و 27 برینداری لێکەوتەوە.

### فاکتەرە نێوخۆییەکان

ئەو هێرشانە دوای ئەوە دێن کە ئەفغانستان لە 2017دا ساڵێکی خوێناوی لەگەڵ گرووپە توندئاژۆکان بەڕێکرد. لە یەک ساڵی رابردوودا 10 هەزار ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی ئەفغانستان کوژراون و 16 هەزاریان بریندار بوون. بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکانیش رۆژانە 10 هاووڵاتیی مەدەنی دەکوژرێن. بەڵام هێرشەکانی مانگی رابردوو لەڕووی ئامانج، خێرایی و ژمارەی کوژراوەوە تایبەت بوون.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان گوشارێکی زۆریان بۆ سەر هێزەکانی تاڵیبان لە ناوچە گوندنشینەکان دروستکردووە. ئەم ستراتیژە تاڵیبانی ناچار کردووە ئاراستەی هێرشەکانی بۆ شارەکانی وەکوو کابول بگۆڕێ. ئەمجۆرە هێرشانە هیچ دەستکەوتێکی ناوچەییان بۆ تاڵیبان نییە، بەڵام ئاماژەیەکی روونتر بۆ خەڵکی ئەفغانستان دەنێرێ کە حکومەتی وڵاتەکەیان تاوەکو ئێستاش توانای دەستەبەرکردنی ئاسایشی نییە، جگە لەمەش ئەزموونی دەیەی رابردووی رێکخراوە توندوئاژۆکان تاڵیبانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی هێرش لە شارە گەورەکان دەنگدانەوەی جیهانیی گەورەتری دەبێت.

ئەمڕوڵلا ساڵح، بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی ئەفغانستان، بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی راگەیاند "چەکدارانی تاڵیبان دزەیان کردووەتە نێو کابول، شارەکە ژەهراوی بووە". بە گوتەی بەرپرسانی ئەمنیی ئەفغانستان، تاڵیبان خەریکە پلەی ئەو سەرکردانە بەرز دەکاتەوە کە لایەنگری هێرشی تیرۆریستین بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان لە شارە گەورەکاندا.

لە ماوەی دەیە و نیوی رابردوودا فۆکەسی هاوپەیمانان لەسەر ئەوە بووە کە توانای تاڵیبان لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکاندا پەکبخەن، هێرشەکانی مانگی رابردوو دەریدەخەن ئەم ستراتیژە تاڵیبانی ناچار کردووە ئەولەویەتی خۆی بگۆڕێت و شێوازی هێرشەکانی لەوانەی گرووپی وەکوو داعش نزیک بکاتەوە. ئەمەش بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە تاڵیبان هەستی کردووە خەریکە رکابەرێکی نوێی لە ئەفغانستان بۆ پەیدا دەبێت. داعش لە دوو ساڵی رابردوودا هەوڵی رێکخستنی تۆڕەکانی لە ئەفغانستان داوە و لە هەفتەی کۆتایی مانگی رابردووشدا هێرشێکی تیرۆریستی بۆ سەر رێکخراوێکی بیانیی منداڵپارێزی لە ئەفغانستان ئەنجام دا. یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی تاڵیبان و داعش ئەوەیە هەردوو رێکخراوەکە (بە پێچەوانەی باڵی ناوەندیی قاعیدە) چاویان لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناوچەیە.

بەڵام تاڵیبان دەشزانێت داعش هەمیشە

# ـــووریا

لە جەرگەی کێشە قووڵەکانی نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤا و تورکیادا سیاسەتی خۆی لە سووریا بەرەوپێش ببات.

ڕەواندنەوەی هەڕەشەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەشێکی دیکە لە پلانی ئەمریکا لە سووریا پێکدێنێ. بە گوێرەی دوایین هەڵسەنگاندنی MEI ، ڕێکخراوی قاعیدە زیاتر لە 15 هەزار چەکداری لە سووریا هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناوچەی دەسەڵات و چالاکییەکانی قاعیدە لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا سووریایە کە ئەمریکا هیچ دەسەڵاتێکی تێدا نییە.

هەردوو توێژەرەکە پێیانوایە "ئەمریکا نەک هیچ ستراتیژێکی بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەڕەشەیە نییە، بەڵکو بڕیاری پارساڵی ئیدارەی ئەمریکا بۆ وەستاندنی پرۆگرامی هاوکاریی گرووپە میانڕەوەکان دەسەڵاتی قاعیدەی بەسەر ئەو گرووپانەدا زیاد کرد". جەختیش لەوە دەکەنەوە ئیدارەی ترەمپ جگە لە کۆمەڵێک لێدوانی گشتگیر و بەربڵاو سەبارەت بە سووریا، هیچ مەیلێکی نیشان نەداوە کە "بەڕاستی دەیەوێت بەرەنگاری هەڕەشەی قاعیدە لە سووریا ببێتەوە".

بە گوتەی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دوو لەو هۆکارانەی وایانکردووە ئەمریکا بیر لە هێشتنەوەی درێژخایەنی هێزەکانی لە سووریا بکاتەوە بریتین لە: لادانی ئەسەد و دەستپێکردنی قۆناغی گواستنەوەی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات و فراوانخوازییەکانی ئێران.

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا هیچکات حکومەتی سووریا هێندەی ئێستا بەهێز نەبووە، بۆیەش ئەستەمە مانەوەی 1500 سەرباز و ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری ئەمریکی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بتوانێ شتێکی ئەوتۆ لە هاوکێشەکە بگۆڕێ.

ئەرکێکی دیکەی ئەو 1500 ستافە سەربازییەی ئەمریکا بەرەنگاربوونەوەی ئێرانە لە سووریا. ئیدارەی ترەمپ لە سەرەتای دەستبەرکاربوونیەوە وەهای دەرخستووە کە مەلەفی ئێرانی بە جدی وەرگرتووە، بەڵام ئێران 150 هەزار میلیشیای شیعە و عەلەوی لە سووریا هەیە. جیا لەمە ئێران لە حەوت ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر بنکەی سەربازیی سووریادا گرتووە و سیستەمی مووشەکیی بەهێزیشی لە سووریا جێگیر کردووە، هاوکارییە ئابوورییەکانی تاران بۆ دیمەشقیش هێندەی دیکەی نفووزی ئێرانی لەو وڵاتە قووڵتر کردووەتەوە.

لەو سۆنگەیەوە لیستەر و وێچسلەر پێیانوایە "ئێران پەیڕەوی لە هەمان ستراتیژ دەکات کە یەکەمجار لە لوبنان دەستیپێکردووە و ئێستا لە عێراق و سووریا بەرەوپێشی دەبەن و ئامادەش نییە دەست لە فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە سووریا هەڵگرێ". بۆیەش ڕەخنەی سەرەکی لە پلانەکەی ئەمریکا ئەوەیە 1500 سەربازی ئەمریکی لە ناوچە گوندنشینەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا چۆن دەتوانێت نفووزی ئێران لە سەرانسەریی سووریا کەم بکاتەوە؟

خاڵێکی دیکە کە لە پلانی ئەمریکا بۆ سووریا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، دروستکردنی ناوچەی ئارامە لە سووریا، تاوەکو لە داهاتوودا کۆچبەرە سوورییەکان لە وڵاتانی دراوسێوە بتوانن بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە. ئیدارەی ترەمپ بە تایبەتی سووورە لەسەر دامەزراندنی ئەو ناوچانە و چەند ڕێککەوتنێکیش بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ مۆسکۆ کراوە.

> "کاتی ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا لە سووریا بە ئەولەویەتەکانی خۆیدا بچێتەوە"

لیستەر و وێچسلەر دەڵێن کۆشکی سپی تاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکات کە "ئەم ناوچانە لەلایەن ڕووسیاوە داڕێژراون بۆ ئەوەی بە هێواشی دەستکەوتەکانی ڕژێمی سووریا لە ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بکەن". ئەم جۆرە سیاسەتە ئەگەرچی لە کورتخایەندا بە ڕواڵەت ناوچەیەک بۆ کۆچبەرانی سووری دەستەبەر دەکات، بەڵام لە درێژخایەندا "پێگەی ئەسەد بەهێزتر دەکات، یارمەتی فراوانخوازییەکانی ئێران بەرەو سنوورەکانی سووریا و ئیسرائیل دەدات". کێشەی سەرەکیی ئەوەیە ئەم ناوچانە بە دەستپێشخەری ڕووسیا دروست دەکرێن، بۆیەش گوزارشت لە ئامانجەکانی مۆسکۆ دەکەن.

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا دروشمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی ئەوە بووە کە "یان ئەسەد لەسەر کورسی دەمێنێتەوە یان هەموو وڵات خەڵتانی خوێن و ئاگر دەکەین". هەنگاوەکانی حکومەتی سووریا و هاوبەشەکانیشی گوزارشتیان لەو دروشمە کردووە. ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانییەکانی جەختیان لەسەر لادانی ئەسەد کردووەتەوە، بێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی پێویست بۆ ئەم سیاسەتە بخەنەڕوو.

چارڵز لیستەر و وێڵیام وێچسلەر کە ساڵانێکە لەسەر سووریا دەنووسن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕاگەیاندنی ئامانجی گەورە پێویستی بە دابینکردنی ئامرازی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان هەیە، ئەگینا ئەو ئامانجە گەورانە "تەنیا متمانەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم دەکەنەوە" بۆیەش دەڵێت ئێستا کاتی ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا "بە ئەولەویەتەکانی خۆی لە ستراتیژی سووریادا بچێتەوە یان پرسیاری ئەوە لە خۆی بکات ئاخۆ لە بنەڕەتدا هیچ ستراتیژێکی هەیە یان نا؟".



# ـــوازێتەوە شارە ـــانستان

چاوی لەسەر ئەوەیە تۆڕ و شانە لە شارە گەورەکان دروستبکات. قۆناغی بەرایی ئەو هەنگاوەش هێرشی تیرۆریستییە لە شارەکاندا، ئەمجۆرە هێرشانە ئامرازی ڕاگەیاندنی وجوودن بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

چاوەڕێ دەکرێت شارە سەرەکییەکانی ئەفغانستان مەیدانی ململانێی داهاتووی داعش و تاڵیبان بن.

ماوەی 16 ساڵە سێ ئیدارەی جیاوازی ئەمریکی لە هەوڵدان سێ ئامانجی سەرەکیی لە ئەفغانستان جێبەجێ بکەن، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی کارامە لە ئەفغانستان، جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئەو حکومەتە بەسەر هەموو ناوچەکانی ئەفغانستاندا و دواجاریش چاوەڕێی ئەوە بکەن خەڵکی ئەفغانستان خۆیان ئایدیۆلۆژیا و ئامانجەکانی تاڵیبان ڕەتبکەنەوە و لەوێشەوە سەقامگیرییەکی درێژخایەن ڕوو لە ئەفغانستان بکات، بەڵام ئەزموونی دەیە و نیوی ڕابردووی ئەفغانستان ئەو ڕاستییەی دەرخستووە کە حکومەتی ناکارامەی ئەفغانستان نەیتوانیوە هیچکام لەو سێ ئامانجە وەدی بهێنێت. گەندەڵی، خزم خزمانێ، تایفەگەری و ناکۆکی سیاسیی قووڵ، سیمای دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەفغانستان لە پاش تێکشکاندنی تاڵیبان لە 2001 بووە.

## فاکتەرە دەرەکییەکان

لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دوو سیاسەتی گرتووەتەبەر کە هەردووکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوشی ئەمنیی ئەفغانستان داناوە. سیاسەتی یەکەمیان بەکارهێنانی هێزی سەربازییە بۆ لێدانی گرووپە توندئاژۆکانی وەکوو تاڵیبان، قاعیدە و داعش. ئەم سیاسەتە لە عێراق و سووریا بووەتە هۆی تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش، بەڵام لە ئەفغانستان بژارەکانی بەردەستی حکومەتی کەمکردووەتەوە.

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، ترەمپ وێڕای ئیدانەکردنی هێرشەکەی کابول ڕایگەیاند ئەمریکا ئامادە نییە دانوستاندن لەگەڵ تاڵیبان بکات. بەرپرسانی سەربازی و ئەمنیی ئەمریکا لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕایانگەیاندووە لێدانی تاڵیبان بۆ ئەوەیە ناچاری بکەن بێتەسەر مێزی دانوستاندن و مەرجەکانی حکومەتی ئەفغانستان قەبووڵ بکات. ساڵی ڕابردوو کۆشکی سپی بڕیاری دا ژمارەی هێزەکان و هێرشە ئاسمانییەکان لە ئەفغانستان زیاد بکات.

ئەم سیاسەتە نەک هەر تاڵیبانی ناچارکردووە ڕوو لە هێرشی تیرۆریستی لە شارەکان بکات، بەڵکو ئەگەری گفتوگۆی نێوان کابول و تاڵیبانی یەکجار لاواز کردووە. ڕۆژێک دوای هێرشەکەی هەفتەی ڕابردوو، بزووتنەوەی تاڵیبان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێرشەکان وەڵامێکن بۆ سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ. سەرەڕای لێدوانە توندەکەی کۆشکی سپی و بەیاننامەکەی ترەمپ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاوەکو ئێستاش سازدانی دیالۆگ لە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان دایە.

پاکستان هەر لە کۆنەوە فاکتەرێکی سەرەکیی بووە لە نائەمنی ئەفغانستاندا. دوو ئیدارەی پێشوو سەرکەوتوو نەبوون لەوەی پاکستان ڕازی بکەن لە ڕێگەی تاڵیبان و گرووپی هەققانییەکانەوە دەست لەکاروباری نێوخۆیی ئەفغانستان وەرنەدات. سەرەتای مانگی ڕابردوو، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند هاوکارییە ئەمنییەکانی بۆ پاکستان ڕادەگرێت. کەم نین ئەو بەرپرسانەی لە کابول پێیانوایە سیاسەتە توندەکەی ترەمپ بەرامبەر پاکستان هۆکاری بەرزبوونەوەی هێرشەکانی تاڵیبان لە شارەکانی ئەفغانستان بێت.

# حسبە.. دەزگا سیخوڕییە ترسناکەکەی داعش

**ڕووداو- هەولێر**

ناکۆکیی کۆمەڵایەتی و تایفی یەکێک لەو ئامرازە سەرەکییەکانە بووە کە گرووپە جیهادییە ئیسلامییەکان بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان بەکاریان هێناوە. ئەزموونی سەرهەڵدانی قاعیدە و داعش لە عێراق دەریدەخات ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانە تاوەکو چەندە خزمەتیان بە ئەجێندای درێژخایەنی ئەو ڕێکخراوانە کردووە. لە دەیەی ڕابردوودا فۆکەسی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەو کەلێنانە بووە کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبووە، لەوانەش کەلێن و ناکۆکییە تایفییەکان. بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە منداڵیان چووەتە ناو داعش، دەریدەخات داعش لە بچووکترین پێکهاتەی کۆمەڵگاشدا کە خێزانە، هەوڵی تێکخکردنەوەی ناکۆکی داوە.

گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی لەگەڵ ژمارەیەک دایک و باوکی خەڵکی سووریا قسەی کردووە کە کوڕیان بووەتە ئەندامی داعش. یەکێک لەوانە کەسێکە بە ناوی خوازراوی ئەبوو سالم کە ئێستا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا پەنابەرە. ئەبوو سالم باس لەوە دەکات کە کوڕەکەی بەردەوام گوێی لە گوتار و مۆسیقای گرووپە جیهادییەکان گرتووە. سەیری ڤیدیۆی سەربڕینی خەڵکی کردووە تاوەکو ڕۆژێک بە ئەبوو سالمی گوتبوو "دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر حەقە و شێوازی ژیانی ئێوە سەرتاپای لادانە".

ئەبوو سالم تووشی شۆک ببوو، خۆی پێنەگیرابوو و جوێنی بە دەوڵەتی ئیسلامی دابوو، کوڕەکەی لە وەڵامدا هەڕەشەی لێکردبوو کە ناوی دەدات بە پۆلیسی داعش، ناسراو بە حسبە. سێ ڕۆژ دوای ئەو دەمەقاڵەیە کوڕەکەی ماڵی جێهێشتبوو و هیچکات نەگەڕابووەوە. کوڕەکەی ئەبوو سالم ماوەیەکی کورت دوای پەیوەندیکردنی بە داعشەوە کوژرابوو.

دیمانەی گۆڤارە ئەمریکییەکە لەگەڵ دەیان دایک و باوکی هاوشێوەی ئەبوو سالم ئاشکرای دەکات کە داعش دەستی بە هەڵمەتێکی ورد کردبوو بۆ تێکدانی متمانەی نێوان مێرمنداڵان و دایک و باوکیان. هەرچەندە دوائامانجی داعش لەو هەڵمەتە کۆکردنەوەی ئەندامی زیاتر و دروستکردنی نەوەی داهاتووی داعش بووە، بەڵام لە پاڵ ئەو دوو ئامانجەدا کۆمەڵێک مەبەستی دیکەشی هەبووە کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی سوودی لێ وەرگرتوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە یەکێک لە ئامانجەکانی داعش لەو هەڵمەتە دروستکردنی هەرەمێکی نوێی دەسەڵات و تێکشکاندنی هەرەمە نەریتییەکە بووە کە تێیدا باوک یان دایک خاوەنی بڕیارن، لەوێشەوە هەرەمی دەسەڵات لە کۆی کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی داعش و تەنانەت پێناسەی خێزان دەگۆڕدرێت. لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە ئەو خێزانانەش کە بێلایەن بوون، بە کردەوە دەکەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتە ڕۆژانەییەکانی داعش.

سارا، تەمەن 22 ساڵ و خەڵکی شاری ئەلباب، دەڵێت سامری برای لە تەمەنی 14 ساڵیدا بەشداری دانیشتنەکانی "شەریعە"ی دەکرد کە بۆ ڕاکێشانی مێرمنداڵ و گەنجان بۆ ناو داعش ڕێکخرابوون، جیا لەمە زووزووش سەردانی "خاڵە میدیاییەکان"ی داعشی دەکرد کە تێیدا لەسەر پەردەی سینەما شەڕەکانی داعش و سەربڕینی خەڵک و سروودەکانی داعش نمایش دەکران.

سامر بەردەوام لە خوشکەکەی تووڕە بووە کە بۆچی کراسی بێ قۆڵ لەبەردەکات، ڕەخنەی لە دایکی دەگرت کە بۆچی لە ماڵەوە پانتۆڵ لەپێ دەکات. کاتێک دواجار لای داعش خۆی ناونووس کرد، سارا پرسیاری لێکردبوو کە چۆن دڵی هاتووە خێزانەکەی خۆی جێبهێڵێ، سامر بە ساردییەوە وەڵامی دابووەوە "داعش خێزانی منە".

پڕوپاگەندەی داعش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە منداڵ هەقی سەرپێچیکردن لە فەرمانی دایک و باوکی هەیە، ئەگەر دایک و باوکەکە هەوڵی دوورخستنەوەی منداڵەکەیان لە جیهاد بدەن. کوڕەکەی ئوم ئەحمەد یەکێکە لەو منداڵانەی بەو بیانووە چووەتە نێو داعشەوە.

وەکوو ئوم ئەحمەد بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەی دەگێڕێتەوە، ڕۆژێک لە ڕێگەی گەڕانەوەی خۆی و کوڕەکەی لە بازاڕەوە بۆ ماڵ ناچار بووە ڕووبەندەکەی لابدات، چونکە بەرچاوی خۆی نەدەبینی. لەو کاتەدا پۆلیسێکی داعش بە کوڕەکەی ئوم ئەحمەدی گوتبوو، ئەگەر هاتبایە نێو داعش خۆت پارەت دەبوو، ئەو کات پێویستی نەدەکرد دایکت بێتە دەرەوە. ئوم ئەحمەد ماوەیەکی زۆر هەوڵی دابوو ئەو بیرۆکەیە لەسەری کوڕەکەی دەربکات، بەڵام کوڕەکەی پێی گوتبوو ئایین فەرمانی پێدەکات سەرپێچی لەو داوایە بکات.

زۆربەی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەبووایە بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا بکەن کە تێیدا وتاری تایبەت بە "گوێڕایەڵی بۆ دایک و باوک" دەخوێنرایەوە. بەڵام ئەو وانانەی لە کەمپەکانی مەشق و ڕاهێنانی چەکدارانی داعش پێشکەش کراون، دەریدەخات داعش بەردەوام سەبارەت بە دووڕوویی دایک و باوکەکان بەرامبەر خەلافەت هۆشداری بە گەنج و مێرمنداڵەکان داوە.

کرۆکی ئەو بیرۆکەیەی داعش ئەوە بووە کە ڕێکخراوەکەیان بۆ خوا شەڕ دەکات، بۆیەش فەرمان و بەرژەوەندییەکانی دەبێت بخرێنە پێش فەرمان و بەرژەوەندییە خێزانییەکان. بۆیەش وەکوو لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ناوەندی بەیاندا هاتووە داعش پارەی بە منداڵەکان داوە بۆ ئەوەی سیخوڕی بەسەر دایک و باوکی خۆیاندا بکەن، لە هەندێک حاڵەتیشدا منداڵەکان بۆ سەلماندنی پابەندیی خۆیان بە داعشەوە دەستیان بۆ کوشتنی دایک و باوک و ئەندامانی خێزانی خۆیان بردووە.

ژمارەیەکی زۆر لەو دایک و باوکانە ناوێرن بڕۆنەوە ناوچەکانی خۆیان لە ڕەققە و دێرەزۆر، چونکە دەترسن ئەوان بە بەرپرسیاری ئەو کارانە بزانرێن کە کوڕەکانیان کردوویانە و تۆڵە لەوان بکەنەوە. ئەزموونی ئەو خێزانانە ئاماژەیە بەوەی چۆن کارکردنی داعش لە ئاستە هەرە بچووکەکانی کۆمەڵگادا دەتوانێت درز و کەلێنی گەورەتر و درێژخایەنتر لە کۆمەڵگادا دروستبکات.

بەشی زۆری ئەو خێزانانە لە کەمپەکانی ناوەوە و دەرەوەی سووریادا ماونەتەوە و نازانن ئاخۆ کۆمەڵگای شارەکەی خۆیان وەریاندەگرێتەوە یان نا، لەو نێوانەدا داعش چاوەڕێی ئەو نەهامەتییە دەکات کە دەکرێت بەهۆی منداڵەکانەوە بەرۆکی ژیانی داهاتووی ئەو خێزانانە بگرێ.



داعش لە نێوان منداڵان و دایک و باوکەکانیاندا متمانەی نەهێشتبوو



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەغدا نیازی ڕێککەوتنی هەیە؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەستبکەوێ کە ئایا بەغدا نیازی هەیە لەگەڵ کوردستان ڕێکبکەوێت یان نا؟ پێویستە سەرەتا لە نیازی حوکمڕانانی بەغدا گەیشتبین کە عێراقێکی چۆنیان دەوێ. ئایا ئەو عەقڵیەتەی لە پشتەوەی ئیدارەدانی ململانێ و هاوکێشەکانی عێراقە، دەیەوێ دەرفەت بۆ پێکەوەژیانی ڕاستەقینەی پێکهاتەکان خۆش بکرێت و بە هاوبەشی وڵاتەکەیان بەڕێوەبەرن، یاخود خەریکی ئەوەیە عێراق بۆ لایەنێک یەکلابکاتەوە؟

ئەگەر تەماشای ڕابردوو بکەین، دەبینین لە ساتی یەکەمی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە، سیاسەتی نێودەوڵەتی یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی کەمینەیەکی سوننەی عەرەب حوکمی زۆرینەی شیعە و کورد بکەن. دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە، ململانێ و خوێنڕشتن و شەڕ و کاولکاری بوو بۆ نزیکەی هەشتا ساڵ. لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا ئەو توانا ئابووری و مرۆییانەی لە عێراقدا بۆ ئەو ململانێ و کێشە و ناکۆکیانە تەرخانکراون، ئەگەر لە بواری پیشەسازی و زانست و پەروەردەدا خەرج کرابان، ئێستا عێراق وڵاتێک دەبوو لە ئاستی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان.

ئەمە بۆ داهاتووش هەر ڕاستە، ئایا عێراق دەیەوێ وزە و تواناکانی لە چ بوارێکدا سەرف بکات؟ درێژە بە هەمان مێژوو دەداتەوە یان ڕێگەیەک دەگرێتە بەر کە داهاتووی هاووڵاتیەکانی جیاواز بن لە نەوەکانی پێشوو؟

مایەی نیگەرانییە کە ئاماژەکان دڵخۆشکەر نین و وای نیشان نادەن کە داهاتووی عێراق باشتر دەبێت لەو ڕابردووە نەفرەتییەی ملیۆنان کەسی تێدا بوونە قوربانی. تەنیا جیاوازییەک گەر هەبێ، ئەوەیە کە ئەوکات لەسایەی ستەمی کەمینەیەکی عەرەبی سوننەوە کار بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان دەکرا، ئێستا لە سایەی زۆرینەیەکی عەرەبی شیعەوە. واتا لە هەردوو دۆخەکەدا ئەوەی نەگۆڕە، ستەمکارییەکەیە و تەنها بکەرەکان گۆڕاون.

کۆتاییهێنان بە حوکمی سەدام ئاماژە بوو بۆ کۆتایی حوکمی تایفی کە سوننەی عەرەب لەڕێی زەبروزەنگەوە هەشتا ساڵ بوو خۆیان بەسەر عێراقدا سەپاندبوو. بەڵام دوای سەدام نەخشەکێشانەوەی حوکمڕانیی عێراق بە سیستەمی دیموکراسی، بەبێ ئەوەی عەقڵیەتی کۆمەڵگە و تاکی عێراقی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، زەمینەخۆشکردن بوو بۆ حوکمێکی تری تایفی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە خۆی بەسەر عێراقدا دەسەپێنێ.

نیازی حوکمڕانانی پێشووتری عێراق سڕینەوەی ئەویتر بوو کە ڕەوایەتی حوکمی لە ڕێگەی دیکتاتۆرییەتەوە وەرگرتبوو. نیازی حوکمڕانانی ئێستای عێراقیش هەر سڕینەوەی ئەویترە، بەڵام ڕەوایەتیی حوکمی لە ڕێگەی دیموکراسییەوە وەرگرتووە. دیمەنەکانی پانزە ساڵی ڕابردووی حوکمی شیعی لە عێراق ئەوەمان پێدەڵێن کە عێراق بەرەو یەکڕەنگی دەڕوات. پاکتاوکردنی مەسیحییەکان بە چەند قۆناغێک لە بەسرەوە تا نەینەوا، پرۆسەی توانەوەی ئینتیمای نەتەوەیی فەیلییەکان بۆ مەزهەبێکی ئاینی، هەروەها قۆستنەوەی هاتنی داعش و لێکەوتەکانی ئەو هەلەی بۆ شیعە ڕەخساند کە سوننە بخاتە سەر ڕێگای چوون بەرەو توونی مەرگ و ئێستا کۆتایی بە کۆسپی سوننە هاتووە لەبەردەم بەشیعەبوونی عێراقدا. ئەوەی وەک لەمپەر ماوەتەوە، مانەوەی کوردە لە عێراق. گشتپرسیی کوردستان و لێکەوتەکانی ئەگەر کوردی بۆ شیعە نەشخستبێتە سەر هەمان ڕێگا، بەڵام ئەو مەیلەی لای شیعە دروستکرد کە بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات.

ئەگەر تەماشای هەڵوێست و لێدوان و ڕەفتاری بەرپرسانی بەغدا بکەین لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو یاریکردنە بە کات و بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەغدا نایەوێ لەگەڵ کوردستان ڕێبکەوێت. بەڵکوو تەنیا دەیەوێ ئەو قۆناغە تێپەڕێنێ و لەژێر ئەو گوشارە نێودەوڵەتییە دەرباز بێت کە خراوەتە سەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. زیاتر لە سێ مانگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووی لە بەغدایە بۆ کردنەوەی دەرفەتی چارەسەر، بەڵام بەغدا زیرەکانە یاری بەکات دەکات. بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و بۆ وەڵامی ئەو داواکاریانەی لەو بارەیەوە بەرەورووی دەکرێنەوە، دەرگای بۆ گفتوگۆ کردووەتەوە، لیژنەی هونەری جۆراوجۆری پێکهێناوە، بەڵام بەردەوامە لەسەر سیاسەتەکانی لە گوشار خستنە سەر کوردستان بۆ قووڵکردنەوەی کێشە ئابووری و سیاسییەکانی.

بەپێی دەستوور دەبێ بەشە بودجە بداتە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو نەک ئامادە نییە بودجە بنێرێ، چاوی لەوەیە دەست بەسەر ئەو بەشەی تری سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستانیشدا بگرێت، تا قۆناغ بە قۆناغ پلانی بەچۆکداهێنانی کورد جێبەجێ بکات. بەپێی ئەو بەند و بڕگە دەستوورییانەی هەرێمی بە بەغداوە بەستووەتەوە و بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی پێشوەختەش تا سەرژمێری لە عێراق دەکرێت، دەبێت بەغدا ساڵانە 17%ی داهاتی عێراق بۆ کوردستان بنێرێت. ئێستا ئەوەی عەبادی دەیکات زۆر ڕوونە کە تەنها بۆ کاتکوشتن و تێپەڕاندنی قۆناغێکی ڕاگوزەرە. کە لیژنە دەنێرێ بۆ وردبینی وەزارەتەکان و بەحساب مووچە دەنێرێت، ئەرکی بەغدا نییە مووچە بنێرێت بۆ وەزارەتەکان، بەڵکوو ئەرکی بەغدایە بودجە بنێرێ بۆ کوردستان.

ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا و ئەورووپا و تا ئەندازەیەک وڵاتانی ناوچەکەش گوشار دەخەنە سەر بەغدا بۆئەوەی هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و چارەسەری قەیرانی دارایی هەرێم و ئیستیحقاقە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بنێرێت، بەڵام دەبینین بەغدا چۆن خۆی لەو بەرپرسیارێتییانە دەدزێتەوە. جا ئەگەر گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر نەبێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات؟ لانیکەم بۆ ئەوەی ئۆباڵی پێشهاتەکانی داهاتوو نەخرێنە سەر کورد، گرنگە هەرێمی کوردستان ڕێز لەو دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتیانە بگرێت و بەپیری بەغداوە بچێت، بەڵام پێویستە بەرچاویشی ڕوون بێت لەوەی بەغدا ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکان نییە و تەنیا یاری بە کات و یاری بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکات.

دەبێت هەرێمی کوردستان دڵنیابێت لەوەی هیچ لە بەغدا ناچنێتەوە، ئەگەر لە هەلومەرجێکیشدا ئامادەبێ بەشێک لە پابەندییەکانی جێبەجێ بکات، ئەوە تەنیا دۆخێکی کاتیە و دەیەوێ بەو هۆیەوە زیاتر دەست بەسەر ئیرادەی گەلی کوردستاندا بگرێت. پێویستە هەرێم خۆی مشووری تێپەڕاندنی ئەم دۆخە پڕ لە قەیرانە بخوات، بەتایبەت قەیرانی دارایی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی تاک بەتاکی خەڵکی کوردستان هەیە. ئێستاش گومان دەکرێت وەک پێویست داهاتە ناوخۆییەکان ڕێکنەخراون و هەمووی ناچێتە سەر داهاتی گشتی. هێشتا هەر گومان دەکرێت پشک پشکێنەی حیزبی لە داهاتی نەوتی کوردستان هەبێ. دەبێت حکومەت بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە ئەو سەرچاوانەی ئاودەکەنە ئاشی گەندەڵییەوە وشک بکات، ئەگینا ئەم دۆخە بەرگە ناگرێت و دەبێتە مەترسی لەسەر ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان.



کاوە ئەمین

# دار زەیتوونەکانی عەفرین!

وێنەکانی پێش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین، شارێکی داپۆشراو بە زەیتوونمان نیشان دەدات، لە دوورەوە لە دەریایەکی سەوز دەچێت، زەیتوون لە قورئاندا ناوی هاتووە، ڕەنگە هەر لەبەر پیرۆزیەکەی بێت کە خەڵکی عەفرین و دەوروبەری بەو شێوەیە گرنگییان بە چاندنی زەیتوون داوە.

تورکیا لەوبەر سنوورەوە چەند ساڵێکە خەریکی تیژکردنی تەورەکانیەتی، بە پێچەوانەی خەڵکی عەفرینەوە، خەو بە بڕینەوەی دار زەیتوونەکانی کوردەوە دەبینێ. ئاخر خۆ ئەوانیش دەزانن زەیتوونەکانی عەفرین هەمان زەیتوونن کە خوا لە قورئاندا ناوی هێناوە، کەچی ئەوان بڕینەوەی دارەکان و کاولکردنی گوند و شارە کوردییەکان بەناوی "هێرشی چڵە زیتوونەوە" ناودەنێن، ئاخۆ ئەوە سوکایەتی نییە بە ئاینی ئیسلام و خودا، بەڵام ئەوان وایان لە خۆیان گەیاندووە کە خودای کورد جیاوازە.

پێشمەرگە لە باشوور و شەڕڤانان لە ڕۆژئاوا، جەستەی خۆیان کردە دیوارێک تا ڕێگا لە شەمشەمەکوێرەکانی داعش بگرن، هەتاوەکو ئێمەی خەڵکی مەدەنی لە کوردستان و وڵاتانی ئەورووپا بە ئاسوودەیی بخەوین، دەیانگوت کورد لە جیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆر دەکەن، ئافەرینتان دەکەین، لەنێو پەرلەمانەکانی ئەورووپا شیرینییان دەبەخشییەوە، ئێمەی کوردیش شاگەشکە بووین بەوەی کە "لە جیاتی جیهان" شەڕ دەکەین و دەکوژرێین و خاکمان وێران دەکرێت، چەند بیرکردنەوەیەکی ساویلکانە بوو! کاتێکیش داعش لەسەردەستی پێشمەرگە و شەڕڤانان تێکشکا، وەکو ئەوەی جنۆکە دەستی لێ وەشاندبن، دۆستەکانمان تاک و تەرایان نەبێت، خۆیان ون کرد! گورگە بۆرەکانی چواردەورمان لیک بەدەمیاندا دەهاتە خوارەوە و چاوەڕێی ڕەوینەوەی تەمومژ بوون، هێندەی نەبرد هەموویان گەلەکۆمەکەیان لێ کردین، ئاخر ئەوان ئازادی و سەربەخۆیی کورد، یەکسان دەکەن بە مەرگی خۆیان!

جار بەجارێک لە ڕووداوەوە پیرەژنێک دەبینم کە دەڵێت "تەنیا خودا شک دەبەم"، ئاخر ئەو دایکە ڕاست دەکات، کەس نابینێت بە دەوری خۆیەوە! دۆستە قەدیمیەکانمان داوا لە تورکیا دەکەن: تکایە با هێرشەکانی سەر عەفرین، سنووردار بن، واتە کورد بکوژن، بەڵام تاکبڕیان مەکەن!

ئەوکاتەی داعش هەوڵی گرتنی کۆبانێی دەدا، جیهان پشتیوانیی کۆبانێیان دەکرد، ئاخر داگیرکردنی کۆبانێ وەکو کردنەوەی دەرگای دۆزەخ وابوو بۆ جیهان و دەبوو بەجێگای جرت و فرتی تیرۆریستان، بەڵام کاتێک تورکیا دەیەوێت عەفرین بکات بە کۆبانێ، بێدەنگی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، چونکە داگیرکردنی عەفرین بۆ ئەوان لەلایەن تورکیاوە زەڕی بۆ پەزی کەس نییە!

عەفرین بەرخۆدانێکی گەورە دەکات، سەربکەوێت یان نا، دەبێتە شانازییەکی گەورە لە مێژووی گەلی کورددا! تورکەکان ناتوانن تاسەر بە تەورەکانیان دار زیتوونەکان ببڕنەوە! چەندین نەوەی دوای ئەتاتورک، بەو خەیاڵەوە سەریان نایەوە کە بتوانن گۆڕێکی هەمیشەیی بۆ کورد هەڵبکەنن، بەڵام کورد لە شوێنی خۆی مایەوە، هەروەک چۆن دارزەیتوونەکان دەمێننەوە. دۆڵەکانی دەوروبەری عەفرینیش جێگای گەلەگورگیان تێدا نابێتەوە، ڕۆژێک دێت منداڵانی عەفرین بڵێن: ئەمە "گۆڕستانی گورگە بۆرەکانە". دەڵێن، شەهید ئارام هەمیشە لە کاتی تەنگانەدا گوتوویەتی: لە پیاوان دەقەومێت!

ئێستا کە تەوارەکانی عەفرین و پیاو و منداڵ و داروبەردی شارەکە لە یەک سەنگەردان، ناهێڵن دارزەیتوونەکان بەدەستی داگیرکەر موتوربە بکرێت، ئەگەریش بقەومێت لە هەمووان دەقەومێت.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# گرفتێکی نوێ بەڕێوەیە

بەپێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێت، زەحمەتە هەڵبژاردن ڕێگا بۆ سەقامگیریی سیاسی لە عێراق خۆشبکات. لەدوای 2003 وە تا ئێستا، هیچ وەختێ هەڵبژاردن ڕێگەی بۆ سەقامگیریی سیاسی خۆش نەکردووە. هەموو کات، پێکهێنانی حکومەت لە دوای هەڵبژاردن بووەتە گرێکوێرە و ململانێی سیاسی و گرفتی ئەمنی گەیشتوونەتە لووتکە. بۆ ساڵی 2018یش، گۆڕاوێکی بەهێز لە ئارادا نییە هەتا پێشبینی دۆخێکی جیاواز بکەین. بەئەگەری زۆر، هاوشێوەی ساڵانی پێشووی هەڵبژاردن لە عێراقی دوای سەدام، ئەمساڵیش ئاڵۆز و پڕ لە ململانێ دەبێت.

هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی لە عێراق

دەشێ بە دوو دەستەی پاساوەکان، ئەو گریمانەیە بەهێز بکەین کە چۆن هەڵبژاردنی 2018 ناتوانێت سەقامگیری بۆ عێراق دەستەبەر بکات. یەکیان هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ئەویتریشیان دۆخی ئێستایە.

پاش هەڵبژاردنی ساڵی 2005، زیاتر لە چوار مانگی ویست هەتا حکومەت پێکهات. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە نزیکەی 180 هەزار سەربازی ئەمریکی لە عێراق بوون! سوننەکان بایکۆتیان کرد، کورد یەکگرتوو بوون، بەڵام شیعەکانی عێراق ئەوەندە یەکانگیر نەبوون. ڕەوتی سەدر و حیزبی فەزیلە لە ئیئتیلافی عێراقی یەکپارچە کە هاوپەیمانیی شیعەکان بوو، کشانەوە. بەڵام گەورەترین هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی لە عێراق، پێکدادانی چەکداری و خورتبوونی ئەلقاعیدە و گرووپەکانی "مقاوەمە" بوون کە بەهۆیەوە، لە یەکەم ساڵی دوای هەڵبژاردندا، بەشێوەی ڕێژەیی ڕۆژانە 50-60 کەس دەکوژران.

هەڵبژاردنی 2010ی پەرلەمانی عێراقیش ئەنجامێکی جیاوازی نەبوو. نزیکەی 9 مانگ دوای کۆکردنەوەی سندووقەکانی دەنگدان، بەزۆر و زۆرداریی ئێران و ئەمریکا حکومەتێ پێکهات. کێشەی سیاسی- ئەمنی سوننەکان هەر بەردەوام بوو. دوورخستنەوەی سوننە لە ناوەندی حوکم درێژەی کێشا و لەوەش زیاتر، سوپای مەهدی و سوپای عێراق کەوتنە شەڕێکی دەستەویەخە. ساڵی 2011 ئەمریکا کشایەوە و مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، تەنگژەی بەینی بەغدا و هەولێری ئاڵۆز کرد و خەریکبوو مل بۆ پێکدادانی سەربازی بنێت. دواجاریش دەرکەوتنی داعش، دەوڵەتی عێراقی بەرەو شکست برد.

نزیکەی 5 مانگ دوای هەڵبژاردنەکەی 2014 یش، کاتێ کە نووری مالیکی قایل کرا بۆ جاری سێیەم نەبێتەوە بە سەرۆکوەزیر، حکومەت پێکهات. کێشەکانی جاران لە جیاتی چارەسەر، لەسەریەکتر کەڵەکە بوون و جەنگی داعش، ئاوارەیی سوننە و گۆڕانی دیمۆگرافیای عێراق، گشتپرسییەکەی کوردستان و گەڕانەوەی سوپا بۆ ناوچە کوردستانییەکان، وەک گرنگترین فاکتەرەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە پاش هەڵبژاردنی 2014، خۆیان دەرخست کە تا ئێستاش درێژەیان هەیە.

ئێستاش عێراق لە کاتێکدا بەرەو هەڵبژارنی 2018 دەچێت کە:

1- پێچەوانەی ئەوەی حەیدەر عەبادی بانگەشەی بۆ دەکرد، حەشدی شەعبی بە ناوی خوازراو بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات. ئەمەش دوو ئەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە دروشم و سلۆگانەکانی هەڵبژارن زیاتر بە دەوری سەرکەوتنە سەربازییەکان لە دژی داعش و بەرەنگاریی سەربەخۆیی کوردستان چڕدەبنەوە. ئەوەش قەڵشەکانی سیاسەتی ئەتنیکی و مەزهەبی قووڵتر دەکاتەوە. دووەمیشیان ئەوەیە کە ئیدی هاوسەنگیی سیاسەتی ناوخۆیی شیعەکانی عێراق تەنها بە بنەماڵە نەریتییە ئاینییەکانی حەکیم- سەدر و حیزبی دەعوە شکڵ ناگرێت، بەڵکو فاکتەری کۆنە میلیشیا - سیاسەتمەداری نوێ ڕەنگ بە هاوسەنگییە ناوخۆییەکانی شیعە دەدات.

2- پێچەوانەی ئەوەی ئەمریکا و سعودیە هیوایان لەسەر هەڵچنیوە، هێشتا هێزە سەرەکییەکانی شیعە، وەک جاران لە فەلەکی ئێراندا دەسووڕێنەوە.

3- سوننەکانی عێراق مەیلی یەکگرتنی ناوخۆییان زیاتر بووە، بەڵام گرفتی سەرەکییان ئەوەیە کە دەنگدەرەکانیان غایبن! حەوت شاری گرنگی سوننەنشینی عێراق کاول بوون. زیاتر لە سەدان هەزار کەس لە سوننەکان یان ئاوارەی دەرەکین یان پەنابەری ناوخۆیی. بۆیە گرفتی دەنگدانی سوننە بابەتێکی جێی سەرنجە.

4- سەرکەوتنی ڕواڵەتییانە بەسەر داعش، واتای لەناوچوونی ئەو ڕێکخراوە نادات. تازە بەتازە، سوپا ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی بیابانەکانی ئەنباری ڕاگەیاندووە! داعش، هێشتا ماتەوزەی خۆگلێرکردنەوەی تێدایە و دەتوانێت دۆخێکی هاوشێوەی 2006-2007 دروست بکاتەوە.

5- کێشەکانی هەولێر- بەغدا هێشتا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. دۆخێکی ناهاوسەنگ لە ئارادایە و هێزە دەرەکییەکانیش زیاتر لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، هەوڵی ئیدارەکردنیان دەدەن. ئەمە هەروا ناچێ و بە ئەگەری زۆر، لە دوای هەڵبژاردن گۆڕانێک ڕوودەدات.

### ئەنجام

هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لەسەر پێکهێنانی حکومەت قەیران ڕوودەدات. هۆکارگەلێکی زۆریش هەن کە گریمانەی هاتنی خولێکی نوێی ناسەقامگیریی سیاسی لە عێراق بەهێز دەکەن.

کورد پێچەوانەی جارەکانی پێشوو، بە دابەشبوونێکی زیاترەوە دەچنە هەڵبژاردن. ئەمەش لەوانەیە وەک شمشێری دووسەر وابێت. ئەگەر ئەم دابەشبوونە هەتا هەڵبژاردن بێت، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی دەنگە ناڕازییەکانی ناو کورد بۆ لیستە غەیرە کوردییەکان نەچێت و بەوەش دواجار هەر بە دەنگی کورد بشکێنەوە. بەڵام ئەگەر ئەو دابەشبوونە، لە قۆناغەکانی دوای هەڵبژاردن و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتیشدا بەردەوام بێت، ئەوسا کاریگەریی خراپ لەسەر پێگەی کورد لە عێراق دادەنێت.

بێشک، هەڵبژاردنی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لاپەڕەیەکی نوێ سەبارەت بە کێشەکانی بەینی لایەنەکان هەڵبداتەوە. ئەمە عەسای سیحری نابێ، بەڵام وا دەکات، سەبارەت بە قۆناغی دوای هەڵبژاردن، ئاسانتر ڕێکبکەون. ئێستا، حیزب و لایەنەکان حەقی خۆیانە هەر لە ئێستاوە خەمی ئەوە بخۆن کە چۆن دەنگەکانی جەماوەر بۆ خۆیان بماشنەوە و پەنا بۆ گوتارە پۆپۆلیستییەکان بەرن، بەڵام باشتر وایە بەشی دوای هەڵبژاردنیشی تێدا بهێڵنەوە!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# لەدایکبوونەوەی داعش

هەرچەندە نە لە کوردستان و نە لە عێراقیش چیدیکە داعش موچڕکە بە لەشی خەڵکدا ناهێنێت، بەڵام زوو زوو گوێمان لە هۆشدارییەک دەبێت کە دەڵێت داعش لە عێراق کۆتایی نەهاتووە و دەتوانێ بگەڕێتەوە. هەڵبەت ئەگەر ئەمە ئەمریکییەک بیڵێت واتایەکی هەیە، ئەگەر شیعەیەکی عێراقی بیڵێت واتایەکی هەیە و ئەگەر کوردێکیش گوتی واتایەکی دیکەی هەیە. چونکە هەریەکەیان گوێزەکان لە هەنبانەی خۆیانەوە دەژمێرن و مانەوەی هەڕەشەی داعش و گەورەکردنی ئەو هەڕەشەیە بۆ هەریەکێکیان دەستکەوتێکی جیاواز لەویدیکەی هەیە، بەڵام هەر بەڕاست مەترسیی گەڕانەوەی داعش یان لەدایکبوونەوەی داعشێکی نوێ لە عێراق هەیە؟

ئەگەر وەڵامێکی کورتت دەوێ، پێتدەڵێم: نا، بۆ کورتمەودا ئەو مەترسییە نییە، بەڵام بەبێ ڕوونکردنەوە، ئەم وەڵامە لە پێشبینییەکی کورتبینانەی بێ لێکدانەوە دەچێت. چونکە ناکرێ سوننەی عێراق دۆخی خراپتر بووبێ و باشتر نەبووبێ لە سەردەمی سەرهەڵدانی داعش و پێمانوابێ هەرواش زەمینەی دروستبوونەوەی داعش لە عێراقدا نییە. خۆی زەمینەکە هەیە، بەڵام پاڵنەر و کەرەستەی پێویست نین بۆئەوەی لەو زەمینەیەوە جارێکی دیکە داعش لە عێراق دروستببێتەوە.

کاتێک داعش دروستبوو، لەپەنای زەمینەکە، کۆمەڵێک فاکتەری بەهێزیش هەبوون بۆئەوەی داعش سەرکەوێت. داگیرکاریی ئەمریکی و بەدوایدا بەهێزبوون و توندتربوونی سیاسەتی تائیفیی حکومەتەکەی مالیکی و هاوکاریی ماددیی سعودیە و قەتەر و تورکیا و دەوڵەتە سوننییەکانی دیکەی دنیا بۆ گرووپە جیهادییەکان و لەنێویشیاندا داعش، بوونە هۆی ئەوەی تەنیا زەمینە نا، بەڵکو بەزیادەوە کەرەستەش فەراهەم بێت بۆ بەهێزبوونی داعش. ئێستا نەخشەکە بەتەواوەتی گۆڕاوە و زۆر لەو کەرەستە و پاڵنەرانە نەماون.

ئەگەر هەمان پرسیار لەبارەی سووریاوە بکەین، ناتوانم بڵێم لەوێ چانسی لەدایکبوونەوەی داعش هێندەی عێراق لاوازە. مانەوەی ڕژێمی ئەسەد و جێگیربوونی سوپای ڕووسی و ئەمریکی و دەستتێوەردانی ئێرانی و تورکی و بەهێزمانەوەی گرووپە توندئاژۆ سوننەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، کە بەشێکیان بەئاشکرا یارمەتیی دارایی لە دەوڵەتانی جیهان وەردەگرن، هەروەها مانەوەی گرووپی گەورە و خۆرێکخەرەوەی هزر داعشی لە هەندێک ناوچەی سووریا، وادەکات سووریا هەمیشە وەک پاژنەی ئاشیل بمێنێتەوە بۆ گەشەکردنەوەی داعش یان گرووپێکی هاوشێوەی داعش.

ڕەنگە بڵێن خۆ جاری ڕابردووش داعش لە سووریاوە هات مووسڵی گرت و دواییش دەستی بەسەر نیوەی عێراقدا گرت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. جاری ڕابردوو داعش لەنێو عێراقدا دروستبوو، ماوەیەکی درێژیش هەر لەنێو عێراق شەڕی کرد، بەڵام کاتێک پەلی هاویشت بۆ سووریا، بووە خاوەنی تەریتۆریی خۆی و لەوێوە توانیی وا گەورەبێت. ئەمجارە لە عێراق زەمینەی دروستبوونەوەکە نییە، تاوەکو سەرکردە عێراقییەکانی بچنە سووریا و لەوێوە بەهێزەوە بگەڕێنەوە. وەک هەندێک سەرچاوەی ئاگاداریش باسی دەکەن، لە سەرکردە عێراقییە دامەزرێنەرەکانی داعش، کە نزیکەی پەنجا کەسن، تەنیا ئیبراهیم عەواد یان ئەبووبەکر بەغدادیی ڕێبەریان لە ژیاندا ماوە.

ئەگەر دۆخی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق هەر وەکو ئێستا بمێنێتەوە و شیعە هەر بەهێز بمێننەوە، زۆر زۆرەکەی هەندێک لە گەنجانی عەرەبی سوننە لە کەمپەکانی کوردستان و لە ناوچەکانی دیکەوە دەچنە سووریا و لەوێ دەبنە جیهادی. ئەمەش جیاوازە لەوەی کە کۆنە ئەفسەری بەعسی و مامۆستای زانکۆی شارەزای شەرع و عەقائیدی ئیسلامی بچن.

بەکورتییەکەی ئەوەی هەڕەشەیە لەسەر ئایندەی عێراق داعش نییە، بەڵکو پێکهەڵنەکردنی پێکهاتەکانیەتی کە بەپێی دەستوورێک پێکەوە دەژین لەجیاتی ئەوەی دیوارێکی مەحکەم بێت بۆ پاراستنی هەموو عێراقییەکان، ترەکەڵەکێکە و زۆر لایەن حەزدەکەن بەسەر ئەوانیدیکەیدا بڕووخێنن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بڕیارە قورسەکە کێ دەیدات؟

1

ئەوەی لە ناوخۆی کوردستاندا روودەدات، ئەگەر بە دیوێکیدا رەنگدانەوەی واقیعی دابەشبوونی سیاسیی ناوماڵی کورد بێت، بە دیوەکەی دیکەیدا، رەگی لە دابەشبوونێکی ئیقلیمیی مێژووییدایە و، هیچ هەوڵێکیش بۆ یەکلاکردنەوە و دروستبوونی هێزی ئەڵتەرناتیڤ سەری نەگرتووە. هێزە خۆ بە بەدیل زانەکانیش کاتێک کەوتوونەتە سەر پێ، تەسلیمی کەلتووری سیاسیی ناوچەیی خۆیان بوونە و ئەوەش وای کردووە ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوام بێت.

دارمانی ناوەندی بڕیاری سیاسی لە سلێمانی، نەک هەر زەمینەی بەڕێوەبردنی هاوبەشی لەئارادا نەهێشتووە، بگرە رایەڵە لەرزۆکەکانی بەستنەوەی سلێمانی بە هەولێریشەوەی پچڕاندووە. ئەمڕۆ حیزبێکی وەکو پارتی کە حیزبی یەکەمی کوردستانە و بە هاوکاریی بەشێکی بنەماڵەی تاڵەبانی حوکمڕانی دەکات، پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا گەیشتووەتە خاڵی سفر. ئەگەرچی لەسەر ئاستی تاکەکەسی سیاسییەکان (تەنانەت سەران و جێبەجێکارانی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەریش) سەردانی پارتی دەکەن، بەڵام ئیتر کار گەیشتووەتە رادەیەک کە پارتیش نازانێ کێ تەمسیلی کێ دەکات؟ ئەوەیشی کە لەو حاڵەشدا بۆ پارتی ماوەتەوە، ئەوەیە کە پارتی بکرێتە ئامانج و وەک کەرەستەی بەدەستهێنانی ئیمتیازی سیاسی لە سلێمانی بەکاربهێنرێت، جا گرنگ نییە شەڕی عەفرین بێت، یان وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێک لە هەڵەبجە!

مەرامی هێزەکانی سلێمانی لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی (لەکاتێکدا کە هەموویشیان تێیدا بەشدار بوون) دەستی دەستیکردن بوو بە هەڵبژاردن، تا بتوانن رووبەری پەرێزی خۆیان ببینن، چونکە هیچیان ئامادەییان تێدا نەبووە و تا ئێستاش نییانە، بۆیە هیچ گوشار و گوتارێکیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە.

لە راستیدا درێژەپێدانی ئەم واقیعەی ئێستا، غەدرێکی گەورەیە کە لە تاکی کورد دەکرێت. ئەوە بە هەڵبژاردنیش قابیلی چارەسەر نییە و بگرە هێندەی دیکە کێشەکان قووڵ دەکاتەوە، چونکە ململانێی سیاسی گەیشتووەتە ئاستی رەتکردنەوە و یەکتر قەبوڵنەکردن. کاتێک پرسیاری میدیای ئۆپۆزیسیۆن ئەوە بێت کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چ سیفەتێک بەشداری لە کۆڕبەندی داڤۆسدا کردووە! دەبێ حکومەت لای ئەوان چ بەهایەکی هەبێت؟ بۆیە بڕیاری بوێرانە ئەوەیە کە دان بە واقیعی پارچەبوونی کوردستاندا بنرێت و دوو ئیدارەیی لەسەر بنەمای دوو دراوسێی باش (لە چوارچێوەی هەرێمێکدا) پێڕەو بکرێت و، هەر لایە بەو سەرچاوانەی داهات کە لەبەردەستیانە (یان پێیان دەستەبەر دەکرێت) خەڵکی خۆیان بژیەنن و کەسیش موزایەدە بەسەر ئەوی دیکەدا نەکات.

## قوڕەکە بۆ ئەردۆغان گیراوەتەوە

2

پەلاماری تورکیا بۆ سەر عەفرین، یەکەم بەرکەوتنی چەکداریی نێوان تورکیا و یەپەگەیە (کە بەشێکی دانەبڕاوی پەکەکەیە لە کوردستانی رۆژئاوا). لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا لە 2011دا، روانگای تورکیا بۆ ئایندەی سووریا زۆر جیاواز بوو لەوەی کە ئێستا هەیە، بە رادەیەک کە هاوکێشەی کوردستانی باشوور، ئیدارەدانی رۆژئاوا و رێڕەوی وزە و ئینجا لەسەرکارلادانی ئەسەد، هەموویان تێکهەڵکێشی یەکتری کرابوون. تورکیا بە حوکمی کرانەوەی ناوخۆیی و دەرەکی، پێیوابوو هێزی یەکەمە لە ئیدارەدانی ئەو قەیرانە و چارەسەریش لە ئیستانبوڵ و ئانکارایە، بەڵام ئەوە سەرینەگرت، ئیتر مەرکەزی بڕیار لەبارەی داهاتووی سووریا، یەکەمجار بۆ ژنێڤ و دواتریش بۆ ئاستانە و سۆچی گوازرایەوە و رۆڵی تورکیا پاسیڤ کرا.

سیاسەتی ئێران و پەکەکە ئەوە بوو کە هەرچۆنێک بێت، تورکیا پەلکێشی ناو شەڕی سووریا بکرێت و، بکرێتە تەرەفێکی ئەو شەڕە. هەموو مانۆڕە سیاسییەکانی ئەحمەد داودئۆغلۆ (وەزیری دەرەوە و سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا) ئەوە بوو کە ئینسیاتیڤ لەدەست تورکیا دەرنەچێت، بەڵام کە ئەوە روویدا، ئیتر رۆڵی ئەویش کۆتایی هات و، تورکیا پەنای بۆ رێکاری نوێ برد، ئەوەش وەکو کاردانەوەیەک بۆ شکستە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی.

ئێستا تورکیا عەفرین بگرێت یان نەگرێت، نەک لە درێژماوەدا هیچ سوودێکی بۆ تورکیا نابێت، بگرە تورکیا و حزبی حاکم دەکەونە زەلکاوێکەوە کە دەربازبوون لێی ئەستەمە. بەتایبەتیش کە ئەردۆغان سۆز و هاوپەیمانێتیی گەورەترین دۆستی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (واتا بارزانی) لەدەستداوە و ئەمریکا و رۆژئاواش لێی لە بەهانەن. داگیرکردنی عەفرین بۆ تورکیا وەکو داگیرکردنی قوبرس ناچێتە سەر و تورکیا ناتوانێ ببێتە بەشێک لە هاوپەیمانێتیی ناوچەیی لەگەڵ رووسیا و ئێران. چونکە ئێران لە گیانەڵادایە و ئەردۆغان کە دەکرا وڵاتەکەی ببێتە داینەمۆی گەورەترین گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چووە ناو گێژاوێک کە رەنگبێ بەردەوامبوونی لەسەر ئەو سیاسەتە وا بکات لە 2019دا، کۆتایی بە ژیانی سیاسی و حوکمڕانیی بێت.

## تورکیا لەدەرگەی بارزانی دەداتەوە

3

هاوکاری و هاوپەیمانیی تورکیا لەگەڵ گرووپە توندڕۆ جیهادییەکانی سووریا درێژخایەن نابێت و بۆشی ناچێتە سەر. چونکە بە کردارە درندانەکانیان بەرامبەر خەڵکی سیڤیل و چەکدار، بوونەتە مایەی شەرمەزاری بۆ تورکیا، بەتایبەتیش کە هێشتا تۆمەتی پاڵپشتیکردنی تورکیا لە داعش لە مەحافیلی نێودەوڵەتی وەکو خۆیەتی. جیا لەوەش سۆزی کوردی باکوور بۆ ئەردۆغان (جگە لە سەرۆک جاشە کوردەکان) لەوپەڕی لاوازیدایە. بۆیە تورکیا جارێکی دیکە بەرەو قووڵایی ستراتیژیی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و، یەکێک لە ئاماژە گرنگەکانیش ئەوە بوو کە سەرباری هەموو گوشارەکان، لە دوای ریفراندۆم تورکیا مامەڵەیەکی دوژمنکارانەی بەرامبەر هەولێر نەگرتە بەر و هەموو دەرگاکانی دانەخست. نە تورکیا، نەئێران و نە ئەمریکا ناتوانن فاکتەری بارزانی لە هاوکێشە ئیقلیمییەکان نادیدە بگرن، چونکە هێشتا بڕیاری کۆتایی هەر لای ئەوە و، دەرگا بەسەر هەندێک دیزاینی نوێی ناوچەییدا بە کراوەیی ماوەتەوە کە هەم کورد تێیدا سوودمەند بێت و هەمیش تورکیا.

---



جین شارپ

# ناتوندوتیژی: تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات

## ئایا دەتوانین توندوتیژی بەچۆکدا بێنین؟

**بەشی دووەم**

بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان بەپاساوی جۆراوجۆر، پێکداهەڵپژاون و شەڕ کراوە و توندوتیژی لە شێوە جیاجیاکانیدا ئەنجام دراوە. هەڵبەت لە دۆخی کێشە قەیراناوییەکاندا، توندوتیژی نەخشی ئامرازێکی بینیوە بۆ پارێزگاری و پێشڤەبردنی ئەو ئامانجانەی، هەر کەس لەلای خۆیەوە بە باش و بەهاداری زانیوە. وا لێکدراوەتەوە کە بەکارهێنانی توندوتیژی تاکە بەدیل بێت بۆ چۆکدادان بە ئیرادەی شەڕەنگێزی لایەنی بەرامبەر.

لە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکاندا شەڕ و توندوتیژی وەک توندترین شێوەی تەمێکردن، وەک دوایەمین و جددیترین شێوەی سزادان، لەقەڵەم دراوە. لەو کاتانەدا کە هەموو رێگاکانی تر بێ ئەنجام بوون یان بەبێ برشت هاتوونە بەرچاو، لەو کاتانەدا شەڕ و توندوتیژی بە کاریگەرترین — و هەروەها زەبردارترین — رێگەی گوشار، سزادان و هێزنواندن دانراوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەو باوەڕە دەخرێتە مێشکی خەڵکەوە کە توندتیژی تاکە رێگەی پارێزگاری و پێشڤەبردنی هەموو ئەو شتانەیە کە باش و بایەخدارن. ئەگەر لەم رۆڵ و نەخشە پێدراوەی توندوتیژی تێنەگەین، رێی تێناچێ بتوانین لەپێوەندی لەگەڵ ناکۆکی و کێشە جددییەکاندا، وابەستەیی بە شەڕ و شێوەکانی دیکەی توندوتیژی کەم بکەینەوە.

کاتێک بابەتە بنچینەییەکان دەکەونە مەترسییەوە، ئیتر ساویلکەییە پێمان وابێ بتوانین تەنیا بەهۆی دانوستاندن و دیالۆگەوە رێگەچارە بۆ قەیرانەکان بدۆزینەوە. لە دۆخێکی وادا زۆر زەحمەتە لایەنە نەیارەکان بەبێ پێکداهەڵپژان و بەربەرەکانێ واز لە ئامانجەکانیان بهێنن. بردنەوەی هەردوولا، واتە ئەوەی کە پێی دەڵێن دۆخی "براوە-براوە" شتێک نییە لە هەلومەرجی ئاوادا دەستەبەر بکرێت. لەوەش گەڕێین کە دیکتاتۆرەکان و تاوانکارانی کۆمەڵکوژی، هەر لە بێخ و بنەوە شیاوی هیچ جۆرە بردنەوە و سەرکەوتنێک نین.

ئێمە گەلێک بەڵگەی مێژوویی دەیان ساڵی رابردوومان لەبەردەستە کە دەیسەلمێنن تەنیا ئیدانە و شەرمەزارکردنی شەڕ و خوێنڕشتن ئەو شەڕ و شۆڕ و خوێنڕێژیانەی پێ ڕانەوەستێنراوە کە بە هۆی کێشە و ناکۆکییەکانەوە روویانداوە. ئەگەر لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانەکاندا چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کە زۆرینەی خەڵک ئامادەی بەرپەرچدانەوەی جەنگ و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی بن و ڕەتی بکەنەوە، ئەوە چاوەڕوانییەکی ناواقعبینانە دەبێ، چونکە خەڵکی بەهۆی بیروباوەڕی خۆیانەوە بێ یان بەهۆی ئەو شتەوە کە لە مێشکیان ڕۆکراوە، خۆلادان لە توندوتیژییان بێ پێچەوانەی بنەما ئەخلاقی یاخود پرێنسیپە ئاینییەکانە. هەر بۆ وێنە، دەروونناسی ئەمریکایی، جێرۆم دی فرانک، لە ساڵەکانی 1960دا سەلماندی کە بەلای زۆرینەی زۆری مرۆڤەکانەوە، ئاشتی ئەو بەهایە نییە بەرزترین پێگەی پێ بەخشرابێت.

خەڵکان، جڤاکەکان و حوکمڕانیی دەوڵەتەکانیش حازر نین دەستبەرداری توندوتیژی ببن، کاتێک کە هەست بکەن ئەو دەستبەرداربوونەی ئەوان مانای بێدەسەڵاتی و دەستەوستانییان دەگەیەنێت، ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ کێشەیەکدا کە هەڕەشەی بۆ سەر بیروباوەڕ و سروشتی بنچینەیی کۆمەڵگەکەیان دروست کردبێ، جا گریمان ئەو هەڕەشەیە وەهمێک زیاتر نەبێ.

ئەگەر بمانەوێ جەنگ و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی نەبنە دوایین شێوازی بەردەست بۆ بەرگریکردن یان پێشڤەبردنی پرێنسیپەکان، ئاواتە بەرزەکان، بەرژەوەندیی کۆمەڵگە یان مان و مەوجوودیەتی خۆمان، ئەوا دەبێ شێوازی بەبرشتی دیکە بۆ خەبات و تێکۆشان لەئارادا بێت. دەبێ شێوازی قەرەبووکەرەوەی ئەوتۆ لە ئارادا بن کە بۆ تێپەڕاندنی کێشەکان، هەر هیچ نەبێ هێندەی بەدیلی توندوتیژانە، یان بگرە لەویش زیاتر، برستی دەستەبەرکردنی مەبەست و وەدیهێنانی سەرکەوتووانەی ئامانجەکانیان تێدابێت.

ئەو شێوازە بەدیلانەی توندوتیژی پێویستە بەڕادەیەکی ئەوەندە بەبرشت بن، لە حاڵەتی ئەو کێشە دژوارانەشدا کە توندوتیژی بە تاکەڕێگەی یەکلاکردنەوە دەزانرێ، وەڵامدەر بن. ئەو شێوازە بەدیلانە دەبێ وەڵامدەری کێشەی دژواری خەبات دژی دیکتاتۆرەکان، هێرشکاری و داگیرکاریی دەرەکی، زوڵم و زۆری ناوخۆیی، چەوسانەوە و هەوڵی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و کوشتاریش بن.

خاڵێکی یەکجار گرینگ کە وامان لێ دەکا بڕوا بە ڕێتێچوویی ئەم بەدیلە بەبرشتە بکەین، ئەو ڕاستییەیە کە تەنانەت سەرەڕۆترین دیکتاتۆرەکانیش هێزی خۆیان لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵدەهێنجن. ئەگەر هاوکاری و هاوپشتیی خەڵک و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیان لێ ببڕیت، ئەوانیش برستیان لێ دەبڕێت. ئەم هاوکاری و هاوپشتییە دەشێ هەروا درێژەی پێ بدرێ یان کۆتایی پێ بهێنرێ.

ئەو بەدیلەی دەتوانێ جێی توندوتیژی بگرێتەوە، بەدیلێکی ڕاستەقینەیە. بەزۆری ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکرێ کە هەرگیز جەنگ و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی، تاکە ڕێگەچارەی بەلاداخستنی کێشە گەورەکان نەبوونە. لە زۆربەی کێشە و ململانێکاندا، لە شوێنە جیاجیاکان و دەورانە جیاجیاکانی جیهاندا، شێواز و تەکنیکی دیکەی تێکۆشان و خەبات ڕەچاوکراون. شێوازی بەدیلی تێکۆشان لەسەر ئەو بنەمایە دانەنراوە کە دوژمن لاڕووومەتێکی سوور کردبێتەوە، تۆ ڕوومەتی بۆ وەربگێڕیت تا ئەولای تریشت بۆ سوور بکاتەوە. شێوازی بەدیلی تێکۆشان لەسەر بنەمای ئیرادەی کۆڵنەدەرانە و خۆڕاگری بەرامبەر نەیارێکی بەهێز و برشت، ئەویش بەشێوەیەکی بگرە بەهێزتر و بەبرشتتر، دانراوە.

نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە زۆربەی شەڕ و بەرەنگارییەکاندا، توندوتیژی تەنیا تاکە پشکێکی ڕووبەڕووبوونەوەکانی پێ بڕاوە. شەڕ لە گۆڕەپانەکانی دیکەشدا، بەشێوەی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، یان بە شێوازە سیاسییەکان، یاخود بە تێکەڵکێشێکی هەموو ئەوانە، ئەنجام دراوە. وەنەبێ ئەم شێوازانەش تەنیا لە دۆخی ناکۆکییەکی بەرتەسک و کەم و زۆر شارستانیانەدا ڕەچاوکرابن، بەڵکو زۆربەی جاران ئەم شێوازە بەدیلانەی تێکۆشان لە کاتێکدا پەیڕەو کراون کە باس باسی کێشەیەکی بنچینەیی بووە و لایەنی ڕووبەڕووش دوژمنێکی دڕندە و قەستەسەر بووە. دوژمنێک کە بۆ سەرکوتی بێڕەحمانەی نەیارانی هانای بردووەتە بەر شێوازی وەک لەسێدارەدان، لێدان، دەستبەسەرکردن و لەبەندیخانە توندکردن و بگرە کۆمەڵکوژکردنیش. کەچی سەرباری ئەو جۆرە سەرکوتکردنانەش، کاتێک خەباتکاران تەنیا چەکی ناتوندوتیژییان بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوە بەکارهێناوە، گەلێک جار ئەوان بەسەر دوژمندا سەرکەوتوون. خەباتی ناتوندوتیژانە- شانبەشانی توندوتیژی- شێوازی بەدیلی بەکارهێنانی بەبرشتی هێزە. لە هەلومەرجی قەیرانە قووڵەکاندا، ناتوندوتیژی ئەو هێزە شاراوەی تێدایە کە بتوانێ بەدیلێکی ڕاستەقینە بۆ جەنگ و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی پێشکەش بکات.

خەباتی ناتوندوتیژانە لە گەلێک پانتایی کولتووریی جیاوازدا، لە سەردەمانی مێژوویی جیاجیا و هەلومەرجی سیاسیی جیاجیادا، پڕۆڤە کراوە. خەباتی ناتوندوتیژانە هەم بەشێکە لە مێژووی سیاسیی "ڕۆژئاوا"، هەم بەشێک لە مێژووی سیاسیی "ڕۆژهەڵات". خەباتی ناتوندوتیژانە نە بۆ وڵاتانی پیشەسازی نامۆیە، نە بۆ وڵاتانی ناپیشەسازی. هەم لە بن دەسەڵاتی دیمۆکراسیيە دەستوورییەکاندا پڕۆڤە کراوە، هەم لە دژی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، هەم لە دژی ئیمپراتۆرییەکان، هەم لە دژی داگیرکاریی دەرەکی. خەباتی ناتوندیژانە جاری وا بووە ڕاست بۆ بەرگرتن لە گۆڕانکاری و جاری واش هەبووە بۆ پێشڤەبردنی گۆڕانکاری، پڕۆڤە کراوە. جاری وا بووە شێوازی ناتوندوتیژانە و ئاستێکی سنووردار لە توندوتیژی، تێکەڵکێشی یەک کراون.

ئەوەی نموونە مێژووییە زۆروزەبەندەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە هەر لە یۆنانی کەونارەوە تا ساتەوەختی ئەمڕۆمان دەیسەلمێنێ، ئەو ڕاستییەیە کە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی خەباتی ناتوندوتیژانە، بەرلەوەی بە ڕێژەی هێزی لایەنی بەرامبەرەوە گرێدرابێت، بە بوونی ستراتیژێکی ڕوونەوە بۆ ئەو خەباتە گرێدراوە. دارشتنی ستراتیژێکی کاراش بەندە بە تێگەیشتنێکی باش و مووقڵێش لە چۆنیەتیی کار و کاریگەریدانانی تەکنیکی ناتوندوتیژی. لە بەشی داهاتوودا ئەم باسە دەکەینەوە.

وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریمی

---



مەجید نیزامەدین گلی*

دیپلۆماسی

بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# هەڵەیەکی مەترسیداری کورد بەرامبەر ئەمریکا

زۆربەمان ئاگادارین کە چۆن لە شەوی 20ی ئۆکتۆبەری 2017 دا لە پردێ هێزەکانی پێشمەرگە بەرگرییان کرد و نەیانهێشت حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان زیاتر بێنە پێشەوە. بەڵام لەو شەڕە 10 کاژێرییەدا لانیکەم دوو جار بەغدا داوای لە ئەمریکا کردبوو کە رێگەیان بدەن ئێف 16 بەکاربێنن. وەڵامی ئەمریکا بۆ بەغدا ئەوە بوو کە ئەگەر ئێف 16 بەکاربێنن "ئێمە رێکاری تەکنیکی دەگرینە بەر". بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی کە زانیاریەکەی دایە ئێمە، مەبەست لە "رێکاری تەکنیکی" ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێت فرۆکەکانی ئێف 16 جام بکات و پەکیان بخات.

ئەمە سەرچاوەی گلەیی بەرپرسانی عێراقییە لە واشنتن کە دەڵێن بەغدا "ئازادیی تەواوی نییە" لە بەکارهێنانی فرۆکەکانی ئێف 16.

بیهێنە پێش چاوت کە ئەگەر ئێف 16 بەکاربهێنرایە و پێشمەرگە بشکایە لە پردێ. لەوانەیە ئێستا هەرێمی کوردستان تەنیا بەناو بمایە. بیهێنە پێش چاوت ئەگەر لەسەرەتای مانگی ئابی 2014 دا فرۆکەکانی ئەمریکا نەبوونایە، داعش چەند دەهاتە پێشەوە. ئەگەر لە ساڵی 1991 فرۆکەکانی ئەمریکا نەبوونایە کێ پرۆژە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ناوچەی دژەفڕینی دەکردە راستی کە بە پراکتیکی بووە هۆی دامەزراندنی کیانێک بۆ کورد.

بێ پێشمەرگە لە مەیدان و ئەمریکا لە ئاسمانەوە، شتێک نەدەبوو بەناوی هەرێمی کوردستان، لانیکەم هەرێمی کوردستانێک کە بڕیاری لەدەست خۆی بێت.

تورکیا دەرگایە بۆ بازاڕی جیهانی و دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات و ئێران دەتوانێت گوێی بەغدا و هەندێک لایەنی کوردیشت بۆ رابکێشێت، بەڵام ئەمریکا دەتوانێت و تاکو ئێستا دەیەوێت رێگا لەوە بگرێت کە لەناوبچیت و کۆتاییت پێبێت.

لە 1991ەوە تاوەکو ئێستا، بە هۆکاری جیاواز لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بووە کە هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی بڕیار لەدەست لەناونەچێت. یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەمریکا بۆ بەهاناوەچوونی کورد لە 1991 و 2014 و 2017 ئەوە بووە کە بڕیاربەدەستانی ئەمریکا پێیانوابووە کورد شتێک ناکات لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و زۆر جار وشەی هاوپەیمانیان بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی. بەتایبەتی دوای شەڕی داعش کەم کەس هەیە لە واشنتن لەو باوەڕەدا نەبێت کە کورد لە عێراق هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراوی ئەمریکایە.

کەواتە با ئەمە لەخۆمان تێکنەدەین. راستە هەڵوێستی ئەمریکا لە کەرکووک و ئێستا لە عەفرین لە بەرژەوەندیی کورد نییە، بەڵام چۆن دۆناڵد ترەمپ هەفتەی رابردوو بە تەلەفۆن دەربارەی منبج بە ئەردۆغانی گوتبوو "تەنانەت نابێت بیریشی لێبکەیتەوە"، ئاواش بڕیاربەدەستانی واشنتن لە کاتی پێویست دەربارەی هەولێر لەگەڵ عەبادی و پێشتریش مالیکی قسەیان کردووە.

ئایا ئەمریکا دەتوانێت زیاتر یارمەتی کورد و کەرکووک و عەفرین بدات؟ بەڵێ. بەڵام کە نایکات مانای ئەوە نییە کە تەواو، دەبێت کورد "ستراتیژیای پەیوەندییەکانی بگۆڕێت". کورد لە عێراق هەر ئەو بژارەیەی لە پێش نییە و دەبێت زۆر وریا بێت لەوەی ئەو ناوبانگەی لە واشنتن هەیەتی، نەیشێوێنێ ئینجا بە مەبەست بێت یان نا.

ئێستا لە هەولێر هەوڵێکی جدی هەیە بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران. ئەمە پێشهاتێکی باشە. تاران باشترین و خێراترین رێگایە بۆ کەمکردنەوەی سزاکانی بەغدا لەسەر هەولێر، بەڵام مەرج نییە بەدەستهێنانی پشتگیریی تاران، پێویستی بە ساردکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر بێت لەگەڵ واشنتن.

کێ پێتانی گوتبوو خۆتان بکەنە دوژمنی ئێران؟ پێش گشتپرسی و لە ساڵی 2011 وە پەیوەندییەکان لەگەڵ تاران ئەوەندە ساردبوونەوە تا گەیشتە ئەوەی ئێران وەکو هەڕەشەیەک تەماشای هەولێر بکات. ئەمە زیاتر لەو بۆچوونە هەڵەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە هەموو بڕیارەکانی بەغدا لە دژی هەولێر لە تارانەوە دێت و ئێستاش ئەم جۆرە موبالەغەیە بوونی هەیە. بۆ باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا پێویستی نەدەکرد هەولێر بەوشێوەیە تاران فەرامۆش بکات. تا ئێستا من لە هیچ بەرپرسێک یان دیپلۆماتکارێکی ئەمریکیم نەبیستووە بڵێت ئێمە دەمانەوێت کورد دژایەتی ئێران بکات.

ئەمریکا داوای لە کورد کرد شەڕی داعش بکات و لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستانیان لە هەڕەشەی داعش پاراست و ئێستا دوای داعشیش بەتەمان تاکو ساڵێکی دیکەش یارمەتی 16 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە بدەن. ئەمریکا تاکە وڵاتیشە بە ئاشکرا و لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا بە بەغدا دەڵێت، ئەوان "هەرێمێکی کوردستانی بەهێز و یەکگرتوو" یان دەوێت.

ئێستا نابێت و پێویست ناکات لە پێناوی نزیکبوونەوە لە ئێران، هەرێمی کوردستان وا دەربکەوێت کە ئیتر هاوپەیمانە باوەڕپێکراوەکەی ئەمریکا نییە. تەنانەت ئەگەر ئێران داوای ئەوەش بکات، نابێت ئەوە قەبوڵ بکرێت. یاخود ناکرێت بڕیاربەدەستانی کورد بکەونە دوای ئەو تیۆری پیلانگێڕییە کە ئەمریکا پلانێکی نهێنی هەیە و پشتگیری لە ئێران دەکات، یان دیپلۆماتکارێکی وەکو برێت مەکگۆرک لەبەرەی ئێرانە. ئەمریکا لەگەڵ ئێران چی دەکات، ئەوە کێشەی هەولێر نییە و دیپلۆماتکارەکانی چی دەکەن کێشەی خۆیانە و برێت مەکگۆرک زۆری نەماوە لە پۆستەکەی لاببرێت و دەنێردرێتە جێگایەکی دیکە، ئەوەی دەکرێت بمێنێتەوە ئەو ناوبانگە باشەی کوردە لە واشنتن.

گرنگ نییە تۆ نیەتت ئەوەیە کە "باڵانس لە نێوان ئێران و ئەمریکا بپارێزیت"، گرنگە ئەوەیە کە چۆن بڕیار بەدەستانی واشنتن دەتبینن. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی سەردانی واشنتن بکەن و لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا گلەیی خۆیان بکەن و پاشان ئەوە بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا دووپات بکەنەوە کە سەرەڕای ناکۆکییەکان، کورد هەر هاوپەیمانی ئەمریکایە و هەرواش دەمێنێتەوە، سەرەڕای پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێران.

*بەرپرسی نووسینگەی رووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## سۆما کلیپ ڕەتدەکاتەوە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

# منداڵانی عێراق




